# دایکە ئازا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بێرتۆڵت برێشت

# دایکە ئازا

## ڕووداونامەیەکی جەنگی سی ساڵە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

کەریم پەڕەنگ



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: دایکە ئازا – ڕووداونامەیەکی جەنگی سی ساڵە
نووسینی: بێرتۆڵت برێشت
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٩٥
هەڵەگری: بۆکان نووری + فەرهاد ئەکبری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٣٠ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# دایکە ئازا و منداڵەکانی و جەنگێکی خوێناوی

دانا ڕەووف

منداڵ، نەخۆش و پیر و پەککەوتەکان، دوای کاولبوونی شار و خانووبەرەکانیان خۆیان دەخزاندە حەشارگە و ژێرزەمینەکانەوە، هیچ کەسێک نەیدەزانی ئەوەی کە دەچووە دەرەوە جاریکی تر دەگەڕێتەوە. ئەوەی دەچووە دەرەوەش نەیدەزانی کە هەتا دەگەڕێتەوە حەشارگە و ژێرزەمینەکان، داخوا خێزان و هاوڕێکانی لە ژیاندا دەمێنن یان نا. جەنگ هەموو شوێنێکی گرتووەتەوە و لە هەموو شوێنێکە.

برێشت شانۆنامەی "دایکە ئازا و منداڵەکانی" لە تاراوگە و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا دەنووسێت[1]، پیەسەکەش باسی جەنگ دەکات، بەڵام جەنگە سی ساڵییە خوێناوییە درێژخایەنەکەی ئەوروپا. هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا لە نێوان ساڵەکانی ١٦١٨–١٦٤٨دا دەکەونە ناو ئاگری جەنگێکی خوێناویدا[2].

ئەو جەنگە ئەورووپییە بەناوی ئاینەوە هەڵدەگیرسێ لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکاندا، وڵاتی سوێدیش لەو جەنگەدا ڕۆڵێکی

(١) برێشت لە وڵاتی سوێد و لە ٢٧ ی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٣٩ دا دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی "دایکە ئازا و منداڵەکانی"، لە ٣ ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا، دەستنووسی یەکەمی تەواو دەکات.

(٢) بۆ یەکەم جار شانۆنامەی "دایکە ئازا و منداڵەکانی" لە ١٩ ی ئەپریلی ١٩٤١ لە سویسرا نمایش کراوە.



گرینگی گێڕاوە. پاشای سوێد "گۆستاف ئەدۆڵفی دووەم" بە هاریکاریی فەڕەنسا، سەرکردایەتیی لەشکری پرۆتستانتەکانی دژی کاسۆلیکەکان کردووە. ئاین فاکتەرێکی گرینگی جەنگەکە بووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو جەنگە جەنگی پارە، زەوی و دەسەڵات بووە. هاریکاریی فەڕەنسا، وەک دەسەڵاتێکی گەورە، لەگەڵ سوێد، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو جەنگە جەنگی دەسەڵات و زەوی و پارە بووە، نەک جەنگی مەزهەب و بیروباوەڕی ئاینی، وەک بانگەشەی بۆ دەکرا؛ چونکە سوێدییەکان پرۆتستانت و فەڕەنسییەکان کاتۆلیک بوون. ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا، واتە لە ساڵی ١٦١٨ دا بریتی بووە لە سی و یەک هەرێمی بچووک، ئەو سی و یەک هەرێمەش نیوەی پرۆتستانت و نیوەکەی تریشی کاتۆلیک بووە، واتە بەشێکی ئەڵمانیا دژی بەشەکەی تری جەنگیوە. لەبەرئەوە ئەو جەنگە بۆ ئەڵمانیا لە هەموو بەشەکانی تری ئەورووپا زیاتر کارەساتێکی گەورە و خوێناوی بووە.

دایکە ئازا، بە عەرەبانەیەکی دەستییەوە بەنێو هەموو سنوورەکانی ئەورووپایەکی پارچە پارچەکراوی خوێناویدا دەگەڕێت، گوێی لە دەنگی تەقەی بەرەکانی جەنگە و بەر لە ڕەوینەوەی دووکەڵ و تەپوتۆزی تەقینەوەی تۆپەکانیش، ئاڵای سەر عەرەبانەکەی دەگۆڕێت و پیرۆزبایی و پشتگیریی خۆی بۆ لایەنی براوە دەردەبڕێت.

دایکە ئازا لەم هاوکێشەیەدا دەبێتە هێماگەلی بەرەی جەنگ لە نێوان دوو کولتووری جیاوازدا: کۆمەڵگەیەکی ژیاری و مەدەنی لەلایەک و بەسەربازیبوون و کۆمەڵگەیەکی پڕ لە چەک و تەقەمەنیش لەلایەکی ترەوە.

دایکە ئازا خۆشی زۆر بە وریایی و هۆشیارییەکی گەورەوە

بەشداریی هەردوو کۆمەڵگەکە دەکات.

شانۆنامەی (دایکە ئازا و منداڵەکانی) یەکێکە لە شانۆنامە گرینگەکانی برێشت، لەم شانۆنامەیەدا برێشت بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕەگەز و بنەما گەوهەرییەکانی شانۆی داستانی بەرەو پێشەوە دەبات[٣].

بیرۆکەی شانۆی "داستانی" وەک دیدێکی هونەری و ئایدۆلۆجیایەکی شانۆیی، لە دایکە ئازا و منداڵەکانیدا، بنەمایەکی هونەری و دارِشتەیەکی تیۆری لەخۆ دەگرێت. برێشت دواجار لە پیەسەکانی تریدا بیرۆکە و دیدی شانۆی داستانی دەگەیەنێتە ترۆپک، بەتایبەتیش لە شانۆنامەکانی "پۆنتێللا و ماتی" و "بنەما و دەرەکی" دا، ئەو پرۆسێسە هونەرییە فەلسەفییە، شێوازە پراکتیکی و تەواوەتییەکانی لەخۆ دەگرێت.

دایکە ئازا بە جەنگ دەژی، هەر بەو جەنگەش پارە و بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی پەیدا دەکات، هەر بەو شێوەیە ئەم کارەکتەرە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، دەبێتە بەشێکی گرینگ لە چەک و تەقەمەنی و ئاگری بەردەوامی جەنگەکە. بەڵام لە هەمان کاتدا، عەرەبانەکەشی بەنێو دەشت و دۆڵە سووتاوەکانی ئەوروپا و بەرەکانی جەنگدا دەخولێتەوە، ئەمەش دەبێتە سمبولی ژیانە مەدەنییەکەی دەرەوەی بەرەکانی جەنگ.

جەنگ بازرگانیکردنە بە خوێنی مرۆڤ و سەرمایەی وڵاتەوە، جەنگ ئامرازێکی بۆگەن و قێزەونی چارەسەرکردن، یان چارەسەرنەکردنی

(٣) شانۆنامەی "دایکە ئازا و منداڵەکانی" یەکەم نمایشی شانۆی بەرلینی ئێنسامبلە، دوای تەواوبوونی جەنگ و گەڕانەوەی برێشت بۆ ئەڵمانیا.



گیروگرفت و کێشەکانە، بێگومان بازرگانەکانی جەنگ هەمیشە هەوڵی بەردەوامبوونی جەنگ دەدەن لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا.

شانۆنامەی "دایکە ئازا و منداڵەکانی" باسی ئەوە دەکات کە چۆن جەنگ و سەرمایەداری دەست لە ناو دەستدا هاوکارن. کارەکتەری "دایکە ئازا" لەم دەقەدا، دەبێتە نموونەیەکی ئەو جەنگە خوێناوییە و بە جیرەجیرِی عەرەبانەکەی دەستییەوە، بەنێو سەنگەرەکانی جەنگدا تێ دەپەڕێت و کەلوپەل، خواردەمەنی، شەراب و جگەرە بە سەرباز و ئەفسەرەکانی هەردوو بەرەی جەنگ دەفرۆشێت. دایکە ئازا ئاواتەخوازە جەنگەکە هەتا دەکرێت درێژە بکێشێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گەرەکییەتی ئاگرەکە لە "مناڵەکانی" خۆی بەدوور بێت. بەبڕوای دایکە ئازا، دوو کوڕەکەی ئەو بە کەڵکی سەربازی نایەن «پێویست ناکات منداڵەکانی بەشێک بن لەو جەنگە، منداڵی خەڵکی تر زۆرن!» بەڵام ئاگری جەنگ زۆر لە ئاواتەکانی دایکە ئازا توندوتیژ و دڵڕەقترە. هەر سێ کۆرپەکەی ئەویش، دوو کوڕەکەی و تەنانەت "کاترین" ی کچە کەڕولاڵەکەشی دەبنە سووتەمەنیی ئەو جەنگە، بەڵام دایکە ئازا کۆڵ نادات و بە عەرەبانەکەیەوە هەر دەخولێتەوە و دەخولێتەوە. کۆتایی نەمایشەکەش ئەو خولانەوە بێ مانایەی دایکە ئازا دووپات دەکاتەوە. لە کاتێکدا بە تەنیایی عەرەبانە شڕە بەتاڵەکەی ڕادەکێشێت، دەنگی تەقینەوەی "تۆپەکان" یش لە ئاسۆ نادیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەوروپادا، وەک ئاماژەیەکی بەردەوامی جەنگ دەزرنگێتەوە.

ستروکتوری کەسایەتیی دایکە ئازا، کارەکتەرێکی زۆر ئاڵۆز و دوو فاقە، لەلایەکەوە ئافرەتێکی شەڕخوازە، گەرەکییەتی شەڕەکە هەر بەردەوام بێت، لە پێناوی بازرگانی و بەردەوامی ژیانی خۆیدا،

لەلایەکی تریشەوە دایکێکی ئاسایی و پڕ لە هەست و سۆزە، دایکێکە بە مانای وشەی دایکایەتی و گەرەکییەتی منداڵەکانی بپارێزێت و لە بەرەکانی جەنگیش دووریان بخاتەوە. عەرەبانەکەشی سمبولێکی ئەو ژیانە پڕ لە دژایەتییەی خۆیەتی. سەرلەنوێ عەرەبانەکە لێرەدا دەبێتە دوو سمبولی جیاواز: یەکەم، وەک بنەمایەکی بازرگانی، عەرەبانەکە سەرچاوە و ئامرازێکی گرینگی ئەو بازرگانییەیە، دووەم، لە ڕووی ئەو خولانەوە بەردەوامە بێ مانایەی ژیانییەوە لە دەروازەی بازنەیەکی بەتاڵدا.

شتێکی ئاشکرایە کە دایکە ئازا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە دژوارانەوە کە دەروون و مێشکیان بەو شێوازە نابەجێیانە شێواندووە، هەر ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەشن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە هەڵگیرسانی ئەو جەنگەدا.



## پێشەکی

گومانی تێدا نییە، دەتوانرێ برێشت وەکو گرینگترین و کاریگەرترین شانۆکاری ئەڵمان یزمانی سەدەی بیست لە قەلەم بدرێ. ئەوەی پێش هەموو شتێک داهێنانی برێشت ناوازە دەکا، لێک بەستنەوەی شانۆنامەنووسی و شانۆکارییە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی کاری دەرهێنانەوە، بەڵام نەک هەر تەنیا لەم ڕێیەوە سەرسوڕهێنەرانە بەرجەستەی کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، یەکگرتنی نووسین و پراوەکاری، دەتوانرێ برێشت بە کلاسیکییەکانی یۆنان، شەکسپیر یان مۆلێر بەراورد بکرێ.

سەرباری ئەمەیش، کە برێشت وەکو پراوەکار تیۆریزانێکی بە سەلیقە و بە ئەزموون و مەزن بوو. دانسقەییی دەستکەوتی برێشت وەکو تیۆریکار، دیار و ئاشکرایە. لە لایەکەوە بە هۆی ئاوێتەکردنی ئەو وروژاندنە کاریگەر و سەرسوڕهێنەرانەی بۆی دەهاتن، لەلایەکی ترەوە سەبارەت بە ڕۆچوونی بە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لە کۆمەڵگە. بێگومان برێشت بە پشتبەستن بە داهێنانی شانۆیی، چەمکگەلێکی نوێی هێنایە ناو جیهانی شانۆوە، کە لە تۆژینەوە تیۆریکانیدا هەندێ جار بە جێگۆڕکێ، هەندێ جاری تریش لە پاڵ یەکەوە بە کاری دەهێنان.

برێشت شانۆکارێکە کە حیساب بۆ عەقڵی تێگەیشتنکارانەی بینەر دەکا، لەزەتی تێگەیشتن لە شانۆی برێشتدا پێگەیەکی بەرفراوانی

هەیە، بۆیە ڕێکەوت لە شانۆیەکی ئاوادا ئیتر جێی نابێتەوە. لە جیاتی وەهمی گەمە، نمایشێکی جیهانی هونەری سەربەخۆ بە کاراکتەرەوە، دەبێ شانۆیەکی نامۆکار کە ڕووت دەکاتەوە و خۆی کەشف دەکا بەرجەستە بکرێ. تا ئەو ئاستەی برێشت پێوەندیی نێوان شانۆ و ژیانی ڕاستەقینەی وەکو سەرمەشق بۆ درامای مۆدێرن سەر لە نوێ پێناسە کرد: دیواری چوارەمی وەهم خوڵقێنەر لە شانۆی مەلحەمیی برێشتدا لە ئارادا نامێنێ و تێگەیشتنێکی نوێی بینەر زاڵ دەبێ. بە پێی بیرکردنەوەی برێشت ئەم بینەرە لە گێڕەرەوەیەکی ناکاراوە دەبێتە ڕەوتارکارێکی کارا.

ئەبستراکتردن هەندێ جار بە یارمەتیی گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی بنەماگەی دراماتورگی برێشت پێک دەهێنێ.

«دایکە ئازا و منداڵەکانی» نەک تەنیا هەر یەکێکە لە سەرکەوتووترین شانۆنامەکانی برێشت، بەڵکو لە ساڵەکانی چلی سەدەی بیستەمەوە، یەکێکە لە سەرکەوتووترین شانۆنامەکان لە ناوەوە و دەرەوەی دەڤەری شانۆی ئەڵمانی زماندا.

«دایکە ئازا» نموونەیەکی زیندووی شانۆی مەلحەمیی برێشتە. لەم شانۆنامەیەشدا برێشت نایەوێ ڕووداوێک بەرجەستە بکا و بینەر بکاتە بەشێک لە ڕووداوەکان و لە کردارێکیانەوە تێوەگلێنێ، بەڵکو ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و وا لە بینەر دەکا تێڕامێنی و کاراییی بێدار بکاتەوە و بە بەڵگە کار دەکرێ و بینەر بۆ مەعریفە دەورووژێنرێ.

ئێمە لەم پێشەکییە کورتەدا ناتوانین شانۆی برێشت و شانۆنامەکانی و تیۆرییەکانی بە تێروتەسەلی بە خوێنەری کورد بناسێنین، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەگەر بە ئاماژەی کورتیش بێ، لەم



پرۆژەیە و لە پرۆژەکانی داهاتووماندا، برێشت کەمێک لە خوێنەری کورد نزیک بکەینەوە و بە شانۆنامە و نووسینەکانی پتر ئاشنای بکەین.

## چەند دێرێک دەربارەی نووسەر

بێرتۆڵت برێشت یان برێخت لە ساڵی ١٨٩٨دا لە ئاوگسبورگ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. برێشت لە ناو خێزانێکی بورژوا گەورە بووە و پاشان مارکسییەکی سەرسەختی لێ دەرچووە. هەر لە ساڵەکانی قوتابخانەیدا دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆکەکانی دەکا. پەخشانێک، کە تێیدا دژی جەنگ دەوەستێتەوە و ستایشی ناکا– بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی مامۆستاکانییەوە– خەریک بووە ببێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەی دواناوەندی وەدەرنرێ. ئەو ئەزموونانەی لە کاتی ئەرکی برینپێچی لە نەخۆشخانەی سەربازیدا بۆ هەمیشە ڕەتکردنەوەی توندڕەوانەی بۆ جەنگ بەهێزتر دەکەن.

لە دواییدا برێشت دەبێتە یەکێک لە پێشکەوتووخوازترین نووسەرانی کۆماری ڤایمار. سەرەتاکانی ئەدەبی وەکو ڕەخنەگری شانۆ، کورتەچیرۆکنووس و کابەرێتکار دەست پێ دەکا. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا خەڵاتی کلایست وەردەگرێ. میونیخ و دواتر بەرلین، دەبنە چەقی کارکردنی. لە ناوەڕاستی بیستەکاندا لە ڕێی خوێندنەوەی مارکسەوە پاڵنەری کارە ڕەخنەییەکانی هەتا ئەو کاتەی لە کۆمەڵگە باشتر دەبینێتەوە و پتر بۆ دەسەلمێ. شانۆی وەکو «ئۆپێرای سێ قرووشی» یان «سەرکەوتن و نشوستیی شاری ماهاگۆنی» ناوودەنگێکی زۆری بۆ پەیدا دەکەن. لە ساڵی ١٩٢٧دا لە ژنی یەکەمی جیا دەبێتەوە؛ دوو ساڵ دواتر هێلینە ڤایگلی ژنە ئەکتەر

دەخوازێ، کە دواتر دەبێتە یەکێک لە نمایشکارە بەناوبانگەکانی دایکە ئازا و زۆر شانۆگەریی تریشی.

دوای دەستەڵات گرتنە دەستی هیتلەر، ئاسۆی ئەڵمانیا بۆ برێشتی کۆمۆنیست تەنگ دەبێتەوە. ڕۆژێک پاش سووتانی ڕایخستاگ "پەرلەمانی ئەڵمانیا" برێشت وڵات بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە تاراوگە. بە سەر پراگ، ڤیەنا و سویسرادا دەچێ بۆ دانیمارک. نزیکی سڤێندبۆرگ لە گوندێک خانوویەک دەگرێ، لەوێ گرینگترین کارەکانی سەرهەڵدەدەن، وەکو «دایکە ئازا». هەڕەشەی نزیکبوونەوەی جەنگ لە دواییدا بۆ سوێد، فینلەندا، شورەوی و لە ساڵی ١٩٤١دا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاوی دەنێ، کە لە دواییدا لە سانتا مۆنیکا "کالیفۆرنیا" جێگیر دەبێ. لەوێ ناسیاویی لەگەڵ تاراوی تردا "وەکو هاینریخ مان و ئەلفرێد دوێبلیندا" پەیدا دەکا. دەست بەوە دەکا، سیناریۆ بۆ هۆلیوود بنووسێ. لەو سەروبەندەدا کتێبەکانی لە ئەڵمانیا سوتێنران و مافی هاونیشتمانێتیی لێ سەندرایەوە- سەیریش نییە، برێشت بە درێژاییی کات وەکو شەڕەنگێزێکی پڕ وشە دژی هیتلەر، ناسیۆنال سۆسیالیزم و جەنگ خۆی سەلماندووە.

لە پاش جەنگ برێشت دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە بەرلینی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ دەبێ. لە ساڵی ١٩٤٩دا لەگەڵ هێلینە ڤایگڵدا ئێنسامبڵی بەرلین دادەمەزرێنن، چەند ساڵ دواتر کار لە مۆدیلی نمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە بەرلین، بە دڵوەستان، کۆچی دوایی کرد.

## سەرجەمی کار

بێرتۆڵت برێشت یەکێکە لەو چەند نووسەرە کەمەی ئەدەبی جیهان،



کە لە هەرسێ ژانرەکەی هونەری داهێناندا کاری گرینگی بەرهەم هێناوە: لە دراما، شیعر و گێڕانەوەدا. لە پاڵ ئەمانەیشدا زنجیرەیەک نووسینی تیۆریی بەرهەم هێناوە، دەربارەی فەلسەفە یان سیاسەتی کۆمەڵایەتی. کارەکانی هێندە فرەن، کە هەتا ئێستا نەلواوە چاپێکی بێکەلێنی نووسینەکانی بڵاو بکرێتەوە.

١- برێشت وەکو درامانووس

برێشت هەتا لە ژیاندا بوو وەکو شانۆنامەنووس ناوبانگی دەرکردبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کارەکانی زۆر بەرفراوانترن:

وەکو تیۆریکار، برێشت هەوڵی دا بەرنامەڕێژییەکانی بۆ دراما بنووسێتەوە، بیرۆکەکانی دەربارەی شێوەی نمایشکردنی ئەکتەر بۆ نموونە لە «نووسینی بچووکی مەعریفی بۆ شانۆ» ١٩٤٨پەرە پێ داوە، هەروەها دەربارەی شانۆی مەلحەمی... هتد.

وەکو شەکسپیر، مۆلیر یان نووسەری شانۆنامە مىللییە ڤیەناوییەکانی وەکو ڕایموند و نیسترۆی، برێشتیش پیادەکاری شانۆ بوو. تەنیا لەسەر مێزی نووسین شانۆنامەکانی نەدەژیان، بەڵکو وەکو دەرهێنەر لە خستنە سەر شانۆدا کاری دەکرد.

کاری لە چەندان درامای چەند نووسەری جیاوازدا کرد و هێنانیە سەر بارێکی هاوچەرخ، وەکو سۆفۆکلیس، شەکسپیر یان یاکۆب میخایل، ڕاینهۆڵد لێنتس.

کاریگەریی برێشت وەکو شانۆنامەنووس نێونەتەوەییە. لە چەقی دراماکانیدا مرۆڤەکان بە وابەستەییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانییەوە تیشکی دەخرێتە سەر. زۆر جار مافخوراو و پەراوێزخراون، کە چارەنووسیان پیشان دەدا، بۆ ئەوە نییە کە

هەست و سۆزی بینەر بجوولێنێ، بەڵکو دەیەوێ پیشانی جەماوەری بدا، کە هاوپێوەندییەکان دەکرێ بگۆڕرێن. برێشت بە کارە بەراییەکانیدا ڕووبەڕووی تێنەگەیشتن و دژوازی بووەوە («باڵ»، «تەپڵەکانی شەو»، «پیاو پیاوە»)؛ بە هۆی ئەمانەوە ناوبانگی وەکو نووسەری سکانداڵ "فەزیحە" بڵاو بووەوە. گەورەترین سەرکەوتنی بە "ئۆپێرای سێ قرووشی" (١٩٢٨) بۆ خۆی مەیسەر کرد. لە ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠دا چەند، شانۆنامەیەکی فێرکاریی بچووکی نووسی (بۆ نموونە «فڕینی ئۆقیانووس»، «هەنگاوی چارەسەر»). گرینگترین شانۆنامەکانی برێشت لە تاراوگەدا سەریان هەڵدا: «ژیانی گالیلای»، «دایکە ئازا و منداڵەکانی»، «مرۆڤە باشەکەی سێچوان»، «جەنابی پونتیلاو ماتی خزمەتکاری»، «بازنەی تەباشیری قەوقازی».

٢- برێشت وەکو شاعیر

برێشت نزیکەی ٢٥٠٠ شیعری لە پاش بە جێ ماوە: شیعری ئەڤین و سروشت، بالاد، شیعری سیاسی- بەڵام تەنیا زۆریی داهێنانی شیعریی نییە کە لەگەڵ ڕاینەر ماریا ڕیلکەو گۆتفرید بێندا دەیکاتە یەکێک لە گرینگترین شاعیرانی ئەڵمانی نووسی سەدەی بیست. شیعرەکانی ڕەخنەگرانە و پڕ لە گوزارشت و بە مۆسیقایەکی ئازاد بینا کراون و بە تایبەتی بۆ ئوسلووبی سیاسیی ساڵانی شەستی سەدەی پێشوو پڕ کاریگەریی بوون. شیعر بۆ ئەو کاتە برووسکەیەکی خێرا و کورت بووە بۆ گەیاندنی پەیامێک بە زووترین کات، برێشت دنیابینیی خۆی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە و هەندێ جار لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا وا هەست دەکەین لە بەردەم مانیڤێستێکی سیاسیداین. بەڵام وەنەبێ لە شیعریشدا، برێشت



تووشی دژوازیمان نەکا و لەگەڵ خۆماندا بە شەڕمان نەدا. کە شیعرە ئەڤیندارییەکانی دەخوێنینەوە، وا هەست دەکەین شیعری لاوێکی بۆ یەکەم جار عاشق بووی چواردە ساڵ دەخوێنینەوە.

٣- برێشت وەکو چیرۆکنووس

دەقەکانی گێڕانەوەی برێشت بە شێوەیەکی گشتیی بەرهەمی تاراوگەین. «چیرۆکەکانی ڕۆژژمێر» یان «چیرۆکەکانی جەنابی کۆینەر» دوو کاری زۆر بە ناوبانگی برێشتن. ڕۆمانەکانی لە سێبەری کارەکانی تریدا گەشە دەکەن و لە لایەنی ئیستاتیکییەوە و بە بەراورد بە شانۆنامەکانی بەهایەکی هێندەیان نییە. زۆر جار لە کاتی خوێندنەوەی گێڕانەوەی برێشتدا ئەو هەستەمان لەلا دروست دەبێ، کە برێشت بۆ کات گوزەراندن لە نێوان نمایشی شانۆنامەکانیدا دەقی گێڕانەوەی نووسیوە، وەکو بەردەبازێک بۆ کات تێپەڕاندن و گوزارشتکردن لە هەندێ جیهانبینی و تێڕوانین. «ڕۆمانی سێ قرووشی، بازرگانییەکانی جەنابی یولیوس قەیسەر» لە نموونەی داهێنانەکانی برێشتن کە بە پەخشان نووسراون.

## بابەتی ئەم شانۆنامەیە

مرۆڤ لە جەنگدا چۆن ڕەفتار دەکا؟ لە سەدەی بیستەمدا لە ئەورووپا خەڵکێکی زۆر ئەم ئەزموونە تفت و تاڵەیان کرد. ئەدەبیش هەوڵی دا، بە دوای ئەم پرسیارەدا بگەڕێ- «دایکە ئازا» نموونەیەکی بەرچاوی ئەم هەوڵەیە.

جەنگ و بابەتی جەنگ، لە داهێنانی ئەدەبیدا، ڕەنگبێ بە قەد مێژووی مرۆڤایەتی کۆن بن و لەو بابەتانەن کە هەرگیز کۆن نابێ،

ڕەنگبێ تێمای ئەڤین هێندە گشتگر و مرۆڤانە بێ، وەکو جەنگ. گرینگ نییە مرۆڤ لە کوێ دەژی و جەنگ لە کوێ ڕوو دەدا و چەند لێیەوە دوورە، ئایا کەسێکی لەو جەنگەدا هەیە یان نا، ئایا ئەو جەنگە خۆی یان یەکێکی نزیکی ماڵوێران و سەرگەردان دەکا یان نا، جەنگ هەمیشە تێمایەکی سەرنجڕاکێش و ئەفسووناویی بووە لە ئەدەبدا. ڕەنگبێ، ئەو وێنای کاولکارییەی لە زهنی هەر مرۆڤێکدا دروست دەبێ، جا خوێنڕشتن بێ، ماڵوێرانی بێ، سڕینەوەی ژیانی دەیان بەڵکو سەدان و هەزاران مرۆڤ بێ، یان کۆکوژی بێ، پاڵنەرە بن بۆ مرۆڤ لە ئیستاتیکادا بە دوای ئەفراندنی تێمای جەنگدا بگەڕێ. برێشت زیرەکانە ئەم هەلەی قۆستووەتەوە و لە «دایکە ئازا»دا تەوزیفی کردووە.

ئەم شانۆنامەیە لە زۆر لایەنەوە بە بابەتی جەنگەوە بەستراوەتەوە:

کاتێ نووسراوە کە جەنگی دووەمی جیهانی باڵی بە سەر ئەورووپادا کێشابوو، جەنگێک کە ئەو کاتە هێشتا کەس نەیدەزانی دەبێتە سامناکترین و دژوارترین جەنگی مێژووی جیهان. لە گەرمەی جەنگدا بۆ یەکەمجار نمایش کرا و دەستکاریی گرینگی بە خۆیەوە بینی.

نووسەری ئەم شانۆنامەیە بێرتۆڵد برێشت لە دەستی ئەم ڕژێمە لە ئەڵمانیا هەڵهات، کە پێشڕەوەکەی پێش دەستەڵات گرتنە دەستی بە ڕوون و ئاشکرا گوتی، کە جەنگ ئەنجامێکی سیاسەتەکەیەتی و ناتوانرێ خۆی لێ لا بدرێ.

تێمای «دایکە ئازا» خودی جەنگە، مەبەست جەنگی سی ساڵەیە، کە ٣٠٠ ساڵ پێشتر بەشێکی گەورەی ئەڵمانیای وێران کرد و قڕانی خستە ناو خەڵکەکەی. ئەم شانۆنامەیە دەیەوێ پیشانی بدا، کە ئەوە





ڕێسایە، هیچ دژی جەنگ نەکرێ، بەڵێ تەنانەت هەندێک ئومێدی ئەوەیان هەیە، بتوانن قازانج لە جەنگ بکەن. دەیەوێ ئەوەیش پێشان بدا، کە مەحاڵە لە لایەکەوە مرۆڤ خۆی لەگەڵ جەنگ هاوئاهەنگ بکا، لە لایەکی ترەوە مرۆڤدۆستانە ڕەفتار بکا و بێگوناه بمێنێتەوە. خوێنەر (یان بینەر) دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە مرۆڤ لە کارەسات دەرس وەرناگرێ. بە داخەوە گەشەکردنی مێژووی پاش ساڵی ١٩٤٥حەقی بە برێشت دا.

ئەم شانۆنامەیە تایتڵی دووەمی «ڕووداونامەیەکی جەنگی سی ساڵە»یە. لە دوازدە دیمەندا، چارەنووسی ئانا فیرلینگی دێوەرەیە، کە بە «دایکە ئازا» بانگ دەکرێ و چارەنووسی منداڵەکانێتی.

دایکە ئازا بە گالیسکە دارینەکەیەوە دوای سوپا شەڕکەرەکان دەکەوێ. لە لایەکەوە دەیەوێ لە ڕێگەی سەودا و مامەڵەوە قازانجێکی زۆر بکا، لە لایەکی ترەوە دەیەوێ سێ منداڵەکەی بە سەلامەتی بە ناو جەنگدا قورتار بکا و لە ڕێی جەنگەوە بژێوییان بۆ پەیدا بکا: کوڕە گەورەکەی، شڤایتسەرکازی سەرڕاست و ڕاشکاو، کوڕە بچووکەکەی، ئایلیفی ئازا و پڕکێش، کچە بە بەزەیی و هەست ناسکەکەی، کاترینی لاڵ. لە بارودۆخی سەختی جەنگدا ناتوانرێ خۆشەویستیی دایک بۆ منداڵەکانی و بە سەلیقەیی بازرگانیی بە یەکەوە هاوئاهەنگ بکرێن؛ مەحاڵە لە جەنگ تەنیا قازانج بکرێ.

هەر یەک لە منداڵەکان خاوەنی فەزیلەتی خۆیەتی و هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە هەتا تیاچوونی هەریەکەیان هێڵێکی هاوتەریبی ژیانیانە و یاوەرییان دەکات و لە سەرسەخترین کاتەکاندا لێیان جودا نابێتەوە و هەر ئەم فەزیلەتەکانەیشن لە دواییدا بۆ

منداڵەکان دەبنە نەگبەتی سەریان دەخوات:

شڤایتسەرکاز وەکو خەزنەدار قاسەی بەتالیۆن دەباتە شوێنێکی ئەمینەوە و لە لەشکری دوژمنی دەشارێتەوە، شوێنی شاردنەوەکە نادرکێنێ و دەبێ نرخی سەرڕاستی و ڕاشکاویی خۆی بە مەرگ بدا.

ئایلیف لە پشوویەکی کورتی ئاشتیدا هەر هەمان شت دەکا وەکو لە جەنگدا: تاڵان و کوشتن: لە پڕ ئێستا ئەم ئازایەتییە بە کارێکی پاڵەوانانە نادرێتە قەڵەم و ئەویش هەڵدەواسرێ.

کاترین دەبێتە شایەدی ئەوەی چۆن لەشکرە کاتۆلیکییەکان پلانی شەبەیخونێک بۆ سەر شاری هالە دادەنێن. لە ڕێی تەپڵلێدانەوە بە دەنگی بەرز دەیەوێ دانیشتووان ئاگەدار بکاتەوە و لە مەرگ بیانپارێزێ، بە گوللە دەکوژرێ.

لە کۆتاییدا دایکە ئازا هەرسێ منداڵەکەی لە دەست دەدا. لەگەڵ ئەوەیشدا لە ڕاکێشانی گالیسکە دارینەکەی بەردەوام دەبێ.

ئەم درامایە چەند قۆناغێک لە ژیانی دایکە ئازا لە کاتی شەڕی سی ساڵەدا نمایش دەکا، ماوەیەکی درێژ- دوانزدە ساڵ لە نێوان ساڵی ١٦٢٤ هەتا ساڵی ١٦٣٦و لە چەند شوێنگەیەک لە هەموو ئەوروپا خۆی دەبینێتەوە: لە سوێد، لە پۆڵۆنیا و لە ئەڵمانیا.

«دایکە ئازا» یەکێکە لە دراما هەرە بەناوبانگەکانی برێشت و یەکێکە لەو دراما ئەڵمانییانەی زۆرترین جار لە سەدەی بیستەمدا نمایش کراوە.

بە تایبەتی لە «دایکە ئازا»دا پرسیاری بە ڕاست تێگەیشتن بڕیاردەر بوو لە داڕشتنی دەقی کۆتایی. کاتێ برێشت بینی، کە بینەران مەبەستی ڕاستەقینەی شانۆنامەکە خراپ لێک دەدەنەوە، لە چەند



شوێنێکدا گۆڕانکاریی تێدا کرد، بۆ ئەوەی بە هێزتر جەغد لە وێناکانی بکاتەوە.

بە پێوەندی تیۆریی شانۆی برێشت خۆی «دایکە ئازا» لە بینای گەیاندنە چلەپۆپەی تراژیدایی پێنج دیمەنی کلاسیکی (ئامادەکاریی- گرێچنی هەڵچوو- چلەپۆپە- گرێچنی نەویبوو- کارەسات) پێک نایەت، بەڵکو بەدواییە کداهاتنێکی نمایشکارانە بە کۆتاییەکی کراوەوە دەنوێنێ.

## سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم شانۆنامەیە

لە ساڵی ١٩٣٣دا دیکتاتۆریەتی ناسیۆنال سۆسیالیزم لە ئەڵمانیا جێ پێی خۆی خۆش کرد. لە هەمان کاتدا شەپۆلێکی خەستی کۆچکردن دەستی پێ کرد، کە بە گەورەترین بزووتنەوەی هەڵاتنی کولتووری لە مێژوودا لە قەڵەم دەدرێ.

نووسەر، شانۆکار، مۆسیقاژەن، هونەرمەندی شێوەکار، زانا بە دوای ماڵێکی تردا دەگەڕان، ماڵێک بتوانن ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیانی تێدا بپارێزن و مانەوەیان مسۆگەر بکەن. زۆربەیان ترووسکاییەکیان لە ئاسۆدا بەدی نەدەکرد هەتا ئومێدێکیان پێ ببەخشێ لە وڵاتدا درێژە بە ژیان بدەن. پێشبینییەکانیشیان ڕاست دەرچوون، زۆربەی ئەوانەی هەڵهاتبوون کتێبەکانیان سووتێنران، ئەگەر خۆیان بمابانەوە، ئاگری ئۆردووگاکانی مەرگ و ئاگری جەنگە فرەکانی هیتلەریان پێ خۆش دەکرا. بارودۆخی سیاسی جیهان نادڵنیا بوو، بە تایبەتی هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٨دا زۆر لە تاراوەکانی ناچار کرد، لە تاراوگەیەکەوە بەرەو یەکێکی تر هەڵبێن- برێشت بە تەنیا نەبوو.

چی وای لە بارودۆخی ئەڵمانیا کرد، کە پتر لە ١٥٠٠ نووسەر بڕیار بدەن وڵاتەکەیان بە جێ بەهێڵن؟

بۆ ئەوانەی خۆیان لەگەڵ دەستەڵاتدارە نوێیەکەدا نەدەگونجان مەرجەکانی ژیان هەر زۆر مەحاڵ بوون. دەوڵەت دەستی بەوە کرد بە خەستی دەست لە ژیانی ئەدەبی وەردا. تەنیا ئەوانە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان دەدرا کە ئاری بوون و دەبوو ڕوونی بکەنەوە کە گوێڕایەڵی دەوڵەتی هیتلەرن. سانسۆر بۆ ئەو نووسەرانە بوو کە:

– پێش هەموو شتێک بە ڕەگەز جوو بوون و، دیکتاتۆریەتی ئەڵمانیا کردبوویە ئامانجی خۆی «توخمی ڕەگەز نامۆ» قڕان بکا.

– جگە لەوە ئەوانەی کە بە جۆرێکی تر بیریان دەکردەوە، ڕژێم دەیویست دەمکوتیان بکا.

لە کتێبفرۆشی و کتێبخانەکانەوە ئەو کتێبانە دەرهێنران کە لەگەڵ ڕوحی ناسۆنیال سۆسیالیسدا نەدەگونجان. لە ١٠ی مایسی ١٩٣٣دا ٢٠٠٠٠ کتێبی نووسەری بە ڕای ئەوان بێڕموود لە مەیدانی ئۆپێرای بەرلیندا سووتێنران. لە شارەکانی تری ئەڵمانیاشدا ئاگری کتێبەکان نێلەیان دەهات.

بە توندی و ڕەقی شنۆکارانیشی گرتەوە. لە ساڵانی بیستدا بەرلین بووبووە چەقێکی گەشی شانۆی ئەوروپا.

پاش لابردنی سانسۆری قەیسەر ئەزموونی شانۆی پاشەڕۆژ لەوێ دەکرا. زۆر شانۆ لەوێ ناوودەنگێکی جیهانییان هەبوو؛ کەوانەی نمایشەکان هەر لە نمایشە برژوا– ناسیاسییەکانی ماکس ڕاینهاردەوە هەتا نمایشە توندوتیژەکانی خەباتی چینایەتی ئیرڤین پیسکاتۆری دەگرتەوە.



لەگەڵ دەستەڵاتگرتنە دەستی هیتلەر ئەم فرەیییە ڕەنگاوڕەنگە کۆتاییی هات. ئیتر ئەزموونی هونەرمەندانە چاوەڕوان نەدەکرا، بەڵکو ئامادەکردنی «یاسایەکی نەریتی ناسیۆنال سۆسیالیستی»، واتە: هاوشێوەیییەک، یەکڕەنگییەک، ئەدەب و شانۆیەکی فەرمیی دەوڵەتی، هێڵێکی لە سەرەوە دیاریکراوی ڕەها سەروەر بوو. ژووری شانۆی قەڵەمڕەو زۆر ئاگەداری هەموو شێوەیەکی لە ڕێ لادان بوو: ئەوی لەگەڵ دەستەڵاتدارەکاندا نەگونجایە دوور دەخرایەوە، کاری لێ قەدەغە دەکرا، دەردەکرا، ئامانەیش بە بەراورد لەگەڵ سزا دژوارەکانی تردا نەرمترین سزا بوون.

لیستی ئەو ئەدیبانەی قەدەغە کرابوون و ڕاوەدوونرابوون، وەکو "کێ کێیەی" ئەو کاتەی نووسەرانی بەناوودەنگ دێتە بەرچاو، لە پاڵیاندا برێشت– هەموو نووسەرگەلێکی کە تانەی «ڕوحیی نائەڵمانبوون»یان دەداریە پاڵ لە مەترسیدابوون. ڕەخنە و ئۆپۆزیسیۆن مەترسی بوون. ئەوانەی بەرگەی ئەو کەشە کولتوورییەیان نەگرت، دەرەوویەکیان لە بێدەنگی، خۆکوشتن یان تاراوگەدا دەبینییەوە.

بارودۆخی ژیانی تاراوگەیش بۆ زۆر کەس بەهەشت نەبوو، سۆز بۆ وڵات، بێورەیی، ترس لە ئایندەی نادڵنیا، تەگەرەی هامئامێزانبوون لەگەڵ کۆمەڵگە خانەخۆیەکاندا، زۆر جاریش تەنگەتاویی ئابووری– هەموو ئەمانە بێگومان کاریگەریی بە سەر بەرهەمهێنانی هونەرییەوە هەبوو.

برێشت دەنووسێ:

لە تاراوگە مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر تایبەت دەنووسێ. وەکو بڵێی مرۆڤ بە ناو بادا بانگ دەکا. بەڵام مرۆڤ بە ئاراستەیەکی دیاریکراو

بانگ دەکا. کە مرۆڤ سەر بە کەس نییە، هێشتا قسە بۆ هەمووان. ئەوانەی، کە بۆ ئێرە گوێ ناگرن، مرۆڤ قسە بۆ کەسی زۆر دیاریکراو دەکا.

لە بنەمادا، بە بێ ئەوەی دانی پێدا بنێ، مرۆڤ قسە بۆ ئەوانەی ماڵەوە دەکا، کە ئیتر ناتوانن گوێ بگرن. پیشەی دەست تاراو ئومێدکردنە.»

هەروەها لە شیعرێکیدا کە بیر لە درێژیی تاراوگە دەکاتەوە و حەز دەکەم بیگوازمەوە بۆ ئێرە و من بە یەکێک لە شیعرە نایابەکانی برێشتی دەزانم، دەڵێ:

بیرکردنەوە لە درێژیی تاراوگە

١

بزمار بە دیوارەکەدا دامەکوتە
چاکەتەکەت فڕێ دە سەر کورسییەکە!
بۆچی خەمی چوار ڕۆژ دەخۆی؟
تۆ سبەی دەگەڕێیتەوە.
درەختەکەت ئاو مەدە!
بۆ درەختێکی تر دەڕوێنی؟
پێش ئەوەی بە قەد پلەیەک بەرز بێ
تۆ بە خۆشنوودییەوە ئێرە جێ دێڵی.
کە خەڵکی بە لاتدا تێ دەپەڕن
کڵاوەکەت بخەرە سەر ڕوخسارت
بۆ لاپەڕەی ڕێزمانێکی نامۆ هەڵدەدەیتەوە



هەواڵی بۆ وڵات بانگکردنەوەت
بە زمانێکی ناسیاو نووسراوە.
بەو جۆرەی گەچی بنمیچەکە هەڵدەوەرێ
(دەستی لێ نادەم)
پەرژینی زەبروزەنگ دادەڕزێ
ئەو پەرژینەی لەسەر سنوور
دژی داد چێ کراوە.

٢

سەیری ئەو بزمارە بکە بە دیوارەکەدا داکوتراوە:
لەو بڕوایە دای کەی دەگەڕێیتەوە؟
دەتەوێ بزانی، لە ناخەوە لە چی بڕوایەکدای؟
ڕۆژ بە ڕۆژ لە ژوورەکەتدا دادەنیشی و دەنووسی،
بۆ ئازادبوون کار دەکەی
دەتەوێ بزانی چۆن بیر لە کاری خۆت دەکەیتەوە
سەیری ئەو شابەڕووە بچووکەی حەوشەکە بکە
بە گۆزەی پڕ، ئاوی بۆ دەبەی!

لەگەڵ جەنگدا ویژدانی زۆر تاراو کەوتە نێوان بەرداشەوە: لە لایەکەوە لەگەڵ وڵاتەکانیاندا و ئەوانەی لەوێ بە جێیان هێشتبوون ئازاریان دەکێشا، لەلایەکی ترەوە بە سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان و نشوستیی ئەڵمانیا، ئاسۆی ئومێدێکیان دەبینی، کە بە هۆیەوە بتوانرێ کۆتایی بە ڕژێمی تیرۆری هیتلەر بهێنرێ.

بێگومان کۆسپی زمان تەگەرەیەکی گەورەی دەخستە پێش

نووسەران، بە تایبەتی درامانووس و ئەکتەر پتر تووشی تەنگژە دەبوون، چونکە بە تایبەتی ئەمان پابەستی گەیاندنێکی زیندووی وشە بوون لەسەر شانۆ. لە وڵاتی بێگانەدا بە زمانی ئەڵمانی شانۆنامەیەک بخرێتە سەر شانۆ ئامانجێکی بێ ئاسۆ بوو.

لەم بارودۆخەوە دەتوانین فیگوری کاترینی لاڵ لە «دایکە ئازا»دا ڕوون بکەینەوە: لە سەرەتاوە برێشت ئەم دەورەی بۆ هێلینە ڤایگڵی ژنی نووسیبوو. لە ڕێی ئەم هەلەوە دەیتوانی لە تاراوگەی سوێد جارێکی تر ڕۆڵ لە شانۆدا بگێڕێ، بە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکا زمانی وڵاتی خانەخوێ فێر ببێ. ئەو نمایشە پلان بۆ کراوە سەری نەگرت. لە ڕێگەچارەی ناچاریی دراماتورگییەوە هەژێنەرترین ڕۆڵی ژن لە شانۆی سەدەی بیستدا گەشەی کرد.

وەکو شوێنی پەنا بۆ بردنی نموونەیی، سویسرای بێ لایەن خۆی سەلماند. خانەی نمایش کە زیوریخ لە دەڤەری ئەڵمانی زمان وەکو دژە جەمسەرێکی گرینگی دیموکراتی بەرامبەر درامای دەوڵەتی سانسۆرکراوی دیکتاتۆریی هیتلەر جێی خۆی کردبووەوە. نەک تەنیا «دایکە ئازا»ی برێشت بۆ یەکەم جار نمایش کرا، بەڵکو دوو شانۆی ترشی لەوێ خرانە سەر شانۆ: «مرۆڤە باشەکەی سێچوان» و «ژیانی گالیلۆ» (هەردووکیان ساڵی ١٩٤٣).

بە ماوەیەکی کورت پێش هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی برێشت دەستی بە نووسینی «دایکە ئازا» لە کاتی تاراوگەیدا لە سوێد کردووە و بە تەنیا پێنج هەفتە تەواوی کردووە. بەپێی یەکەم ڕەشنووسەکانی دەبێ ساڵێک پێشتر لە دانیمارک دەستی پێ کردبێ.



## شانۆی برێشت

هیچ دراماکارێکی تری ئەڵمان لە سەدەی بیستدا، هێندەی برێشت خۆی بە تیۆریی شانۆنامەکانییەوە سەرقاڵ نەکردووە و دەربارەی نەنووسیون. هەمیشە سێ چەمک لە نووسینەکانیدا دەردەکەون، بەڵام زۆر بە زەحمەت لە یەکتر جودا دەکرێنەوە. ئەم چەمکانە هەندێ جار وەکو دژواز لە نووسینی تیۆریی برێشتدا بە کار دەهێنرێن و یەکێکیان دەبێتە ئالتەرناتیڤی ئەوی تر، هەندێ جاریش وەکو تەواوکەری یەکتر بە کار دەهێنرێن. هەندێ جاریش بۆ بەراورد و لێتۆژینەوە شانبەشانی یەک لە نووسینی برێشیدا دەردەکەون.

ئێمە ئەوەندەی خۆمان بەم چەمکانەوە سەرقاڵ دەکەین، ئەوەندەی یارماتیدەر بن بۆ ناساندنێکی کورتی برێشت لە ڕەوتی شانۆنامەی «دایکە ئازا»دا. ئەگینا ئەم چەمکانە زۆر لەوە بەرفراوانتر و قووڵترن ئێمە بتوانین لە پێشەکییەکی وا کورتدا لێیان بتۆژینەوە.

١- شانۆی نائەرستۆیی

زۆر شت لە دراماکانی برێشیدا بە جۆرێکی ترن وەکو ئەریستۆتالیسی فەیلەسوف (٣٢٢- ٣٨٤) لە «هونەری شیعر»کەیدا وەسفی کردووە؛ کارێک کە دواتر بووەتە پێوەرێک بۆ شانۆنامەنووسەکانی ڕۆژئاوا.

ئەریستۆتالیس ئامانجی سەرەکیی تراژیدیای لە «Kathersis» ، واتە پاکبوونەوەی بینەران بە هۆ و لە ڕێی «ترس» و «بەزەیی»ەوە. لە ڕێیەوە پێویستە، کە بینەر بە جۆرێک هەست بکا کە خۆی لە ناو ڕووداوەکاندا دەژی. واتە بە جۆرێک نمایش بکرێ، وەکو ئەو

ڕووداوانەی ڕوو دەدەن بە سەر خۆیدا هاتبن. بەڵام برێشت چەقی قورسایی شانۆ لە «شانۆی سۆز لەگەڵبووندا» گواستەوە بۆ شانۆیەک، کە نەک لەسەر بنەمای سۆز، بەڵکو لەسەر بنەمای تێگەیشتنی بینەر دروست بووبێ. ئیتر ئامانجی درامانووس نییە، لای بینەر ترس و بەزەیی بورووژێنێ؛ برێشت حەز دەکا ئەم دوو چەمکەی ئەریستۆتالیس بە چەمکی «زانخوازی» و «ئامادەیی بۆ یارمەتی» بگۆڕێ.

لە دراما کلاسیکییەکاندا خەملاندنی چارەنووسی کەسێک لە بەراییدایە. بەڵام برێشت بە پێچەوانەوە گۆشەنیگای دەبڕێتە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەگەری گۆڕینیان. کرداری شانۆیی لای ئەو بە شێوەیەکی ئۆرگانی بەڕێوە ناچێ، بەڵکو لە شێوەی کەوانەیەکی وێنەدا گەشە دەکا: دابەشکرنی دیمەن لە ئارادا نییە، بەڵکو بە دوایەکداهاتنێکی نەرمی دیمەنەکانە. ئەو دوازدە ساڵەی ژیانی «دایکە ئازا» دەگرێتەوە، بارودۆخەکانی درامایی بە چڵەپۆپە گەیەندراو جودا دەکرێنەوە، کە گوتەزای مەبەستی شانۆنامەکە بە ئاشکرا چڕ دەکەنەوە. لە کاتێکدا لە درامای کلاسیکیدا هەموو دیمەنەکان بە یەکەوە بەستراون، لای برێشت هەر دیمەنە و ژیانی تایبەتی خۆی دەژی. لە «دایکە ئازا» دوازدە دیمەنەکە درێژە پێدەر و تەواوکەری تر نین، بەڵکو هەر دیمەنەو سەربەخۆ پەیامێک دەگەیەنێ و دەتوانرێ بە ئاسانی جێگۆڕکێیان پێ بکرێ، بە بێ ئەوەی گۆڕانکاری بە سەر جەوهەری سەرجەمی شانۆگەرییەکەدا بێ.

٢- شانۆی مەلحەمی

لە ژێر ئەم چەمکەدا شانۆی برێشت زۆر جار دەخرێتە بەر تۆژینەوە.



مەبەست لەم چەمکە چەند شتێکە:

لە لایەکەوە تێتەرێنجاندنی ڕەگەزی گێڕانەوە بۆ ناو ڕووداوە دراماتیکییەکان. ئەگەر بۆ ئەم فرەبییە (لە «دایکە ئازا»یشدا زۆر جار بە کار دەهێنرێ). گۆرانی، کۆرس، فیگوری گێڕانەوە، ڕووکردنە بینەران بۆ ڕوونکردنەوە- واتە «لە – ڕۆڵ- دەرچوون»؛ جگە لەوە دەق لەسەر پلاکات و شاشە. نمایشکردنی ناوەڕۆکی کورت، کە پێش دیمەنەکان دەکەون، بە مەبەستی شکاندنی تینوێتیی زانخوازیی «چۆن» و ئاژۆتنی ئاگەداریی بۆ سەر «چی».

لەلایەکی ترەوە چەمکی «شانۆی مەلحەمی» ئاماژەیە بۆ هۆکاری دەرەوەی زمان، کە شانۆگەرییانە، دەبێ ئەو وەهمە بەرهەست بکا: بەم شێوەیە دەبێ ڕێ لەوە بگیرێ، کە بینەر زۆر خۆی تێکەڵی ڕووداو بکا. برێشت خۆی «دایکە ئازا»ی بۆ شانۆ ئامادە کردووە و دەرێناوە، لە ڕێی ئەو نمایشانەی وێنە گیراون یان بە کاسێتی ڤیدیۆ لە بەردەستدان دەتوانین لە «دایکە ئازا»دا بۆ نموونە پەنجەنومای ئەم خاڵانە بکەین

شانۆیەکی ڕووت؛

پەردەیەکی خامی تا ناوەڕاست درێژ، کە جێگەی پەردەی ئاسایی شانۆ دەگرێتەوە؛ لە پشتییەوە گۆڕینی دیمەنەکان دەردەکەوێ، جگە لەوە وەکو شاشە بە کار دەهێنرێ بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنکات و ڕووداوەکان؛

گالیسکە دارینەکە لەسەر تەختەیەک دانراوە کە بە ئاراستەی پێچەوانەوە دەسووڕێتەوە؛ بەو جۆرە ئەو هەستە لای بینەر دروست دەبێ، کە گالیسکەکە لە ڕێکردندایە.

برێشت لەم سەروبەندەدا باسی ئێفێکتی نامۆبوون دەکا: بە هۆی ئەووەی کە ئەوەی ئاساییە بە نائاسایی نمایش دەکرێ، دەبێ بینەر شتی نوێ بدۆزێتەوە.

برێشت دەیەوێ بەمە چی لە لای بینەر بە دەست بێنێ؟ ئەو بینەرێکی لەزەتبین بە ئاوات ناخوازێ، بەڵکو بینەرێکی بیرکەرەوە؛ یەکێک کە سەری دەسوڕمێ، بیر دەکاتەوە و ڕەخنەگرانە حوکم دەدا:

«نابێ بینەر لە جیهانەکەیەوە بۆ جیهانی هونەر برفێنرێ، نابێ ئیتر دەستبەسەر بکرێ؛ بە پێچەوانەوە دەبێ بخرێتە جیهانە واقیعییەکەی خۆیەوە، بە هەستێکی بێدارەوە».

٣- شانۆی دیالێکتیکی

ئەمە چەمکێکە کە برێشت لە کاتی نیشتەجێبوونی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە کاری هێنا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە سەرەتای سالانی سیدا لە نووسینەکانیدا دەربارەی شانۆ دەردەکەوێ.

دیالێکتیک واتە: بیرکردنەوە لە دژوازیدا. بەڵام: ئایا ئەمە بە ڕاستی نوێیە؟ ئایا شانۆ هەر لە سەرەتاوە بەوە نەدەژیا، کە ناچیزیی، کێشمەکێش و دژوازیی هێناوەتە سەر شانۆ؟ ئەمە جەوهەری ئەو شتە نییە کە ئێمە بە «درامی» ناوزەدی دەکەین؟

بێگومان، بەڵام برێشت دەیەوێ ئێستا ئەم دژوازیانە بە مەبەستێکی زۆر تایبەت بهێنێنتە ناو شانۆوە: برێشت دەیەوێ بینەران فێر بکا، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئاشنا لە گۆشەنیگایەکی نائاشناوە ببینن. دەبێ لەم ڕێیەوە دژوازیی بپشکنێ و لێی تێ بگا. بینەر دەرک بەو شتانە دەکا کە فیگورەکان دەیڵێن؛ بەڵام دەرک بە دژوازیی ئەو شتەیش دەکا، کە تێیدا دەژین و دەبێ لێیەوە فێر بن. لە فیگوری دایکە



ئازاوە ئەم دژوازییە لە بوونی دووفاقییانەیدایە وەکو ژنەبازرگانێک و وەکو دایکێک. لە کۆتاییی شانۆنامەکەیشدا هێشتا بڕوای بە سوودی جەنگ هەیە، کە دەبوو منداڵەکانی بکاتە قوربانی.

## پشتینەی مێژوویی ئەم شانۆنامەیە

زۆر لە شانۆنامەکانی برێشت ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە و پشتیان بە ڕووداوێکی مێژوویی بەستووە، بەڵام مەعریفەی تەواوی پشتینەی مێژوویی بۆ تێگەیشتن لە دراماکانی تری برێشت و «دایکە ئازا» پێشمەرج و گرینگ نییە. برێشت لە بە ئیستاتیکاکردن و بە دراماکردنی ڕووداوە مێژووییەکان ئەوەندە بە ئاگەدارییەوە مامەڵەی کردووە کە نەیهێشتووە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی شانۆنامەیەکیدا یان لە کاتی بینینی شانۆگەرییەکیدا نائومێد و دڕدۆنگ ببێ و خۆی لە ڕووداوەکان بێ لایەن بکا؛ لەگەڵ ئەوەیشدا حەز دەکەم لێرەدا چەند پەنجەنومایەکی جەنگی سی ساڵە (١٦١٨- ١٦٤٨) بکەم بۆ ئەوەی خوێنەری کورد وێنایەکی ڕوونتری لەلا دروست بێ.

مرۆڤ دەتوانێ لە سێ ڕەهەندەوە سەیری ئەم جەنگە بکا:

وەکو ململانێی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان: ڕەوتی زەبروزەنگ رای دژە ڕیفۆرم بووە هۆی ئەوەی، کە لە ئەڵمانیا دژایەتی ئاراستە ئاینییەکان یان باشتر بڵێین ئاینزاکان قووڵتر ببێتەوە.

وەکو ململانێی نێوان بەرژەوەندی قەیسەر و میرەکان: لە کاتێکدا قەیسەر دەیەویست بەشێوەیەکی ڕەها حوکم بکا، میرێکی زۆر داوای دەستەڵاتی پتریان دەکرد. قەیسەر دەستەڵاتێکی مەرکەزیی موتلەقی دەویست کە هەموو شت لە ژێر دەستی خۆیدا بێ، لە کاتێکدا میرەکان

خوازیاری پشکداری بوون لە دەستەڵاتەکاندا.

وەکو ملململانێی نێوان دەستەڵاتدارە ئەورووپییەکان: لە ساڵی١٦٢٤ەوە چەند دەوڵەتی جیاواز چوونە ناو جەنگەوە، وەکو دانیمارک یان سوێد «کە ئومێدی ئەوەی هەبوو دەست بە سەر دەریای ڕۆهەڵاتدا بگرێ»، فەرەنسا «بۆ ئەوەی لە دەستەڵاتی هابسبوورگەکان کەم بکاتەوە». برێشت ئەم قۆناخە «نێونەتەوەیی»یەی جەنگی وەکو پشتینەی شانۆنامەکەی هەڵبژاردووە.

وەکو کێشەی نێوان سەرباز و جووتیار: بژێوی خراپی سوپا و زۆر جار مووچەپێنەدان دەبووە هۆی ئەوەی سەربازەکان خۆیان بە خەڵکی مەدەنی تێر بکەن. تالآن و بڕۆی شار، گوند و دەغڵودان. بۆ جووتیارەکان مانەوە هەموو شتێک بوو: بەروبوومەکانیان دەسووتێنران، وڵاخەکانیان زەوت دەکران، ماڵ و موڵکیان وێران دەکران.

برێشت بایەخی بە گەمەی دەستەڵاتداران نەدەدا، بەڵکو ئازاری خەڵکی بچووکی بە لاوە گرینگ بوو. شەڕ لە پێناوی ئیماندا لە «دایکە ئازا»دا تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنە، لەڕاستیدا جەنگ هەمیشە بۆ بەرژەوەندی مادییە.

## ڕاڤەی دەق

برێشت زمانێکی سانا و ڕوونی بە باش دەزانی بۆ گەیاندنی پەیامەکانی و خۆی لە ڕەمزگەلێک لا دەدا، کە خوێنەر و بینەرەکانی بە زەحمەت بتوانن کۆدەکانی بکەنەوە. لە لایەکی ترەوە نەیدەویست خوێنەر و بینەرەکانی دەستبەرداری بیرکردنەوە بن.



بە هۆی ئامادەکردنی شانۆنامەکەوە لە ساڵی ١٩٤٩دا برێشت یاداشتی کردووە:

(دەبێ «دایکە ئازا و منداڵەکانی» لە کاتی نمایشکردندا بە شێوەیەکی گشتی چی پێشان بدا:

کە بازرگانییە گەورەکان لە کاتی جەنگدا لەلایەن ڕەشەخەڵکەوە ناکرێن. کە جەنگ درێژەپێدەری بازرگانییە بە هۆکاری تر فەزیلەتە مرۆڤایەتییەکان دەکوژێ، بۆ خاوەنەکانیشیان. کە بۆ خەبات دژی جەنگ هیچ قوربانییەک گەورە نییە.)

ئەگەر برێشت لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا شانۆگەرییەک دەربارەی جەنگێک دەنووسێ کە سێ سەد ساڵ پێشتر لەسەر خاکی ئەڵمانیا ڕووی داوە، مەبەستی ئەوە نەبووە، ڕووداوە مێژووییەکان بە ڕێکوپێکی دابڕێژێتەوە- نەیویستووە شتێک بنووسێ کە بە «درامای مێژوویی» ناوزەد دەکرێ و جەنگە ڕاستەقینەکە بکاتە پشتینەی دراماکەی. بێگومان لە شانۆنامەکەدا لە چەندان شوێندا ئاماژەکردن بۆ بارودۆخە مێژووییەکان لە ئارادایە: ناوی فەرماندە، کوشتار، شاری ئابڵۆقەدراو، مرۆڤ دەبینێ چی لە ئۆردووگاکاندا ڕوو دەدا، چی گێرمە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە لە ئارادا بووە- ئەوەی لە شانۆنامەکەدا هەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە «خەملاندنی مێژوویی» یان «کەشوهەوا» ناوزەدی بکا. بەڵام ڕووداوە مێژووییە ڕاستەقینەکە لە «دایکە ئازا»دا لە چەقدا نییە.

برێشت ویستوویەتی بە نیگایەکی جەنگی سی ساڵە، بەراوردێک بە جەنگی دووەمی جیهانی بداتە دەستەوە، کە هەموو شتێک لە دەوروبەری وێران بوو؟ مرۆڤەکانی جەنگی دووەم و پاش جەنگ وا لەم

شانۆنامەیە تێ گەیشتن، واتە وەکو ئاوێنەی ئەو ئەزموونە دژوارانەی لە کاتی دیکتاتۆریەتی هیتلەردا کردبوویان. چەند ئاماژەیەک بۆ جەنگی دووەمی جیهانییش لە ئارادایە، بۆ نموونە لە دیمەنی سێیەمدا کە باس دێتە سەر ڕابوونی پۆڵۆنییەکان لە کاتی داگیرکاریی سوپای سوێدیدا:

«پۆڵۆنییەکان لێرە لە پۆڵۆنیا نەدەبوو خۆیان تێ هەڵقورتێنن، ڕاستە پاشای ئێمە بە ئەسپ و پیاو و عەرەبانەوە هاتە ناوەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئاشتییان بپاراستایە، دەستیان لە کاروباری خۆیان وەردا و پەلاماری پاشایان دا. بەوە خۆیان بە ئاشتی شکاندن تاوانبار کرد، هەموو خوێنێکیش بە سەریاندا دەڕژێ.»

نەک تەنیا لێرەدا دەبێ بیر لە داگیرکردنی پۆڵۆنیا لەلایەن هیتلەرەوە لە ساڵی ١٩٣٩دا بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ بیر لە جوانکردنی هەواڵ لەلایەن میدیاکانیشەوە لە ڕایخی سێیەمدا بکرێتەوە، کە بە تەوسەوە لاسایی دەکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا مەعریفەی هاوپێوەندییەکان بنەما نییە بۆ تێگەیشتن لە دراماکە: چونکە مەبەستی برێشت نە ئەوە بوو، شانۆنامەیەک دەربارەی جەنگی سی ساڵە نەیش دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانی بنووسێ- پتر مەبەستی دیاردەی جەنگ بوو وەکو جەنگ، چ ئومێدێک بە جەنگەوە دەبەسترێ، چی چاوەڕوانییەکی بازرگانی لە جەنگ دەکرێ، چ بەرژەوەندییەک و- چۆن هەموو مایەبەتاڵ دەبن، مرۆڤ چۆن لە جەنگەوە دەرس وەردەگرێ. شانۆنامەکە دەتوانێ داواکاری ئەوە بێ وەکو «کلاسیکی مۆدێرنە» لە قەڵەم بدرێ: لەبەرئەوەی ڕوانگەگەلێک بەیان دەکا، کە نەک تەنیا بۆ



بارودۆخێکی دیاریکراو ڕەواجیان هەیە. چونکە هاوپێوەندی لە نێوان جەنگ و بازرگانیدا، لە شانۆنامەکەدا هەمیشە و چەندان جار ئاماژەی بۆ دەکرێ ئەم هاوپێوەندییە بۆ هەموو قۆناغێکی مێژوویی ڕەواجدارە و هێشتایش هەر هەنووکەییە.

## جەنگ و بازرگانی

«هەر کەسێک لەگەڵ شەیتاندا بەرچایی بکا، دەبێ کەوچکێکی درێژی پێ بێ»؛ ئەم پەندە کۆنە ئەڵمانییە لە دیمەنی هەشتەمدا قەشەی لەشکر بە "دایکە ئازا"ی دەڵێ. مەبەستی ئەوەیە، ئەوی جەنگی پێ خۆش بێ، لەبەرئەوەی پارەی لێوە دەست دەکەوێ، دەبێ تەماشا بکا خۆی چۆن زیانی لێ دەکەوێ.

لە ساڵی ١٩٥٣دا کاتێ ئەم درامایە لە کۆپنهاگن نمایش کرا، برێشت لە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکیدا نووسیی، کە مەبەستی لەم ڕستەیە، ڕووکردنە لە بینەرانی سکاندناڤی وڵاتەکانی تاراوگە – بە تایبەتی ئەوانەی هەواداری ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانی بوون، چونکە ئومێدیان ئەوە بوو، بتوانن سوودی لێ ببینن. لە ساڵی ١٩٣٩دا دانیمارک پەیمانی هێرشنەکردنی لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆر کرد؛ بەڵام تەنیا ساڵێکی بە سەردا نەچوو کە هێزەکانی ئەڵمانیا بە بێ ڕوونکردنەوەی جەنگ داگیریان کرد.

دایکە ئازایش لەو بڕوایەدایە بتوانێ خۆی لەگەڵ جەنگدا بگونجێنێ. لە لاپەڕەی یەکەمدا ئومێدی ئەوەیە، بتوانێ لە کلۆڵی سوود وەرگرێ و بە سەلامەتی منداڵەکانی دەرباز کا. لە لایەکی ترەوە خەمی بە سەلیقەیی بازرگانی، کە زۆر جار مرۆڤ بوونی خۆی لە بیر دەباتەوە. برێشت زۆر جار بۆ فیگوری دراماکانی زەحمەت دەکرد «ئاکارگەرانە»

ڕەفتار بکەن، دایکە ئازایش لێرەدا ڕیزپەڕ نییە: ناتوانێ سەرشاری ئەو بڕیارانە بێ کە دەبێ بیاندا. بۆ نموونە لە دیمەنی سێیەمدا، کاتێ دەخرێتە بەردەم ئەو هەڵاوێردەوەی، یان ڕێگە بە هەڵواسینی کوڕەکەی بدا یان بە هۆی فرۆشتنی گالیسکەکەیەوە ماڵی بازرگانیی خۆی وێران بکا– زۆر درێژ بیر دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کوژرانی کوڕەکەی.

تراژیدیای چارەنووسی "دایکە ئازا" لەوەدایە: بە درێژاییی شانۆنامەکە لە کۆششی ئەوەدایە قازانج بکا. بەڵام لە کۆتاییدا لە هەموو لایەکەوە زیانی کردووە:

بە بێ خێزان ماوەتەوە؛ لەمەش زیاتر: مردنی سێ منداڵەکەی تاوانی خۆیەتی؛ دێوەرەییەکەی خۆی بە تەواوی نابووت بووە و بەرەو وێرانییەکی بازرگانی دەڕوا.

مەبەستی برێشت ئەوە بوو، نشووستیی دایکە ئازا بە گالیسکەکەیەوە دەربخا: لە کۆتاییدا هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ خۆی بە تەنیا گالیسکەکەی ڕابکێشێ.

## مێژووی گەورە و ڕەشەخەڵک

«بە شێوەیەک جەنگێکە، کە گڕ تێ بەردەدرێ، دەکوژرێ و تاڵان دەکرێ، کەمێک ئەتککردن نابێ لە بیر بکرێ، بەڵام بەوە لە هەموو جەنگەکانی تر جیاوازە کە جەنگی باوەڕە، ئەمە ئاشکرایە.»

قەشەی لەشکر و ئاشپەزەکە ناوازانە لەم شوێنەدا هاوڕان: ئەو جەنگەی تێوەی گلاون، جەنگی باوەڕە. جەنگێکی ئاسایی نییە، بەڵکو جەنگێکی تایبەتە، کە لە پێناوی ئیماندا دەکرێ، واتە بە دڵی خوایە.



بێگومان ئەمە وەهمێکی ئیماندارانەیە؛ چونکە ئەو تەوسەی لەم دێرانەوە دەبریسکێتەوە پەردەپۆش ناکرێ.

برێشتی مارکسی وای دەبینێ سوود و زیان ڕەوتی جیهان دیاری دەکەن؛ ڕەوتی جەنگی گەورە گەشەکردنی ڕەشەخەڵک دیاری دەکا. ڕەشە خەڵکەکەیشن، کە هاوهەڵگری جەنگ و لێپرسراوێتین، وەکو دایکە ئازا لە دیمەنی سێیەمدا لێی تێ گەیشتووە:

«کە مرۆڤ گوێی لە قسەی سەرزلەکان دەبێ، جەنگەکانی دەگێڕینەوە بۆ ترس لە خوا و هەموو ئەو شتانەی باش و جوانن. بەڵام کە مرۆڤ باش لێی هورد دەبێتەوە، ئەوەندە گەمژە نین، بەڵکو جەنگەکان بۆ قازانج دەکەن. ئەگینا خەڵکی بچووکی وەکو من هاوکار نابن.»

لە دیمەنی حەوتەمدا هێشتا «دایکە ئازا لە چلەپۆپەی ڕەوتی بازرگانیدایە»، ساڵی ١٦٣٢ە، جەنگ گەیشتووەتە دوندێکی نوێ. لێرەوە بەردەوام نەوی دەبێ– لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ کلۆڵتر دەبێ و باری لێژتر دەبێ، هێشتا لەو باوەڕەدایە، کە جەنگ بۆ ئەو خێروبەرەکەتە. ڕەشەخەڵکەکە لە جەنگەوە دەرس وەرناگرێ– کە ئەو نییە لە جەنگ سوود وەردەگرێ. بەڵام بە هۆی نەبوونی ئەم ڕوانگەیەوە جەنگ بۆ گەورەکان شیاو دەکا.

«دایکە ئازا» ئاگەدارکردنەوەیەکە دژی جەنگ؛ ئاگەدارکردنەوەیەک کە لە خوارەوە نیگا دەگرێتە ڕووداوە گەورەکانی مێژوو. برێشت ڕوانگەیەک هەڵدەبژێرێ، کە بە پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی باوەوە بوو، مێژوونووسینەوەی تەقلیدی، بۆرژوازی بەوە ڕاهاتبوو، پرۆسێسی مێژوویی لە گۆشەنیگای دەستەڵاتدارەکانەوە وەسف بکا، جێگەی

گۆشەنیگای ماتریالی و ئابووری نەدەبووەوە.

بۆ فاشیزم ئەمە دنیابینییەکی هەتا بڵێی بە پیت بوو– لەوێدا مێژوو چرکەساتێکی بیناکردنی ناسیۆنالیستی بوو، کاتێ لە بەر هۆی ئایدۆلۆجی و پرۆپاگەندە «ساتە مەزنەکان» بەرز و زەق دەکرانەوە. ئەو پرسیارەی چینەکانی خوارەوە چۆن لە کاتی کارەساتدا بژێوی خۆیان دابین دەکرد، هیچ دەورێکی نەدەبینی.

ئەم مەبەستەی، دەرگەی ناباو بەرەو مێژوو بخرێتە سەر پشت، زۆر جار لە داهێنانی برێشتدا تووشی دەبین. لە یەکێک لە بەناوبانگترین شیعرەکانی تاراوگەی بە تەواوی خۆی بەم بابەتەوە خەریک کردووە. لە ساڵی ١٩٣٥دا نووسیویەتی.

## پرسیارەکانی کرێکارێکی خوێنەر

کێ تیبەی حەوت دەروازەیی بینا کرد؟
لە کتێباندا ناوی پادشایان نووسراوە.
پادشاکان ئەو گاشەبەردانەیان ڕاکێشاوە؟
ئەی بابلی چەند جار وێرانکراو
کێ هەندە جار بینای کردەوە؟
بەنناکان لە چ ماڵێکی وەکو زێڕ درەشاوەی لیمادا دەژیان؟
ئەو ئێوارەیەی دیواری چین تەواو بوو
بەناکان بۆ کوێ چوون؟
ڕۆمای مەزن پڕ لە کەوانەی ئاهەنگی سەرکەوتنە.
کێ بینای کردن؟
قەیسەرەکان بە سەر کێدا سەرکەوتن؟



بیزەنتی ستایشکراو تەنیا کۆشکی بۆ دانیشتووانی هەبوو؟
تاوەکو لە ئەتلانتیی مەزندا
لەو شەوەیدا دەریا هەڵی لووشی
ئەوانەی خەریک بوو بخنکێن بانگی کۆیلەکانیان دەکرد
ئەلیکساندەری لاو هیندستانی گرت.
ئەو بە تەنیا؟
قەیسەر گالییەکانی بەزاند
هەر هیچ نەبێ چێشتکەرێکی لەلا نەبوو؟
فیلیپی ئیسپانیا گریا کاتێک هێزی دەریایی
لە ئاودا نوقوم بوو، کەسی تر نەگریا؟
فریدریشی دووەم لە جەنگی حەوت ساڵەدا سەرکەوت.
کێ لەگەڵیدا سەرکەوت؟
گشت پەڕەیەک سەرکەوتنێ
کێ چێشتی بە لەزەتی سەرکەوتنی لێ نا؟
هەر دە ساڵ جارێ پیاوێکی مەزن.
کێ باجی دەدا؟
هێندە هەواڵ
هێندە پرسیار

کەریم پەڕەنگ
ڤیەنا ١٩/ ٨/ ٢٠٠٩

## کەسەکان

دایکە ئازا

کاترین، کچە لاڵەکەی

ئایلیف، کوڕە گەورەکەی

شڤایتزەرکاز[١]، کوڕە بچووکەکەی

سەربازگر

چاوەشی جەنگ (چاوەش)

ئاشپەز (چێشتلێنەر)

فەرماندەی بەرەی جەنگ (فەرماندە)

قەشەی لەشکر

خەزنەدار

یڤێت پۆتیر

چاوبەستراو

چاوەشێکی تر

سەرهەنگە پیرەکە

دەفتەردارێک (بەرپرسی نووسینگە)

سەربازێکی لاو

سەربازێکی پیر

---

(١) وشەیەکی ئەڵمانییە، مانای پەنیری سویسرییە (وەرگێڕ).



جووتیارێک

ژنە جووتیارەکە

کوڕێکی گەنج

پیرێژنەکە

جوتیارێکی تر

ژنە جووتیارێک

جووتیارێکی گەنج

ئالا هەڵگر

چەند سەربازێک

دەنگێک

## ١

(بەهاری ١٦٢٤. فەرماندەی هێز ئۆکسنستیەرنا لە دالارنە لەشکر بۆ هێرشکردنە سەر پۆڵۆنیا کۆ دەکاتەوە. ژنە بازرگانی گەڕۆک ئانا فیرلینگ، ناسراو بە دایکە ئازا، کوڕێکی لە دەست دەدا).

(جادەیەکی نزیکی شار).

(چاوەشێک و سەربازگرێک وەستاون لە سەرما هەڵدەلەرزن).

**سەربازگر:**(٢)

مرۆڤ چۆن دەتوانێ لێرە گرووهەیەک هەڵبژێرێ؟ چاوەش، من جاروبار بیر لە خۆکوشتن دەکەمەوە. هەتا دوازدەی مانگ دەبێ چوار ئالاهەڵگر بۆ فەرماندەی هێز ئامادە بکەم و خەڵکەکە لێرە هێندە پڕ لە خراپین، کە شەوێک نییە من تیا بخەوم. ئەگەر بە هەزار حاڵ یەکێک پەیدا دەکەم و زۆر ئاگەداری دەبم و خۆمی لێ نەبان دەکەم، کە سینەتەنگە و ماسوولکەکانی دەیەشێن، منیش کامەرانانە مەستم کردووە، ئیمزای کردووە، من تەنیا پارەی مەیەکە دەدەم، دەردەچێتە دەرێ، من بە دوایدا بۆ دەرگەکە، چونکە من زانیبووم ئەم ماستە موویەکی تێدایە: دروستە، هەڵاتبوو، وەکو ئەسپێی ژێر پەنجە، هیچ وەعدی پیاوانە نییە، نە دڵسۆزی و نە باوەڕ، نە هەستی شەرەف. من

(٢) پیشەیەکی سەربازی بووە، ئەرکی سەربازگر بەهێزکردنی سوپا بووە، لە ڕێی گرتن و ڕاکێشانی سەربازی نوێ بۆ ناو سوپا (وەرگێر).



باوەڕم بە مرۆڤایەتی ون کردووە، چاوەش.

**چاوەش:**

مرۆڤ هەست دەکا، لێرە ماوەیەکی زۆر جەنگ نەبووە. دەپرسم، دەبێ ڕەوشت لە کوێوە بێ؟ ئاشتی تەنیا پیسی و پۆخڵییە، جەنگە کە نەزم دەخوڵقێنێ. لە ئاشتیدا مرۆڤایەتی تەشەنە دەکا. بە مرۆڤ و حەیوانەوە بەچکە بەرازیان دەبێ، هەر وەکو هیچ نەبێ. هەموو کەسێ ئەوە دەخوا کە دەیەوێ، پارچەیەک پەنیر بە سەر نانی سپییەوە و ئەمجا قاژێک چەوریی بەراز بە سەر پەنیرەکەوە. ئەم شارە چەند مرۆڤی لاو و چەند ئەسپی لە پێشەوە هەیە، هیچ کەسێک نازانێ. هەرگیز نەژمێرراون. من بە هەندێ ناوچەدا ڕۆیشتووم، لەوانەیە حەفتا ساڵ بێ جەنگی تێدا نەبووبێ، خەڵکەکە بە هیچ جۆرێک هێشتا ناویان نەبوو، خۆیان خۆیان نەدەناسی. تەنیا ئەو شوێنەی جەنگی لێ بێ لیستەی ڕێکوپێک و تۆمارگەی ڕێکوپێکی لێیە، پێڵاو بە تۆپ دێ و دانەوێلە بە فەردە، مرۆڤ و حەیوان بە پاکی دەژمێررێن و دەگوێزرێنەوە، چونکە مرۆڤ باش دەزانێ: بە بێ نەزم جەنگ نابێ!

**سەربازگر:**

ئەمە زۆر ڕاستە!

**چاوەش:**

وەکو هەموو شتێکی باش، جەنگیش لە سەرەتاوە کردنی سەختە. ئەمجا کە تەشەنە دەکا، ئەویش تۆکمەیە؛ ئەمجا خەڵکەکە لە ئاشتی دەسڵەمێنەوە، وەکو قومارچییەکان پێش

ئەوەی دەست لە یاری هەڵگرن، چونکە دەبێ ئەمجا بیژمێرن
چەندیان دۆڕاندووە. بەڵام لە سەرەتاوە لە جەنگ دەسڵەمێنەوە.
جەنگ بۆیان شتێکی نوێیە.

**سەربازگر:**

ئەوا گالیسکەیەک دێ. دوو ژن و دوو کوڕی گەنج. پیرەکە
ڕاگرە، چاوەش. ئەگەر ئەمەیش هیچ نەبێ، ئیتر خۆم نادەمە
بەر بای نیسان، وا پێت دەڵێم.
(دەنگی جۆق دەبیسترێ. گالیسکەیەکی دارین نزیک دەبێتەوە،
کە دوو کوڕی گەنج ڕای دەکێشن. دایکە ئازا و کاترینی کچی،
کە لاڵە لە سەری دانیشتوون).

**دایکە ئازا:**

بەیانیت باش جەنابی چاوەش!

**چاوەش:**

(دەچێتە سەر ڕێگەکە) بەیانیتان باش، خەڵکینە! ئێوە کێن؟

**دایکە ئازا:**

بازرگانین.
(گۆرانی دەڵێ):
سەروانەکان، با تەپڵەکان بێدەنگ بن
بیهەڵن سەربازە پیادەکانتان ڕابوەستێن:
دایکە ئازا، بە پێڵاوەوە دێ
کە باشتر دەتوانن پێوەی ڕێ بکەن.
بە ئەسپێ و حەیوانەوە



جانتا و تۆپوەشێن و زین و لغاوەوە–
دەبێ بتانبا بۆ بەرەی جەنگ
دەبێ پێڵاوی باشتان هەبێ.
بەهار دێ، مەسیح ئەتۆ ڕابە!
بەفر دەتوێتەوە. مردووەکان ئارام دەگرن.
ئەوەی هێشتا نەمردووە
ئێستا دەکەوێتە ڕێ.
سەروانەکان:[٣] خەڵکەکەتان بە ڕێ کەتوون
با بە بێ باستورمە بەرەو مەرگ نەچن.
با ئازا لە پێشدا چاکیان بکاتەوە
بە شەراب لە تەنگەتاویی جەستە و ڕوحدا.
تۆپ هاوێژ لەسەر سکی برسی
سەروانەکان ئەوە تەندروست نییە.
بەڵام ئەگەر تێر بن، دوعای خێری منتان لەگەڵ
بیانبەن بۆ ناو ئاگری دۆزەخ.
بەهار دێ، مەسیح ئەتۆ ڕابە!
بەفر دەتوێتەوە. مردووەکان ئارام دەگرن.
ئەوەی هێشتا نەمردووە
ئێستا دەکەوێتە ڕێ.

**چاوەش:**

ڕاوەستن، سەر بە کوێن، هیچوپووچینە؟

---

(٣) سەردوان: مولازم

**ئایلیف:**

بەتالیۆنی دووەمی فینلەندا.

**چاوەش:**

پسوولەکانتان لە کوێن؟

**دایکە ئازا:**

پسوولە؟

**شڤایتزەرکاز:**

بەڵام ئەمە دایکە ئازایە!

**چاوەش:**

قەت نەمبیستووە. بۆچی ناوی ئازایە؟

**دایکە ئازا:**

چاوەش، ناوم ئازایە، چونکە لە ماڵوێرانی ترسام و بە ناو ئاگرەتۆپی (ڕیگە)دا بە پەنجا نانەوە لە گالیسکەکەمدا ئاژووتم. کەڕوویان هەڵهێنابوو، کاتی هاتبوو، چارەی ترم نەبوو.

**چاوەش:**

نوکتەم بۆ مەگێڕەوە، ناسنامە (هەویە)کەت لە کوێیە!

**دایکە ئازا:**

(بە دەم دابەزینەوە بە پلیکانەی گالیسکەکەدا کۆمەڵێ کاغەز لە قووتویەکی تەنەکە دەردەهێنێ): چاوەش ئەمە هەموو کاغەزەکانمن. ئەمە سەرجەمی کتێبێکی نزای تێدایە، هی (ئالتئویتینگ)ە، شتێک بۆ خەیار برین و، نەخشەیەکی مێرن، خوا خۆی دەزانێ ئایا جارێک لە جاران دەچم بۆ ئەوێ، ئەگینا لە خۆڕاییە، لێرەشدا نووسراوە، کە ئەسپەکەم هیچ پەتای



کەڵبە و سمی نییە و، بە داخەوە تۆپیوە، پازدە گوڵدن لە سەرمان کەوت، بەڵام سوپاس بۆ خوا من پارەکەم نەدا. ئەم کاغەزانە بەسن؟

**چاوەش:**

دەتەوێ پێم ڕابوێری؟ ئەم بێڕووییەت لە بیر دەبەمەوە. تۆ دەزانی دەبێ مۆڵەتت هەبێ.

**دایکە ئازا:**

بە ڕێزەوە قسە لەگەڵ من بکەن و بۆ منداڵە هەرزەکارەکانم مەگێڕنەوە کە دەمەوێ پێتان ڕابوێرم، ئەمە کارێکی ناڕەوایە، من هیچم لەگەڵ ئێوەدا نییە. مۆڵەتەکەم لای بەتالیۆنی دوو ڕوخسارە ڕاشکاوەکەمە، ئەگەر ناتوانن بیخوێننەوە، ناتوانم یارمەتیتان بدەم. نایەڵم مۆرێکی لێ بدەن.

**سەربازگر:**

چاوەش، من لای ئەم کەسە هەست بە ڕوحێکی سەرکەش دەکەم. لە ئۆردووگا پێویستمان بە پەروەردە هەیە.

**دایکە ئازا:**

وام زانی پێویستتان بە سجووقە.

**چاوەش:**

ناوت.

**دایکە ئازا:**

ئانا فیرلینگ.

**چاوەش:**

کەواتە هەمووتان ناوتان فیرلینگە؟

**دایکە ئازا:**

بۆچی؟ من ناوم فیرلینگە. ئەمانە ناویان فیرلینگ نییە.

**چاوەش:**

وام زانی هەموویان منداڵی تۆن؟

**دایکە ئازا:**

ئێ منداڵی منن، بەڵام دەبێ هەموویان ناویان وەکو یەک بێ؟ (ئاماژە بۆ کوڕە گەورەکەی دەکا): ئەمەیان بۆ نموونە ناوی ئایلیف نۆوسکییە، لەبەرچی، باوکی هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، گوایە ناوی کۆوسکی یان مۆوسکییە. ئەم کوڕە ئەوی هێشتا باش لە بیرە، تەنیا یەکێکی تر هەبوو کە ئەم لە بیرێتی، فەڕەنسییەک بە بزنەڕیشێکەوە. بەڵام جگە لەوەیش لە باوکییەوە ژیریی بە میرات بۆ ماوەتەوە؛ دەیتوانی پانتۆڵ لە پێی جووتیار دابکەنێ، بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکا. بەو جۆرە هەر یەکە لە ئێمە ناوی خۆی هەیە.

**چاوەش:**

چۆن، هەر یەکەو ناوێکی تر؟

**دایکە ئازا:**

بۆ خۆتان لە نەزانی دەدەن.

**چاوەش:**

کەواتە ئەو چینییە؟ (ئاماژە بۆ بچووکترەکە دەکا).

**دایکە ئازا:**

نەتزانی، سویسرییە.



**چاوەش:**

پاش فەڕەنسییەکە؟

**دایکە ئازا:**

دوای چی فەڕەنسییەک؟ من هیچ فەڕەنسییەک ناناسم. شتەکان تێکەڵ مەکەن، ئەگینا ئێوارەیش هەر لێرە وەستاوین. سویسرییەک، بەڵام ناوی فەیۆسە، ناوێک کە هیچ پێوەندییەکی بە باوکییەوە نییە. ناوی هەر زۆر بە جۆرێکی تر بوو و بەنای قەڵا بوو، تەنیا بەدمەست بوو.

(شڤایتسەرکاس بە خۆشییەوە سەر دەلەقێنێ، کاترینی لاڵیش پێی خۆشە).

**چاوەش:**

چۆن دەتوانێ ناوی فەیۆس بێ؟

**دایکە ئازا:**

نامەوێ بریندارت بکەم، بەڵام فەنتازیات زۆر نییە. بێگومان ناوی فەیۆسە، چونکە کاتێ ئەو لە دایک بوو، من لەگەڵ هەنگارییەکدا بووم، بۆ ئەو گرینگ نەبوو، ڕیخۆلەخۆرکەی بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەرگیز تنۆکێکی نەخواردبووەوە، مرۆڤێکی زۆر سەرڕاست. کوڕەکەی وەکو ئەو دەرچووە.

**چاوەش:**

بەڵام خۆ ئەو باوکی نەبوو؟

**دایکە ئازا:**

بەڵام وەکو ئەو دەرچووە. ناوم ناوە شڤایتسەرکاز، بۆچی، لەبەرئەوەی لە گالیسکە ڕاکێشاندا زۆر باشە. (ئاماژە بۆ

کچەکەی دەکا): ئەمیان ناوی کاترین هاوپتە، نیوە ئەڵمانە.

**چاوەش:**

دەبێ بڵێم، خێزانێکی ڕوو خۆشن.

**دایکە ئازا:**

بەڵێ، من بە گالیسکە دارینەکەمەوە بە هەموو دنیادا گەڕاوم.

**چاوەش:**

ئەو شتانە هەموو دەنووسرێن. (دەنووسێ) تۆ خەڵکی بامبێرگی لە باڤاریا، چۆن هاتووی بۆ ئێرە؟

**دایکە ئازا:**

من ناتوانم چاوەڕوان بم هەتا جەنگ بە خێری بۆ (بامبێرگ) دێت.

**سەربازگر:**

ئێوە دەبێ ناوتان یەعقووب گامێش و ئێساو گامێش بێ، لەبەرئەوەی ئێوە گالیسکەکە ڕادەکێشن. ئێوە هەرگیز لەم گالیسکەیە نایەنە دەرێ؟

**ئایلیف:**

دایە، دەتوانم  بە قەپۆزیدا بدەم؟ زۆر حەز دەکەم.

**دایکە ئازا:**

منیش لێتی قەدەغە دەکەم، لە جێی خۆت ڕادەوەستی. ئێستا جەنابی ئەفسەران، دەمانچەیەکی باش یان پشتێنی قایشتان پێویست نییە، ئەوەی خۆتان کۆن بووە، جەنابی چاوەش.

**چاوەش:**

من شتێکی ترم پێویستە، دەبینم کوڕەکان وەکو دار قان



هەڵچوون، سنگ پان، قاچوقولی ئەستوور: دەمەوێ بزانم، بۆچی خۆیان لە خزمەتی سەربازی دەدزنەوە؟

**دایکە ئازا:**

(خێرا): هیچ ناکرێ، چاوەش. منداڵەکانی من بۆ پیشەی جەنگ نابن.

**سەربازگر:**

بەڵام بۆچی نا؟ ئەمە قازانج و ناوداری دەهێنێ. پۆستاڵ بە هەرزان فرۆشتن کاری ژنانە. (بە ئایلیف) جارێک وەرە پێشەوە، با دەستت لێ بدەم بزانم ماسوولکەت هەیە یان جووجەڵەی.

**دایکە ئازا:**

جووجەڵەیە. ئەگەر یەکێک بە گرژومۆنی سەیری کا لەوانەیە ببوورێتەوە.

**سەربازگر:**

دەیتوانی گوێرەکەیەک بکوژێ، ئەگەر یەکێکی لە تەنیشتەوە بووایە.

(دەیەوێ لەگەڵ خۆیی بەرێ).

**دایکە ئازا:**

لێی دەگەڕێی؟ ئەو بۆ ئێوە دەست نادا.

**سەربازگر:**

ئەو زۆر سووکایەتی پێ کردم ناوی دەمی منی بە قەپۆز هێنا. ئێمە هەردووکمان دەچینە ئەو کێڵگەیەوە و شتەکە لە نێوان پیاواندا دەبڕێنینەوە.

**ئایلیف:**

بێدەنگ بە. دایە، من خۆم لە حەقی دێم.

**دایکە ئازا:**

لە جێی خۆت ڕادەوەستی! خوێڕی! دەتناسم، تەنیا حەزت لە زۆرانبازییە. چەقۆیەک بە پۆستاڵەکەوەیەتی، پێیتدا دەکا.

**سەربازگر:**

وەکو دانی شیری هەڵی دەکەنم، کوڕیژگە وەرە.

**دایکە ئازا:**

جەنابی چاوەش، بە سەرهەنگ دەڵێم. دەتانخاتە بەندیخانەوە. ستوان هاتوچۆکەری کچەکەمە.

**چاوەش:**

برا بە زەبروزۆر نا. (بە دایکە ئازا): چیت دژی خزمەتی سەربازی هەیە؟ باوکی سەرباز نەبوو؟ مەردانە شەهید نەبوو؟ تۆ خۆت وتت.

**دایکە ئازا:**

ئەو هێشتا زۆر منداڵە. دەتانەوێ بۆ قەسابخانەی بەرن، من دەتانناسم. پێنج گوڵدنی پێ وەردەگرن.

**سەربازگر:**

لە پێشدا بێرییەکی جوان و پۆستاڵ وەردەگرێ، وا نییە؟

**ئایلیف:**

نەک لە تۆ.

**دایکە ئازا:**

ماسیگر بە کرمی وت وەرە لەگەڵما بۆ ڕاوەماسی.



(بەشڤایتسەرکاز): ڕابکە و هاوار بکە. دەیانەوێ براکەت بدزن. (چەقۆیەک ڕادەکێشێ). تاقی بکەنەوە و بیدزن. بەر چەقۆتان دەدەم، ساختەچییانە. پێتانی پێشان دەدەم، بەو جەنگ دەکەن! ئێمە سەرڕاستانە کەتان و سجووق دەفرۆشین و خەڵکی بێ وەین.

**چاوەش:**

لە چەقۆکەترا دیارە چەند بێ وەیت. دەبێ شەرمت بە خۆت بێ، چەقۆکە لابە، پیرێژنی چەپەڵ! پێشتر دانت پێدا نا کە بە جەنگ دەژی، ئەگینا چۆن دەتەوێ بژی، بە چی؟ بەڵام جەنگ چۆن دەبێ، ئەگەر سەرباز نەبێ؟

**دایکە ئازا:**

مەرج نییە کوڕەکانی من بن.

**چاوەش:**

ئاوەها، جەنگەکەت دەبێ ناوکەکە بخوا و هەرمێکە بتفێنێتەوە! ڕووتەو پووتەکانت دەبێ بە جەنگ قەڵەو بن و هیچ باجیان لێ وەرنەگیرێ. دەبێ خۆی مشووری ئەوە بخوا چۆن کارەکەی مەیسەر دەکا، وا نییە؟ ناوت ئازایە، ها؟ لە جەنگ دەترسی، ناندەرەکەت؟ کوڕەکانت لێی ناترسێن، من خۆم لێیانم بیستووە.

**ئایلیف:**

من لە جەنگ ناترسێم.

**چاوەش:**

بۆچی بترسێی؟ سەیری من کەن: نسیبی سەربازبوونم خراپ

لێهاتووە؟ من بە حەڤدە ساڵی دەستم پێ کرد.

**دایکە ئازا:**

تۆ هێشتا حەفتا نیت.

**چاوەش:**

دەتوانم چاوەڕوانی بم.

**دایکە ئازا:**

بەڵێ، لەوانەیە لە ژێر خاکدا.

**چاوەش:**

دەتەوێ سووکایەتیم پێ بکەیت و پێم دەڵێی، دەمرم؟

**دایکە ئازا:**

ئەی ئەگەر ئەمە ڕاستی بێ؟ ئەگەر ببینم پێتەوە دیارە؟ کە تۆ سەیر دەکەی وەکو تەرمێک دیاری کە لە پشوودا بێ، ها؟

**شڤایتسەرکاز:**

توانای خوێندنەوەی ئایندەی هەیە، هەموو خەڵکەکە وا دەڵێن. پێشبینیی پاشەڕۆژ دەکا.

**سەربازگر:**

دە کەواتە پێشبینیی ئایندە بە جەنابی چاوەش بڵێ، لەوانەیە کەیفی پێ بێ.

**چاوەش:**

من بڕوام پێی نییە.

**دایکە ئازا:**

کڵاوخودەکەم بدەرێ.

(کڵاو خوودەکەی دەداتێ) .



**چاوەش:**

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەمرم. تەنیا بۆ ئەوەیە شتێکم بۆ پێکەنین هەبێ.

**دایکە ئازا:**

(دەفتەرێک دەهێنێ و دەیدڕێ):

ئایلیف، شڤایتسەرکاز و کاترین، لەوانەیە هەموومان ئاوەها لەتوپەت کرێین، ئەگەر زۆر بە چڕیی خۆمان بدەینە دەستی جەنگەوە. (بە چاوەش): من ناوێزە بۆ ئێوە بە خۆڕایی دەیکەم. من خاچێکی ڕەش لەسەر کاغەزەکە دەکەم. ڕەش مەرگە.

**شڤایتسەرکاز:**

ئەوانی تر بە بەتاڵی دەهێڵێتەوە، دەبینی؟

**دایکە ئازا:**

قەدیان دەکەم، ئێستا تێکیان دەدەم. وەکو ئێمە چۆن هەر لە سکی دایکەوە تێکەڵین،، ئێستا ڕای دەکێشی و دەزانی.

(فەرماندە خۆی دوا دەخا).

**سەربازگر:**

(بە ئایلیف) من هەموو کەسێک وەرناگرم، من بە ناوبانگم بە هەڵاوێردن، بەڵام تۆ ئاگرێکت هەیە، کە خۆش دەمورووژێنێ.

**چاوەش:**

(دەست دەخاتە نێو کڵاوخودەکەوە):

گەمژەیی! جگە لە فڕوفێڵ هیچی تر نییە.

**شڤایتسەرکاز:**

خاچێکی ڕەشی ڕاکێشا، دەمرێ.

**سەربازگر:**

مەیەلە بتترسێنن. بۆ هەموو کەسێک گوللەیەک نەتوێنراوەتەوە.

**فەرماندە:**

(بە دەنگی نووساوەوە):

تۆ هەڵت خەڵەتاندم.

**دایکە ئازا:**

تۆ لەو ڕۆژەدا خۆت هەڵخەڵەتاند کە بووی بە سەرباز. ئێستاش دەڕۆین، هەموو ڕۆژێک جەنگ نییە. دەبێ پەلە بکەم.

**چاوەش:**

دۆزەخ و شەیتان، من نایەڵم تۆ فرۆفێڵم لێ بکەی. کوڕە زۆڵەکەت لەگەڵ خۆمان دەبەین، لای ئێمە دەبێتە سەرباز.

**ئایلیف:**

دایە، من دەمەوێ ببمە سەرباز.

**دایکە ئازا:**

تۆ کەڵبەت داخە، شەیتانی فینلەندی.

**ئایلیف:**

ئێستا شڤایتسەرکازیش دەیەوێ ببێتە سەرباز.

**دایکە ئازا:**

ئەمە بۆ من نوێیە. دەبێ ئێوەیش خۆو بەخت ڕابکێشن. ئێوە هەرسێکتان.

(دەچێتە دواوە لەسەر کاغەزێک وێنەی خاچێک دەکێشێ).

**سەربازگر:**

(بە ئایلیف): دژی ئێمە گوتراوە کە لە ئۆردووگای سویدیدا



ئیماندارانە دەگوزەرێ، بەڵام ئەمە تەنیا بوختانە، بۆ ئەوەی زیانمان پێ بگەیەنن. تەنیا بە یەکشەمووان گۆرانی دەگوترێ، تەنیا یەک کۆپلە! و تەنیا کاتێک یەکێک دەنگی خۆش بێ.

**دایکە ئازا:**

(بە کاغەزەکانی نێو کڵاوخوودەکەی چاوەشەوە دەگەڕێتەوە):

دەیانەوەی لە دایکیان هەڵبێن، شەیتانانە، وەکو گوێرەکە چۆن مل دەنێ، ئاوا بۆ جەنگ بڕۆن. بەڵام من لە کاغەزەکان دەپرسم، ئەوسا دەبینن کە جیهان پێدەشتی خۆشیی نییە، بە «لەگەڵم وەرە، کوڕم، هێشتا فەرماندەی هێزمان گەرەکە». چاوەش، من لە بەر ئەوان گەورەترین ترسم هەیە، نایانەوێ لە جەنگ قورتاریان بێ. سیفەتی دژواریان هەیە، هەرسێکیان. (کڵاو خوودەکە بۆ ئایلیف ڕادەگرێ). ها، خۆوبەختێک ڕاکێشە. (ئایلیف یەکێک دەردەهێنێ، دەیکاتەوە. دایکە ئازا لە دەستی ڕای دەپسکێنێ). ئەوەتانێ، خاچە! ئاخ، منی دایکی بەدبەخت، منی دایکی پڕ ئازار. دەمرێ؟ لە بەهاری ژیاندا دەبێ بمرێ. ئەگەر ببێتە سەرباز لە شەڕدا دەکوژرێ، ئەمە ڕوونە. زۆر پڕکێشە، لە باوکی دەچێ. ئەگەر ئاقڵ نەبێ ئەوا ڕێگەی مەرگ دەگرێتە بەر، کاغەزەکە دەیسەلمێنێ. (بە سەریدا دەقیژێنێ) دەتەوێ عاقڵ بی؟

**ئایلیف:**

بۆچی نا؟

**دایکە ئازا:**

ئاقڵ ئەوەیە، ئەگەر لە لای دایکت بمێنیتەوە، ئەگەر گاڵتەت پێ

بکەن و پێت بڵێن جووجەڵە، تەنیا پێ بکەنە.

**سەربازگر:**

ئەگەر خۆت پیس کرد، براکەت دەبەم.

**دایکە ئازا:**

من پێم وتی دەبێ پێ بکەنی. پێ بکەنە! شڤایتسەرکاز ئێستا تۆ ڕادەکێشی. لە تۆ کەمتر ترسم هەیە. تۆ سەرڕاستی. (لە کڵاوخوودەکەدا کاغەزێک دەردەهێنێ)، ئۆی، بۆ وا سەیر تەماشای کاغەزەکە دەکەی؟ بە دڵنیاییەوە خاڵییە. مەحاڵە خاچێکی پێوە بێ. نابێ تۆم لە دەست بچی. (کاغەزەکەی لێ دەستێنێ). خاچێک؟ ئەویش! دەبێ شتی وا ڕووب دا، لەبەرئەوەی ئەو ساکارە؟ ئای، شڤایتسەکاز، تۆیش لە ناو دەچی، ئەگەر هەموو کاتێک زۆر سەرڕاست نەبی، وەکو هەر لە منداڵییەوە فێرم کردووی و لە نانکڕین باقیی پارەکەم بۆ دەهێنیتەوە. تەنیا ئەو کاتە دەتوانی خۆت ڕزگار کەی، کە سەرڕاست بی. سەیرکە چاوەش، ئایا خاچێکی ڕەشە یان نا؟

**چاوەش:**

خاچە. تێ ناگەم کە بۆچی یەکێکم ڕاکێشاوە. من هەمیشە خۆم لە دواوە دەگرم. (بە سەربازگر): فرۆفێل ناکا. ئەوانەی خۆیشی بەر دەکەون.

**شڤایتسەرکاز:**

منیش بەرکەوتووم. بەڵام با هەر بڵێن.

**دایکە ئازا:**

(بە کاترین): بە دڵنیاییەوە ئێستا تەنیا تۆ بۆم دەمێنیتەوە، تۆ



خۆت خاچی: تۆ دڵێکی باشت هەیە. (کڵاو خوودەکە بۆ کاترین لە ناو گالیسکەکە بەرز دەکاتەوە، بەڵام دایکە ئازا خۆی کاغەزەکە دەردەهێنێ). من خەریکە نائومێد دەبم ، مەحاڵە ئەمە ڕاست بێ، لەوانەیە لە کاتی تێکەڵکردندا هەڵەم کردبێ. هێندە دڵت باش نەبێ، کاترین، لەمەودوا هێندە دڵت باش نەبێ، خاچێک بە سەر ڕێگەکەی تۆیشەوەیە. خۆت هەمیشە بێدەنگ ڕاگرە، ئەمە هێندە قورس نییە، کە تۆ خۆت لاڵی، ئێستا دەزانن. ئێستا هەموو دەیزانن. هەموو ئاگەدار بن، پێوستتان پێیەتی. ئێستا سەردەکەوین و دەڕۆین. (کڵاو خوودەکە دەداتەوە بە چاوەش و سەردەکەوێتە سەر گالیسکەکە).

**سەربازگر:**

(بە فەرماندە) شتێک بکە!

**چاوەش:**

هەست دەکەم وەزعم هیچ باش نییە.

**سەربازگر:**

لەوانەیە سەرمات بووبێ، کە لە بەردەم باکەدا کڵاوخوودەکەت داکەند. بە سەودایەکەوە سەرقاڵی بکە. (بە دەنگی بەرز): بە لای کەمەوە دەتوانی سەیری ئاوزوونەکە بکەی، چاوەش. مرۆڤە باشەکان بە بازرگانی دەژین، وا نییە؟ ها، ئێوە، فەرماندە دەیەوێ ئاوزوونەکە بکڕێ!

**دایکە ئازا:**

بە نیو گوڵدن. ئاوزوونێکی ئاوها، نرخی دوو گوڵدنە.

(لە گالیسکەکە دادەبەزێتەوە).

**چاوەش:**

نوێ نییە. لێرە بایەکە، دەبێ لەسەرخۆ لێی ورد ببمەوە. (بە ئاوزوونەکەوە دەچێتە پشتی گالیسکەکەوە).

**دایکە ئازا:**

من هەست بە تەوژمی با ناکەم.

**چاوەش:**

لەوانەیە نیو گوڵدن بێنێ، زیوە.

**دایکە ئازا:**

(دەچێ بۆ لای بۆ پشتی گالیسکەکە): بە لای کەمەوە شەش عەیارە.

**سەربازگر:**

(بە ئایلیف): ئەمجا دەچینە ناو پیاوانەوە. من پارەم لەلایە، وەرە.

(ئایلیف بێڕا دەوەستێ)

**دایکە ئازا:**

دە باشە نیو گوڵدن.

**چاوەش:**

تێ ناگەم، من هەمیشە خۆم لە دواوە دەگرم. شوێنێکی ئەمین، وەکو تۆ چاوەش بی، مەحاڵە. تۆ دەتوانی ئەوانی تر بنێریتە پێشەوە، کە ناوبانگ پەیدا کەن. هەموو نیوەڕۆکەم لێ تێک چوو. من باش دەزانم، ئیتر هیچم بۆ قووت نادرێ

**دایکە ئازا:**

تۆ نابێ شتەکان بە جۆرێک لە دڵ بگری نەتوانی ئیتر هیچ



بخۆی. خۆت لە دواوە بگرە. ئەوەتا قومێک عەرەق بخۆرەوە، پیاو. (شتێکی بۆ خواردنەوە دەداتێ).

**سەربازگر:**

(ئایلیفی خستووەتە ژێر باڵی و لەگەڵ خۆیدا بۆ دواوەی ڕادەکێشێ): دە گوڵدن پێشەکیت دەدەمێ، تۆ مرۆڤێکی پڕکێشی و بۆ پادشا دەجەنگێی و ژنەکانیش بۆت شێت و شەیدا دەبن. دەشتوانی مشتێک بە دەممدا بدەی لەبەرئەوەی سووکایەتیم پێ کردی.

(هەردووکیان شانۆ بە جێ دەهێڵن).

(کاترینی لاڵ لە گالیسکەکەوە باز دەداتە خوارەوە و دەست دەکا بە هاتووهاوار).

**دایکە ئازا:**

هەر ئێستا کاترین، هەر ئێستا. جەنابی چاوەش پارە دەدا. (گاز لە نیو گوڵدنەکە دەگرێ). من بەرامبەر هەموو پارەیەک بەدگومانم. من ماران گەستووم، چاوەش. بەڵام پارەکە باشە. ئێستا دەڕۆین، ئایلیف لە کوێیە؟

**شڤایتسەرکاز:**

لەگەڵ سەربازگرەکەدا ڕۆیشت.

**دایکە ئازا:**

(زۆر بێدەنگ دەوەستێ، ئەمجا): هەی مرۆڤی سادە و ساکار.

(بە کاترین): دەزانم تۆ ناتوانی قسە بکەی، تۆ بێ خەتای.

**چاوەش:**

دایکە، تۆ خۆت دەتوانی قومێک بخۆیتەوە. ئیتر کاری دنیا

ئاوهایە. سەرباز خراپترین شت نییە. دەتەوێ بە جەنگ بژی،
بەڵام دەتەوێ خۆت و کەسوکارەکەت بە دوور بگری، چۆن؟

**دایکە ئازا:**

کاترین، ئێستا دەبێ لەگەڵ براکەتدا ڕاکێشی.
(هەر دووکیان، برا و خوشک، خۆیان بە پێشی گالیسکەکەوە دەبەستن و ڕای دەکێشن. دایکە ئازا بە تەنیشتیانەوە دەڕوا. گالیسکەکە دەکەوێتە ڕێ).

**چاوەش:**

(لە دواوە سەیریان دەکا):
ئەوی بیەوێ بە جەنگ بژی
خۆ دەبێ شتێکییشی بداتێ.



## ٢

لە ساڵانی ١٦٢٥ و ١٦٢٦دا دایکە ئازا لە ناو گالیسکەیەکی بارگە و ئازووقەی سوپای سویدیدا بە پۆڵۆنیادا دەگەڕێ. لە بەر قەڵای والهۆفدا تووشی کوڕەکەی دەبێتەوە. فرۆشتنی بەختەوەرانەی کەڵەبابێکی خەسێنراوی دابەستە و ڕۆژە مەزنەکانی کوڕە جەسوورەکە.
(خێوەتگای فەرماندەی هێز)
(لە تەنیشتییەوە متبەخەکە. گرمەی گوللەتۆپ. ئاشپەز (چێشتلێنەر)ەکە لەگەڵ دایکە ئازادا شەڕ دەکا، کە دەیەوێ کەڵەشێرێکی خەسێنراوی دابەستە بفرۆشێ).

**ئاشپەز:**

شەست هێلەر بۆ پەلەوەرێکی ئاوا بەستەزمان؟

**دایکە ئازا:**

پەلەوەری بەستەزمان؟ ئەم گیانلەبەرە چەورە؟ دەبێ فەرماندەیەکی هێز، هێندە زۆرخۆر هەتا دەری دەرەوە، وەی بە حاڵتان، ئەگەر هەتا نیوەڕۆ هیچتان نەبێ، نەتوانن شەست هێلەر بدەن؟

**ئاشپەز:**

لەم نزیکە دەرزەنێکی وەکو ئەوە بە دە هێلەر دەکڕم.

**دایکە ئازا:**

چی، دەتەوێ کەڵەشێرێکی ئاوهت لەم نزیکە دەست کەوێ؟ کە

ئابلۆوقە هەبوو واتە برسێتی، کە پێستە ئەستوورەکە دەتەقێ. لەوانەیە جرجێکی کێڵگەتان بەردەست کەوێ، دەڵێم لەوانەیە، چونکە هەموو خوراون، پێنج پیاوی زل نیو ڕۆژ بە دوای جرجێکی برسی کێڵگەوەن. پەنجا هێلەر بۆ کەڵەشێرێکی گەورە لە کاتی ئابلۆقەدا.

**ئاشپەز:**

ئێمە ئابلۆقە نادرێین، بەڵکو ئەوانی تر. ئێمە ئابلۆقەدەرین، دەبێ ئەمە بچێتە مێشکتەوە.

**دایکە ئازا:**

بەڵام هیچمان بۆ خواردن نییە، بەڵێ لەوانەی شار کەمترمان هەیە. هەموو شتێکیان بۆ خۆیان ڕاکێشا. وەکو دەبیستم لە خۆشی و نیعمەتدا دەژین. بەڵام ئێمە! من لای جووتیارەکان بووم، هیچیان نییە.

**ئاشپەز:**

هەیانە. دەیشارنەوە.

**دایکە ئازا:**

(بە شادمانییەوە): نییانە. ماڵوێران بوونە، هەر ئەوەن کە هەن. برسێتی دەکێشن. من هەندێکیم بینیوە، لە برساندا ڕیشە هەڵدەکەنن، دوای کوڵاندنی قایشێکی چەرم پەنجەی خۆیان دەلێسنەوە. ئاوهایە. من کەڵەشێرێکم هەیە و دەبێ بە چل هێلەر لە کۆڵی خۆمی بکەمەوە.

**ئاشپەز:**

بە سی، نەک چل. من وتم بە سی.



**دایکە ئازا:**

جەناب، ئەمە کەڵەشێرێکی ئاسایی نییە. بیستوومە ئەمە حەیوانێکی هێندە بە سەلیقە بووە، ، تەنیا کاتێک دانی خواردووە، کە مۆسیقایان بۆ لێدابێ و لەشبادانێکی جوانی هەبووە. توانیویەتی حیساب بکا، ئەوەندە ژیر بووە. ئەی گوایە چل هێلەری بۆ زۆرە؟ فەرماندەی هێز ملت دەپەڕێنێ، ئەگەر خوان هیچی لەسەر نەبێ.

**ئاشپەز:**

دەبینن من چی دەکەم؟

(پارچەیەک گۆشتی گا دێنێ و چەقۆی دەخاتە سەر).

ئەوە پارچەیەک گۆشتی گام هەیە، سووری دەکەمەوە. دوا مۆڵەتی بیرکردنەوەت دەدەمێ.

**دایکە ئازا:**

سووری کەنەوە. ئەوە هی پارە.

**ئاشپەز:**

ئەوە هی دوێنێ ئێوارەیە، گایەکە هێشتا دەهات و دەچوو، من خۆم بینیم.

**دایکە ئازا:**

کەواتە هەر بە زیندوویەتی بۆگەنی هاتووە.

**ئاشپەز:**

ئەگەر پێویست بکا، پێنج سەعات دەیکوڵێنم، دەمەوێ ببینم، ئایا هێشتا ڕەقە. (گۆشتەکە دەبڕێ).

**دایکە ئازا:**

بیبەری زۆر پێوە بکە بۆ ئەوەی جەنابی فەرماندەی هێز هەست بە بۆنی بۆگەنەکە نەکا.

(فەرماندەی هێز، ئیمامێکی لەشکر و ئایلیف دێنە ناو خێوەتگاکەوە).

**فەرماندەی هێز:**

(دەدا بە سەر سەرشانی ئایلیفدا) کوڕم، ئێستا وەرە ژوورەوە بۆ لای فەرماندەی خۆت و لە دەستە ڕاستمەوە دابنیشە. چونکە تۆ کارێکی پاڵەوانانەت بە جێ هێنا، وەکو جەنگاوەرێکی بە ئیمان و بۆ خوات کرد، ئەوەی تۆ کردت، لە جەنگێکی ئیماندا، من بە خەڵاتێکی تایبەتی بەرز دەکەم، بە بازنێکی زێڕ، هەر ئەوەندەی کە شارم گرت. ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی ڕوحیان ڕزگار بکەین، ئەی ئەوان چی دەکەن، وەکو دەلە جووتیاری بێ شەرم و چەپەڵ؟ ڕەشەوڵاخەکانیان بڵاوە پێ دەکەن! بەڵام لە پێش و لە دواوە بە پیاوە ڕوحانییەکانیاندا دەکەن، بەڵام تۆ دەرسێکی باشت دادان. من دۆلکەیەک شەرابی سوورت بۆ تێ دەکەم، هەردووکمان بە یەک بێن دەیخۆینەوە! (هەردووکیان دەخۆنەوە). قوزەڵقورت بە قەشەی لەشکر دەدەین، ئەو لە خواترسە. دڵەکەم، بۆ نیوەڕۆ حەزت لە چییە؟

**ئایلیف:**

پنجکێک گۆشت، بۆچی نا؟

**فەرماندەی هێز:**

ئاشپەز، گۆشت!





**ئاشپەز:**

هیچ لێرە نییە، ئەمیش میوان لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

(دایکە ئازا بێدەنگی دەکا، چونکە دەیەوێ گوێ ڕادێرێ).

**ئایلیف:**

جووتیار ئازاردان مرۆڤ برسی دەکا.

**دایکە ئازا:**

خوایە، ئەوە ئایلیفەکەی خۆمە.

**ئاشپەز:**

کێ؟

**دایکە ئازا:**

کوڕە گەورەکەم. دوو ساڵە نەمبینیووە، لەسەر جادە لێیان دزیم و وا دیارە خاتری زۆرە، کە فەرماندە بۆ خواردن دەعوەتی دەکا، چیت بۆ خواردن هەیە؟ هیچ! گوێت لێ بوو، وەکو میوان حەز دەکا چی بخوا: گۆشت! بیەڵە باش ئامۆژگاریت بکەم، هەر ئێستا ئەو کەڵەشیرە بەرە، نرخی یەک گوڵدنە.

**فەرماندەی هێز:**

(لەگەڵ ئایلیف و قەشەی لەشکردا دانیشتووە و دەنەڕێنێ): خواردن کامب، تۆ چێشتلێنەری ئەژدیها، ئەگینا دەتکوژم.

**ئاشپەز:**

بێنە بە لەعنەت بی، موختەلیس.

**دایکە ئازا:**

وام زانی مەلێکی بەستەزمانە.

**ئاشپەز:**

بەستەزمان، بێنە بمدەرێ، نرخێکی گوناهکارانەیە، پەنجا هێلەر.

**دایکە ئازا:**

من دەڵێم یەک گوڵدن. بۆ کوڕە گەورەکەم، میوانی خۆشەویستی جەنابی فەرماندە، هیچ شتێکم بۆ گران نییە.

**ئاشپەز:**

(پارەکەی دەداتێ): بەڵام دە بە لای کەمەوە ئاوەڕووتی کە، هەتا من ئاگرەکە دەکەمەوە.

**دایکە ئازا:**

(دادەنیشێ کەڵەشێرەکە ئاوەڕووت بکا): دەبێ ڕوخساری چۆن بگۆڕێ کە من بمبینێ، ئەوە کوڕە ئازا و ژیرەکەمە. کوڕێکی گەمژەیشم هەیە، بەڵام ئەو سەرڕاستە. کچەکەم هیچە. بە لای کەمەوە قسە ناکا، ئەمە شتێکی باشە.

**فەرماندەی هێز:**

کوڕم یەکێکی تریش بخۆرەوە، ئەمە باشترین فالارنەرە بە لامەوە، تەنیا یەک بۆشکە (بەرمیل) یان زۆر زۆر دووانم لێی ماوە، بەڵام ئەوەم بە لاوە بە بەهایە کە دەبینم ئیمانێکی ڕاستەقینەی تر لە سوپا گەورەکەمدا هەیە. ئەو شوانی ڕوحەش جارێکی تر تەماشا دەکا، چونکە تەنیا خوتبە دەدا و چۆن دەبێ بکرێ، نازانێ. ئێستا، ئایلیف کوڕم، بە تەواوەتی بۆمانی باس بکە، چەند نایاب جووتیارەکانت هەڵخەڵەتاند و بیست مانگاکەت گرت. هیوادارم بەم زووانە بگەنە ئێرە.



**ئایلیف:**

لە ڕۆژێک یان زۆر زۆر لە دوو ڕۆژی تردا.

**دایکە ئازا:**

ئەمە پڕ هەستانەیە لەلایەن ئایلیفەکەمەوە، کە سبەینێ گایەکان دەگرێتەوە، ئەگینا سڵاوتان لە کەڵەشێرەکەم نەدەکرد.

**ئایلیف:**

شتەکە وا بوو: بیستم کە جووتیارەکان بە دزییەوە، بە شێوەیەکی گشتی بە شەو، گایە شارراوەکانیان لە دارستانەکانەوە دەئاژوونە ناو بەشێکی دیاریکراوەوە، ئەوانەی شار دەیانویست بیانبەن بۆ شار. هێشتم بە هێمنی وڵاخەکانیان بئاژوون، بیرم کردەوە ئەوان لە من ئاسانتر دەیاندۆزنەوە. ئەمجا خەڵکەکەم بۆ گۆشت چلێس کرد، ئەو بەشە خۆراکە کەمەی هەیانبوو، دوو ڕۆژ کەمتریشم کردەوە، کە ئاو دەزایە دەمیان، کاتێ تەنیا گوێیان لە وشەیەک بووایە کە بە گۆ دەست پی دەکا، وەکو گۆم.

**فەرماندەی هێز:**

ئەمە ژیرانە بوو لە تۆوە.

**ئایلیف:**

لەوانەیە. هەموو شتەکانی تر کاری بچووک بوون. تەنیا کە جووتیارەکان گورزیان پێ بوو و سێ بە قەد ئێمە بوون و شاڵاوێکی کوشندانەیان بۆ هێنایین. چواریان تەنگەتاویان کردمە ناو دەوەنێکەوە و بە لێدان تفەنگەیان پێ لە دەست فڕێ دام و هاواریان کرد: خۆت بدە بە دەستەوە! چی دەکرێ، بیرم

کردەوە، دەمکەنە قیمە.

**فەرماندەی هێز:**

چیت کرد؟

**ئایلیف:**

پێ کەنیم.

**فەرماندەی هێز:**

چیت کرد؟

**ئایلیف:**

پێ کەنیم. ئاوا گفتوگۆیەکی لێ کەوتەوە. یەکسەر لەگەڵیان کەوتمە سەوداکردن و وتم: بیست گوڵدن بۆ گایەک زۆرە. من پازدە دەدەم. وەکو بمەوێ پارە بدەم. دەسڵەمێنەوە و سەری خۆیان دەخورێنن. یەکسەر بۆ تفەنگەکەم دادەچەمێمەوە و لێیان دەدەم. ناچاری سەر بە ماڵی دوژمندا دەکا[٤]، وا نییە؟

**فەرماندەی هێز:**

شوانی ڕوح، تۆ چی دەربارە دەڵێی؟

**قەشەی لەشکر:**

ئەگەر بە وردی تەماشای بکەی، لە ئینجیلدا ئەم ڕستەیە نییە، بەڵام پەروەردگارمان توانییەتی بە سیحر پینج نان بکاتە پێنج سەد نان، لە بەر ئەوە تەنگەتاوی نەبووە، توانیویەتی داوا بکا، کە مرۆڤ ئەوانی تری خۆش بوێ، چونکە مرۆڤ تێر بوو. لەم سەردەمەدا بە تەواوی بە جۆرێکی تر.

---

(٤) لە ئەڵمانییەکەدا دەڵێ، تەنگەتاویی گوناه نازانێ. (وەرگێڕ)



**فەرماندەی هێز:**

(پێ دەکەنێ): بە تەواوی بە جۆرێکی ترە. ئێستا قومێکت دەدەینێ، مشەخۆر. (بە ئایلیف): تێت هەڵدان، وا باشە، بۆ ئەوەی خەڵکە سەلارەکانم پلێکی باش بکەوێتە بەر دانیان. ئەی لە کتێبدا نەنووسراوە: کەمترین شت کە بۆ براکانمت کردبێ، بۆ منت کردووە؟ ئەی چیت بۆ کردن؟ ژەمێک خواردنی باش لە گۆشتی گات بۆ پەیدا کردن، چونکە بە نانی کەڕوواوی ڕانەهاتوون، بەڵکو پێشتر لە کلاوخوودەدا خواردنە ساردەکانی سەموون و شەرابیان ئامادە دەکرد، پێش ئەوەی بۆ خوا شەڕ بکەن.

**ئایلیف:**

بەڵێ، هەر ئێستا بۆ تفەنگەکەم دادەچەمێمەوە و دارکارییان دەکەم.

**فەرماندەی هێز:**

قەیسەرێکی لاو لە ناختدایە. تۆ دەبێ پاشا ببینی.

**ئایلیف:**

لە دوورەوە بینیوومە. شتێکی ڕووناکی هەیە. دەمەوێ بیکەمە سەرمەشقی خۆم.

**فەرماندەی هێز:**

تۆ چوویتەوە سەر ئەو. ئایلیف، من قەدری سەربازێکی وەکو تۆ دەگرم، سەربازێکی ئازا. یەکێکی ئاوا وەکو کوڕی خۆم مامەڵەی لەگەڵ دەکەم. (ئایلیف دەبا بۆ لای نەخشەکە). تەماشای بارودۆخەکە بکە، ئایلیف، هێشتا زۆری ماوە.

**دایکە ئازا:**

(کە گوێی شل کردبوو و ئێستا بە ڕقەوە کەڵەشێرەکە ئاوەڕووت دەکا):

ئەمە دەبێ فەرماندەیەکی زۆر خراپ بێ.

**ئاشپەز:**

زۆرخۆرە، بەڵام لەبەرچی خراپ؟

**دایکە ئازا:**

لەبەرئەوەی سەربازی ئازای پێویستە، بۆیە. ئەگەر بیتوانیبا پلانێکی باشی هێرشکردن دابنێ، سەربازی ئازای بۆ چی بوو؟ سەربازی ئاسایی بەسن. بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر لە هەر شوێنێک فەزیلەتی وا گەورە هەبێ، ئەوە بەڵگەیە، کە شتێک ناچیزە.

**ئاشپەز:**

من وا بیرم کردەوە، کە ئەمە دەیسەلمێنێ، کە شتێک باشە.

**دایکە ئازا:**

نەخێر، کە شتێک خراپە. بۆچی؟ ئەگەر فەرماندەیەکی هێز یان پاشایەک زۆر گەمژە بێ و خەڵکەکەی بخاتە مەترسییەوە، ئەوا پێویستی بە ئازایەتییەکی کوشندەیە لای خەڵکەکە، فەزیلەتیشی پێویستە. ئەگەر بەرچاوتەنگ بێ و سەرباز کەم ناونووس بکا، ئەوا دەبێ هەر کەسەو هەرقلێک بێ. ئەگەر چەپەڵ بێ و مشووری هیچ نەخوا، ئەوا دەبێ وەکو مار ژیر بن، ئەگینا لە ناو دەچن. دڵسۆزییەکی تایبەتیشی پێویستە، ئەگەر هەمیشە بڕوای زۆری پێیان بێ. ئەمانە هەموو فەزیلەتگەلێکن،



کە وڵاتێکی ڕێکوپێک و پاشایەکی باش و فەرماندەیەکی باش پێویستیان پێیان نابێ. لە وڵاتێکی باشدا فەزیلەت پێویست نییە، هەموو دەتوانن زۆر ئاسایی بن، با مامناوەندیی ژیر بن و با ترسنۆکیش بن.

**فەرماندەی هێز:**

گرەو دەکەم، باوکت سەرباز بووە.

**ئایلیف:**

وەکو بیستوومە، سەربازێکی گەورە بووە. لەبەر ئەوە دایکم ئاگەداری کردوومەتەوە. گۆرانییەک دەزانم.

**فەرماندەی هێز:**

بۆمانی بچڕە! (بە نەڕاندنەوە): خواردنەکە بەم زووانە ئامادە دەبێت!

**ئایلیف:**

ناوی: گۆرانیی ژنەکە و سەربازەکەیە.

(بە شمشێرەکەیەوە سەمای جەنگ دەکا و گۆرانییەکە دەڵێ):

تفەنگ تەقە دەکا و، ڕم کون دەکا
ئاو ئەوانە دەخوا کە تیای ڕێ دەکەن.
چی دەتوانن دژی شەختە بکەن؟ خۆت دوور بگرە، حەکیمانە نییە!
ژنەکە بە سەربازەکەی گوت.
بەڵام سەربازەکە بە گوللەوە لە لوولەی تفەنگەکەی دا
گوێی لە تەپڵ بوو و بەمە پێ کەنی:
مارشکردن ئیتر زیانبەخش نییە!

بەرەو خوارەوە بۆ باشوور، بەرەو سەرەوە بۆ باکوور
بە دەست چەقۆکە دەگرێتەوە!
سەربازەکان بە ژنەکەیان گوت.
ئاخ، بەتاڵی پەشیمان دەبێتەوە، هەرکەسێ لە ئامۆژگاریی
حەکیم سڵ بکاتەوە
نەشیەڵێ تەمەن ڕاوێژی بکا.
ئاخ، بەرز مەفڕە! نزم دەنیشیتەوە!
ژنەکە بە سەربازەکەی گوت.
بەڵام سەربازەکە بە چەقۆوە لە کەمەری دا
بە ساردی بە ڕوویدا پێ کەنی و بە ناو ئاوە تەنکەکەدا ڕۆیشت
ئاو دەیتوانی چی زیانێکی پێ بگەیەنێ؟
گەر مانگ بە سپێتی بە سەر سەربانی کاریتەوە ڕاوەستابێ
جارێکی تر دەگەڕێینەوە، قەناعەتی پێ بکە!
سەربازەکان بە ژنەکەیان گوت.

**دایکە ئازا:**

(لە متبەخەکەوە درێژە بە گۆرانییەکە دەدا، بە کەوچکێک لە مەنجەڵێک دەدا):
ئێوە وەکو دووکەڵ بە سەر دەچن و! گەرمییەکەش دەڕوا و
کارەکانتان گەرممان ناکەنەوە!
ئاخ، دووکەڵ چەند زوو بە سەر دەچێ! خوا ئەویش بپارێزێ!
ژنی سەربازەکە گوتی.

**ئایلیف:**

ئەوە چییە؟



**دایکە ئازا:**

(لە گۆرانی چڕین بەردەوام دەبێ):
سەربازەکەی چەقۆ بە کەمەرەوە
بە ڕمەوە لار بووەوە، ئاوەکە لەگەڵ خۆی برد
ئاوەکە ئەوانەی خوارد، کە تیایدا ڕێ دەکەن.
مانگ بە ساردی و بە سپێتی بە سەر سەربانی کاریتەوە وەستابوو
بەڵام سەربازەکە بە شەختەکەوە نقوم بوو
ئەی سەربازەکان چییان بە ژنەکە گوت؟
وەکو دووکەڵ بە سەرچوو، گەرمییەکەیش ڕۆیشت
کار و کردەوەکانی گەرمیان نەکردەوە.
ئاخ، بە تاڵی پەشیمانە، ئەوەی سام لە ئامۆژگاریی حەکیمەکان دەکاتەوە!
ژنەکە بە سەربازەکانی گوت.

**فەرماندەی هێز:**

ئەمڕۆ لە چێشتخانەکەمدا زۆر ڕێ بە خۆیان دەدەن.

**ئایلیف:**

(دەچێتە متبەقەکە. باوەش بە دایکیدا دەکا):
جارێکی تر دەتبینمەوە! ئەوانی تر لە کوێن؟

**دایکە ئازا:**

(باوەشی پێیدا کردووە): وەکو ماسی لە ئاودا باشن. شڤایتسەرکاز بووەتە خەزنەداری بەتالیۆنی دوو؛ بە لای

کەمەوە ناکەوێتە شەڕ و شۆڕەوە، نەمتوانی بە تەواوی دووری بخەمەوە.

**ئایلیف:**

ئەی پێیەکانت لە چیدان؟

**دایکە ئازا:**

بەیانیان بە زەحمەت دەیانکەمە پێڵاوەوە.

**فەرماندەی هێز:**

(چووە بۆ لایان) تۆ دایکیت. هیوادارم کوڕی تری ئاوات بۆ من زۆر بێ.

**ئایلیف:**

ئەگەر ئەمە بەختەوەریی من نەبێ: لە متبەخەکە دادەنیشی و گوێت لێ دەبێ، چۆن ستایشی کوڕەکەت دەکرێ!

**دایکە ئازا:**

بەڵێ، گوێم لێ بوو. (زللەیەکی لێ دەدا)

**ئایلیف:**

(دەست بە ڕوومەتییەوە دەگرێ): لەبەرئەوەی من گاکانم گرت؟

**دایکە ئازا:**

نەخێر، لەبەرئەوەی تۆ خۆت بە دەستەوە نەدا، کاتێ ئەو چوارە کەوتنە گیانت و ویستیان پارچەپارچەت کەن! فێرم نەکردی کە دەبێ ئاگەداری خۆت بی؟ هەی شەیتانی فینلەندی!

(فەرماندەی هێز و قەشەی لەشکر لە چەقی دەرگەکەدا ڕاوەستاون و پێ دەکەنن)



## ٣

(پاش سێ ساڵ، دایکە ئازا لەگەڵ چەند بەشێکی بەتالیۆنی فینلەندیدا دەستبەسەر دەکرێ. کچەکەی قورتاری دەبێ، هەروەها گالیسکەکەیشی، بەڵام کوڕە سەرڕاستەکەی دەمرێ).

(سەربازگە).

(پاشنیوەڕۆ. بە ستوونێکەوە بەیداخی بەتالیۆن هەڵواسراوە. دایکە ئازا لە گالیسکەکەیەوە کە شتێکی زۆری پێوە هەڵواسراوە. سەری تەنافێکی بە تۆپهاوێژێکی گەورە و سەرەکەی تری بە گالیسکەکەیەوە بەستووە و شتێکی زۆری پێیدا هەڵواسیوە. لەگەڵ کاتریندا لە سەر تۆپهاوێژەکە جل قەد دەکا. لەم سەروبەندەدا لەگەڵ گەنجینەوانێکدا سەودای کیسەیەک فیشەک دەکا. شڤایتسەرکاز، ئێستا لە جلوبەرگی یەکپۆشیی خەزنەدارێکدا سەیریان دەکا.

ژنێکی جوان، یڤێت پۆتیر شەپقەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دەدروێ، پەرداخێک برەندی لە بەردەمدایە. کۆلۆنی لە پێدایە، پێڵاوە سووره پاژنەبەرزەکانی بە تەنیشتییەوەن).

**گەنجینەوان:**

من فیشەکەکانت بە دوو گوڵدن دەدەمێ. ئەمە هەرزانە، پارەم پێویستە، چونکە سەرهەنگ دوو ڕۆژە لەگەڵ ئەفسەرەکان دەخواتەوە و شەراب نەماوە.

**دایکه ئازا:**

ئەمە تەقەمەنیی بەتالیۆنە. ئەگەر لە لای من بدۆزرێتەوە، دەمدەنە دادگای لەشکر. ساختەچییانە ئێوە فیشەکەکان دەفرۆشن. تیپەکە هیچی نامێنێ بە دوژمنییەوە بنێ.

**گەنجینەوان:**

هێندە دڵڕەق مەبن، هەر کەسە پێویستی بە یەکێکی تر دەبێ.

**دایکه ئازا:**

من شتی سوپا وەرناگرم. بەو نرخە نا.

**گەنجینەوان:**

دەتوانن بە پێنج گوڵدن بیانفرۆشن، تەنانەت بە هەشت ئەم ئێوارەیە بە دزییەوە بیانفرۆشنە گەنجینەوانی بەتالیۆنی چوار، ئەگەر حسابێکی بە دوازدە گوڵدن بۆ بنووسی. ئەو هەر هیچ تەقەمەنیی نەماوە.

**دایکه ئازا:**

بۆ خۆتان ئەمە ناکەن؟

**گەنجینەوان:**

لەبەرئەوەی متمانەم پێی نییە، ئێمە هاوڕێین.

**دایکه ئازا:**

(کیسەکەی لێ وەردەگرێ): بێنە. (بە کاترین): بیبەرە پشتەوە و گوڵدن و نیوێکی بدەرێ. (لە وەڵامی ناڕەزاییی گەنجینەواندا): من دەڵێم گوڵدن و نیوێک. (کاترین کیسەکە دەباتە دواوە، گەنجینەوان بە دوایدا. دایکە ئازا بە شڤایتسەرکاز): ئەوا دەرپێکەت وەرگرتەوە، باشی هەڵبگرە، ئێستا ئۆکتۆبەرە و بەم



زووانە پایز دێ، بە جەختەوە  ناڵێم دەبێ، چونکە فێر بووم، هیچ شتێک نابێ بەو جۆرە بێ کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، تەنانەت وەرزەکانیش وا نایەن. بەڵام دەبێ هەرچی چۆنێ بێ قاسەی بەتالیۆن دروست بێ. قاسەکەت تەواوە؟

**شڤایتسەرکاز:**

بەڵێ، دایە.

**دایکه ئازا:**

لە بیرت نەچێ تۆیان کردووەتە خەزنەدار، لەبەرئەوەی تۆ سەرڕاستی و وەکو براکەت ئازا نیت، پێش هەموو شتێک، لەبەرئەوەی تۆ ساکاری، کە بە دڵنیاییەوە ئەوەت بە بیردا نایەت بە پارەکەوە هەڵبێی، تۆ نا. ئەمەیش زۆر دڵنیام دەکا. دەرپێکەت لە شوێنێکی لاچەپ دامەنێ.

**شڤایتسەرکاز:**

نەء، دایە، دەیخەمە ژێر دۆشەکەکەوە.

(دەیەوێ بڕوا).

**گەنجینەوان:**

خەزنەدار، من لەگەڵت دێم.

**دایکه ئازا:**

بەڵام فرتوفێڵەکانی خۆتانی فێر نەکەن.

(گەنجینەوان بە بێ خواحافیزی لەگەڵ شڤایتسەرکازدا دەڕوا).

**یڤێت:**

(لە پشتەوە بە دەست خوا حافیزی لێ دەکا): گەنجینەوان، دەتوانن ماڵئاواییش بکەن!

**دایکە ئازا:**

(بە یڤێت) حەز ناکەم بە یەکەوە بیانبینم. ئەو بۆ شڤایتسەرکازەکەم هەڤاڵ نییە. بەڵام جەنگ خراپ گەشە ناکا. هەتا هەموو دەوڵەتەکان تێوە دەگلێن، لەوانەیە چوار، پێنج ساڵی تر بەردەوام بێ. تەنیا تۆزێک دووربینی و ئاگەدار نەبوون من بازرگانییەکی باش دەکەم. نازانی نابێ بە نەخۆشییەکەتەوە پێش نیوەڕوان هیچ بخۆیتەوە؟

**یڤێت:**

کێ دەڵێ من نەخۆشم، ئەمە بوختانە!

**دایکە ئازا:**

هەموو وا دەڵێن.

**یڤێت:**

لەبەرئەوەی هەموویان درۆ دەکەن. دایکە ئازا، من زۆر نائومێدم لەبەرئەوەی هەموو خۆیان لێم لا دەدەن، لەبەر ئەم درۆیانە وەکو خۆیان لە ماسییەکی گەنیو لا بدەن، بۆچی هێشتا شەپقەکەم ئامادە دەکەم؟ (شەپقەکەی فڕێ دەدا). لەبەرئەوە بە پێش نیوەڕوان شت دەخۆمەوە، هەرگیز ئەوەم نەکردووە، گۆشەی چاوم چرچولۆچی تیایە، بەڵام ئێستا هیچ شتێک گرینگ نییە. لە بەتالیۆنی دووەمی فینلەندی هەموو دەمناسن. دەبوو لە ماڵەوە بمێنمەوە وەکو یەکەم دۆستم لای درکاندم. فیز بۆ ئێمەمانان هیچ نییە، مرۆڤ دەبێ بتوانێ گواو قووت دا، ئەگینا باری لێژ دەبێ.



**دایکە ئازا:**

تەنیا ئێستا لە بەردەم کچەکەمدا جارێکی تر دەست بە پیتەر مەکەرەوە شتەکان چۆن ڕوویان دا، لە بەردەم کچە بێگوناهەکەمدا.

**یڤێت:**

با هەر ئێستا گوێی لێ بێ، بۆ ئەوەی دڵی دژی خۆشەویستی ڕەق بێ.

**دایکە ئازا:**

کەس دژی خۆشەویستی دڵی ڕەق نابێ.

**یڤێت:**

دە دەیگێڕمەوە، لەبەرئەوەی بە گێڕانەوەی دڵم سوکنایی پیا دێ. بەوە دەست پێ دەکا کە من لە (فلاندەرن)ی دڵگیر گەورە بووم، ئەگەر ئەوە نەبووایە چاوم پێی نەدەکەوت و ئێستا لە پۆڵۆنیا نەدەبووم، چونکە ئاشپەزی سەربازان بوو، قژ زەرد، هۆلەندی بوو، بەڵام ڕیوەڵە بوو، کاترین، خۆت لە ڕیوەڵەکان بپارێزە، بەڵام ئەو کاتە هێشتا ئەمەم نەدەزانی، ئەوەیشم نەدەزانی کە ژنێکی تری هەبوو، کە ئەمی بە پیتەری پایپ بانگ دەکرد، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا پایپەکەی لە دەم نەدەکردەوە، لە لای ئەو هێندە لاوەکی بوو.

(گۆرانی بە هاوڕێبوون دەڵێ):

من تەمەنم تازە حەڤدە ساڵان بوو

دوژمن هاتە وڵاتەوە.

شمشێرەکەی دانا و

دڵۆڤانە دەستی گرتم.
پاش بیرەوەریی مایس
ئەمجا بای مایس هەڵی کرد.
بەتالیۆن چوارگۆشە وەستابوو
وەکو نەریت دەست بە تەپڵ لێدان کرا
ئەمجا دوژمن ئێمەی بردە پشتی دار و دەوەنەوە
بووین بە هاوڕێ.
دوژمن زۆر بوون
دوژمنەکەی منیش ئاشپەزێک بوو
بە ڕۆژ ڕقم لێی دەبووەوە
بەڵام بە شەو خۆشم دەویست،
چونکە لە پاش یادی مایس
ئەمجا بای مایس هەڵدەکا
بەتالیۆن چوارگۆشە دەوەستێ
وەکو نەریت دەست بە تەپڵ لێدان دەکرێ
ئەمجا دوژمن دەمانباتە پشتی دار و دەوەنەوە
دەبین بە هاوڕێ.
ئەو عەشقەی من هەستم پێ کرد
هێزێکی ئاسمانی بوو
کەسوکارەکەم تێی نەگەیشتن
کە خۆشم دەوێ و ڕقم لێی نابێتەوە.
لە تاریکوڕوونی بەیانییەکدا
خەم و ئازارم دەستی پێ کرد





بەتالیۆن چوارگۆشە وەستابوو
ئەمجا وەکو نەریت تەپڵ لێ درا
ئەمجا دوژمن، ئازیزەی منیش
بە مارش لە شارەکەمان دەرچوو.

بە داخەوە بە دوایدا ڕۆیشتم، بەڵام چاوم پێی نەکەوتەوە. ئەوا پێنج ساڵی بە سەردا ڕۆیشت. (بە لارە لار دەچێتە پشتی گالیسکە دارینەکەوە).

**دایکە ئازا:**

شەپقەکەت لە بیر چوو.

**یڤێت:**

هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ بۆ خۆی بیبات.

**دایکە ئازا:**

کاترین، با ئەمەت بۆ ببێتە دەرس. هەرگیز پێوەندی لەگەڵ سەربازان مەبەستە. خۆشەویستی هێزێکی خواییە. ئاگەدارت دەکەمەوە. تەنانەت لەگەڵ ئەوانەیشدا کە لە سوپا نین، هەنگوین لێسانەوە نییە. پێت دەڵێ، دەیەوێ ئەو ئەرزە ماچ کا، کە تۆ پێی پیا دەنێی ، ئەوا باش بوو بیرم کەوتەوە، دوێنێ پێت شۆری، ئەمجا دەبێتە کارەکەری. دەبێ ئاسوودە بی کە لاڵی، چونکە هەرگیز دژوازیی خۆت ناکەی، یان هەرگیز ناتەوێ زمانی خۆت بگەزی، چونکە ڕاستیت وتووە، ئەمە دیارییەکی خوایە، لاڵبوون. ئەوا ئاشپەزەکەی فەرماندە دێ، دەبێ چی بوێ؟

(ئاشپەزەکە و قەشەی لەشکر دێن).

**قەشەی لەشکر:**

پەیامێکتان لە ئایلیفی کوڕتانەوە بۆ دەهێنم، ئاشپەزەکەش لەگەڵمدا هات، سەرنجی ئەوتان ڕاکێشاوە.

**ئاشپەز:**

من تەنیا لەگەڵی هاتم بۆ ئەوەی کەمێک هەوای پاک هەڵمژم.

**دایکە ئازا:**

لێرە هەمیشە دەتوانی هەوای پاک هەڵمژی، ئەگەر بە شەرەفەوە ڕەفتار بکەن، ئەگەر وایش نەکەن من لەگەڵتاندا هەڵدەکەم. چی دەوێ، من پارەم پێ نەماوە.

**قەشەی لەشکر:**

لە ڕاستیدا دەبێ هەواڵێک بە براکەی بگەیەنم، بە جەنابی خەزنەدار.

**دایکە ئازا:**

لێرە نەماوە و لە هیچ شوێنێکی تریش نییە. ئەو خەزنەداری براکەی نییە. نابێ هەوڵ بدا لە کلێشەی بەرێ و لە بەرامبەر ئەودا خۆی بە دانا پیشان بدا. (لە کیسەکەی کە بە ملییەوەیەتی پارە دەردەهێنێ و دەیداتێ). ئەمەی بدەنێ، ئەمە گوناهە، خەملّی خۆشەویستیی دایک لێ دەدا و دەبێ شەرم بکا.

**ئاشپەز:**

زۆر ناخایەنێ، ئەمجا دەبێ لەگەڵ بەتالیۆنەکەیدا دەرچێ، کێ دەزانێ. لەوانەیە بەرەو مەرگ سەفەر بکا. دەبێ هی تریشی بخەنە سەر، لە دواییدا پەشیمان دەبنەوە. ئێوەی ژن دڵڕەقن،



بەڵام لە دواییدا پەشیمان دەبنەوە. پەرداخێک برەندی کاتی خۆی هیچی نەدەکرد، بەڵام بە کەسیان نەدا، کێ دەزانێ، ئەمجا یەکێک لەسەر چیمەنی سەوزدا پاڵ کەوتووە و ئیتر ئێوە ناتوانن دەری بهێنن.

**قەشەی لەشکر:**

ئاشپەز ئێوە هەست و سۆزتان نەجووڵێ. کوژران لەم جەنگەدا مەرحەمەتە نەوەک زیان، بۆچی؟چونکە ئەمە جەنگی باوەڕە. جەنگێکی ئاسایی نییە، بەڵکو جەنگێکی تایبەتییە، لە هەر شوێنێ لە پێناوی ئیماندا بەرپا بکرێ، واتە بە دڵی خوایە.

**ئاشپەز:**

ئەمە دروستە. بە شێوەیەک لە شێوەکان جەنگێکە، کە سووتان، کوژران تالان و بڕۆی تێدایە، کەمێک ئەتککردن نابێ لە بیر بکرێ، بەڵام بەوە لە هەموو جەنگەکانی تر جیاوازە کە جەنگی باوەڕە، ئەمە ئاشکرایە. بەڵام تینووش دەکا، دەبێ پێی لێ بنێن.

**قەشەی لەشکر:**

(بە دایکە ئازا، ئاماژە بۆ ئاشپەز دەکا):

هەوڵم دا بیگێڕمەوە، بەڵام گوتی، کە ئێوە سەرنجیتان ڕاکێشاوە، خەونتان پێوە دەبینێ.

**ئاشپەز:**

(پایپێکی کورت دادەگرسێنێ): تەنیا پەرداخێک برەندی لە دەستێکی جوان وەردەگرم، شتێکی بەد نییە. بەڵام من هێندە شەکەتم، چونکە قەشەی لەشکر بە درێژایی ڕێگە نوکتەی وای بۆ کردووم، کە ئێستایش هێشتا دەبێ سەروچاوم سوور بێ.

**دایکە ئازا:**

لە پۆشاکی ئاینیشدا! دەبێ شتێکتان بۆ خواردنەوە بدەمێ، ئەگینا لە وەڕسیدا داخوازییەکی نائاکاری دەکەن.

**قەشەی لەشکر:**

ئەمە هەوڵێکە، پێشنوێژی دەربار ئەمەی گوت و خۆی خستە بەر پێی.

(لە کاتی ڕۆیشتندا ئاوڕ لە کاترین دەداتەوە):

ئەم ژنە کەمەندکێشە کێیە؟

**دایکە ئازا:**

ئەمە ژنێکی کەمەندکێش نییە، بەڵکو ژنێکی بە شەرەفە.

(قەشەی لەشکر و ئاشپەزەکە لەگەڵ دایکە ئازادا دەچنە پشتەوەی گالیسکەکە. کاترین لە پشتەوە سەیریان دەکا و لە جلوبەرگەکان دوور دەکەوێتەوە، بەرەو شەپقەکە دەڕوا، شەپقەکە هەڵدەگرێتەوە و دادەنیشێ، پێڵاوە سوورەکان لە پێ دەکا. لە پشتەوە مشتومڕی سیاسیی نێوان دایکە ئازا و قەشەی لەشکر و ئاشپەزەکە دەبیسترێ).

**دایکە ئازا:**

پۆڵۆنییەکان لێرە لە پۆڵۆنیا نەدەبوو خۆیان تێ هەڵقورتێنن، ڕاستە پاشای ئێمە بە ئەسپ و پیاو و عەرەبانەوە هاتە ناوەوە، بەڵام پۆڵۆنییەکان لە جیاتی ئەوەی ئاشتییان بپاراستایە، دەستیان لە کاروباری خۆیان وەردا و پەلاماری پاشایان دا، کە بە هەموو هێمنییەکەوە هاتە ناوەوە. بەوە خۆیان بە ئاشتی شکاندن تاوانبار کرد، هەموو خوێنێکیش بە سەریاندا دەڕژێ.



**قەشەی لەشکر:**

پاشامان تەنیا ئازادیی لە زەیندا بوو. قەیسەر هەمووی دەچەوساندەوە، پۆڵۆنییەکانی وەکو ئەڵمانەکان دەچەوساندەوە، پاشا دەبوو ڕزگاریان بکا.

**ئاشپەز:**

من وای دەبینم، برەندییەکەتان نایابە، لە سەیرکردنی سەروچاوتدا سەهووم نەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی باسی پاشا دەکەین، ئەو ئازادییەی لەو شوێنەی ئەڵمانیا ئەو دەیەویست بەرکەماڵی بکا، زۆر لەسەر پاشا کەوت، بەوەی باجی خوێی لە سوێد هێنایە ئاراوە، وەکو وتمان لەسەر خەڵکی هەژار کەوت، ئەمجا دەبوو ئەڵمانەکان زیندان بکا و بیانکاتە چوار پارچەوە، چونکە دەیانەویست پابەندی کۆیلەیەتیی خۆیان بن بۆ قەیسەر. بێگومان، ئەگەر یەکێک نەیەوێ ئازاد بکرێ، پاشا گاڵتە تێ نەدەگەیشت. لە سەرەتاوە تەنیا دەیەویست پۆڵۆنیا لە خەڵکی بەد بپارێزێ، بە تایبەتی لە قەیسەر، ئەمجا لە کاتی خواردندا ئیشتیای کرایەوە و، سەرجەمی ئەڵمانیای پاراست. خراپ بەرگریی نەکرد. بەو جۆرە پاشای دڵباش جگە لە سەریەشە لە دڵباشی و خەرجییەکانی هیچی تری بە نسیب نەبوو و دەبوو بێگومان لە ڕێی باجەوە قەرەبووی ئەو خەرجییانە بکاتەوە، کە بوونە هۆی چاندنی دوژمنایەتی، بەڵام لە خۆی تاڵ نەکرد. ئەو تەنیا یەک شتی هەبوو، ئەویش ئینجیل بوو، ئەمەیش هێشتا شتێکی باش بوو. ئەگینا دەگوترا بۆ خۆی دەکا و دەیەوێ قازانجی هەبێ. ئاوا هەمیشە ویژدانێکی باشی هەبوو، ئەمە

سەرەکیترین شت بوو بۆ وی.

**دایکە ئازا:**

مرۆڤ تێبینی دەکا، جەنابتان سوێدی نین، ئەگینا بە جۆرێکی تر باسی پاشای پاڵەوانتان دەکرد.

**قەشەی لەشکر:**

خۆ ئێوە نانی ئەو دەخۆن.

**ئاشپەز:**

من نانی وی ناخۆم، من بۆی دەبرژێنم.

**دایکە ئازا:**

کەس ناتوانێ بە سەریدا سەرکەوێ، بۆچی، خەڵکەکەی بڕوایان پێیەتی. (بە جدی): کە مرۆڤ گوێی لە قسەی سەرزلەکان دەبێ، جەنگەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ترس لە خوا و هەموو ئەو شتانەی باش و جوانن. بەڵام کە مرۆڤ باش لێی ورد دەبێتەوە، ئەوەندە گەمژە نین، بەڵکو جەنگەکان بۆ قازانج دەکەن. ئەگینا خەڵکی بچووکی وەکو من هاوکار نابێ.

**ئاشپەز:**

وایە.

**قەشەی لەشکر:**

وەکو هۆلەندییەکیش شتێکی باشتان دەکرد، ئەگەر تەماشای ئەو ئاڵایەتان بکردبا کە هەڵکراوە، پێش ئەوەی لە پۆڵۆنیا ڕای خۆتان بدەن.

**دایکە ئازا:**

لێرە هەموو ڕێگەکانی ئیڤانگیلی دروستن. نۆش!



(کاترین شەپقەکەی یڤێتی کردووەتە سەر و خۆی با دەدا، لاساییی ڕۆیشتنی یڤێت دەکاتەوە).

(لە پڕ ناڵەی تۆپ و گیڤەی گوللە دەبیسترێ. دەنگی تەپڵ. دایکە ئازا، ئاشپەزەکە و قەشەی لەشکر لە پشتی عەرەبانەکەوە دێنە پێشەوە، ئاشپەزەکە و قەشەی لەشکر هێشتا پەرداخەکانیان بە دەستەوەیە. گەنجینەوانەکە و سەربازێک بە ڕاکردن دێن بۆ لای تۆپ هاوێژەکە و هەوڵ دەدەن پاڵی پێوە بنێن).

**دایکە ئازا:**

چی ڕووی داوە؟ دەبێ لە پێشدا جلەکانم هەڵگرم، هەی بێ ئەدەبینە. (هەوڵ دەدا جلەکانی قورتار بکا).

**گەنجینەوان:**

کاتۆلیکەکان! هێرشیان کردووە. ئێمە جارێ نازانین، ئایا دەردەچین. (بە سەربازەکە): ئەم تۆپهاوێژە ببە! (لە ڕاکردن بەردەوام دەبێ).

**ئاشپەز:**

بۆ خاتری خوا دەبێ بچم بۆ لای فەرماندە. ئازا، من ڕۆژێک لە ڕۆژانی داهاتوودا دێم بۆ دەمەتەقێیەکی بچووک.

(دەکەوێ).

**دایکە ئازا:**

ڕاوەستە، پایپەکەتان لە بیر چووە!

**ئاشپەز:**

(لە دوورەوە): بۆمی هەڵگرە! پێویستم پێیەتی.

**دایکە ئازا:**

کات بڕاوە ئێستا نەبێ، کە تۆزێک پارەمان دەست کەوت!

**قەشەی لەشکر:**

بەڵێ، کەواتە منیش دەڕۆم. بێگومان، ئەگەر دوژمن هێندە نزیک بێ، وەزعەکە لەوانەیە خەتەر بێت. لە جەنگدا دەگوترێ، ئاشتیخوازان جێگەیان بەهەشت بێت. ئەگەر پاڵتۆیەکم لەسەر ئەم شتانەوە لە بەر دەبوو.

**دایکە ئازا:**

من پاڵتۆ بە قەرز نادەم، ئەگەر ژیانیش ببێتە قوربانی. ئەزموونی خراپم کردووە.

**قەشەی لەشکر:**

بەڵام من لەبەر بڕوام بە تایبەتی لە خەتەردام.

**دایکە ئازا:**

(پاڵتۆیەکی بۆ دەهێنێ): دژی ویژدانی باشتری خۆم دەیکەم. ڕاکە دەی.

**قەشەی لەشکر:**

زۆر سوپاس، ئەمە دڵفراوانییە لەلایەن ئێوەوە، بەڵام لەوانەیە باشتر بێ لێرە بمێنمەوە، لەوانەیە گومان بورووژێنم و دوژمن بۆ لای خۆم ڕاکێشم، ئەگەر لە کاتی هەڵاتندا ببینرێم.

**دایکە ئازا:**

(بە سەربازەکە): لێی گەڕێ، کەرە، کێ پارەی ئەوەت دەداتێ؟ من بە ئەمانەت بۆتی هەڵدەگرم، ئەمە دەتدا بە کوشت.



**سەرباز:**

(بە دەم ڕاکردنەوە): دەتوانی شایەدیم بۆ بدەی، من هەوڵم دا .

**دایکە ئازا:**

سوێند دەخۆم. (کچەکەی بە شەپقەوە دەبینێ). بەو شەپقە سۆزانییەوە چی دەکەی؟ هەر ئێستا لە سەرتی لا دەبەی، تۆ شێت بووی؟ ئێستا کە دوژمن دێ؟ (شەپقەکە لە سەری کاترین ڕادەپسکێنێ). دەتەوێ بتدۆزنەوە و بتکەنە سۆزانی؟ ئەم سۆزانییە پێڵاوەکانیشی لە پێ کردووە! پێڵاوەکان داکەنە! (دەیەوێ لە پێی داکەنێ). ئای خوایە، یارمەتی دە جەنابی قەشەی لەشکر، کە بتوانێ پێڵاوەکانی داکەنێ! هەر ئێستا دێمەوە. (بۆ لای گالیسکەکە ڕادەکا).

**یڤێت:**

(بە دەم سپیاوکردنەوە): ئێوە چی دەڵێن، کاتۆلیکەکان دێن؟ شەپقەکەم لە کوێیە؟ کێ بە لەقەوە چووەتە سەری؟ کە کاتۆلیکەکان بێن من ناتوانم ئاوها ڕێ بکەم. چۆن بیرم لێ دەکەنەوە؟ ئاوێنەیشم نییە. (بە قەشەی لەشکر): چۆن دیارم؟ سپیاوم زۆر لێ داوە؟

**قەشەی لەشکر:**

تەواوە.

**یڤێت:**

ئەی پێڵاوەسوورەکان لە کوێن؟ (نایاندۆزێتەوە، چونکە کاترین پێیەکانی دەخاتە ژێر تەنوورەکەیەوە). من لێرەم دانابوون. دەبێ بچمە خێوەتەکەمەوە. بە پێخاوسی. ئەمە شەرمە! (دەڕوا).

(شڤایتسەرکاز بە ڕاکردن دێ، سندووقێکی بچووکی بە دەستەوەیە).

**دایکە ئازا:**

(دەستی پڕە لە خۆڵەمێش. بە کاترین): ئەوە خۆڵەمێشم هێناوە. (بە شڤایتسەرکاز): ئەوە چیت پێیە؟

**شڤایتسەرکاز:**

قاسەی بەتالیۆن.

**دایکە ئازا:**

فڕێی دە! خەزنەدار لە بنی هەمانەکەی داوە.

**شڤایتسەرکاز:**

ئەمە بە ئەمانەت دراوە. (دەچێتە پشتەوە).

**دایکە ئازا:**

(بە قەشەی لەشکر) جبەکەت لە بەر داکەنە، هەرچەندە پاڵتۆشت لە بەردایە هەر دەتناسنەوە. (خۆڵەمێش بە سەروچاوی کاتریندا دەسوێ). ڕاوەستێ! کەمێک پیسی و تۆ دڵنیای. بەدبەختییەکی ئاوەها! پاسەوانەکانی مۆڵگە سەرخۆش بوون. وەکو دەوترێ، دەبێ ڕووناکییەکەی بشارینەوە. سەربازێک، بە تایبەتی سەربازێکی کاتۆلیکی و روخسارێکی پاک. واتە سۆزانییەکەی ئامادەیە. چەندان هەفتە هیچیان بۆ خواردن نادرێتێ، ئەگەر شتێکیشیان بدرێتێ، هی تاڵان و برۆیە، پەلاماری ژنان دەدەن. ئێستا لەوانەیە باش بێ. با سەیرت کەم. خراپ نییە. وەکو لە پیساییدا گەوزابیتەوە. مەلەرزێ. ئاوا هیچت بە سەر نایەت. (بە شڤایتسەرکاز):



قاسەکەت لە کوێ دانا؟

**شڤایتسەرکاز:**

بیرم کردەوە لە گالیسکەکەیدا دابنێم.

**دایکە ئازا:**

(بە دڵداخورپانەوە) چی، لە گالیسکەکەی مندا؟ ئەمە گەمژەیییەکی خوا هەڵنەگرە! ئەگەر جارێک ئاگەدار نەبم، هەرسێکمان هەڵدەواسن!

**شڤایستەرکاز:**

دە لە شوێنێکی تری دادەنێم یان دەیبەم و هەڵدێم.

**دایکە ئازا:**

لێرە دەمێنیتەوە، تازە درەنگە.

**قەشەی لەشکر:**

(خۆی نیوە گۆڕیوە بۆ پێشەوە): بۆ خاتری خوا ئاڵاکە!

**دایکە ئازا:**

(ئاڵای بەتالیۆن دادەگرێ): خوای گەورە! من هەر هەستی پێ ناکەم. بیست و پێنج ساڵە ئەو ئاڵایەم هەیە.

(گرمەی هاوەن بەرزتر دەبێتەوە)

(سێ ڕۆژ دواتر لە پێش نیوەڕۆیەکدا. تۆپهاوێژەکە لابراوە. دایکە ئازا، کاترین، قەشەی لەشکر و شڤایتسەرکاز بە خەمگینی بە یەکەوە دانیشتوون نان دەخۆن).

**شڤایتسەرکاز:**

ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژە، کە من بە تەمەڵی لێرە دانیشتووم، جەنابی چاوشیش، کە هەمیشە گەڵمدا دڵفروان بووە، دەیەوێ هێدی

هێدی بپرسێ: شڤایتسەرکاز بە قاسەی مووچەوە لە کوێیە؟

**دایکە ئازا:**

دەبێ ئاسوودە بی، کە شوێنپێتیان هەڵنەگرتووە.

**قەشەی لەشکر:**

چی بڵێم؟ لێرە منیش ناتوانم نزایەک بکەم، ئەگینا لەوانەیە بارم تێک بچێ. وەکو دەوترێ، ئەوەی دڵی پڕ بێ لە دەمییەوە دەڕژێ، بەڵام خوا نەکا، من لێمەوە بڕژێ!

**دایکە ئازا:**

کاری دنیا ئاوهایە. یەکێک بە ئیمانەوە و یەکێک بە قاسەیەکەوە لە لامەوە دانیشتووە. نازانم کامەیان خەتەرترە.

**قەشەی لەشکر:**

ئێمە ئێستا لە دەستی خوادایین.

**دایکە ئازا:**

من لەو بڕوایەدا نیم کە ئێمە بارمان لێژ بێ، بەڵام خۆ شەوانیش هەر ناخەوم. شڤایتسەرکاز، ئەگەر تۆ نەبووایەی شتەکە ئاسانتر بوو. لەو بڕوایەدام کە من کارەکەم بۆ خۆم پێک هێناوە. من پێم وتن، کە من دژی ئەو شەیتانەم، ئەو سوێدییە، کە قۆچی هەیە و من بینیم، شاخی چەپی کەمێک ساوەوە. لە گەرمەی پرسیار و وەڵامدا پرسیم، لە کوێ دەتوانم مۆمی پیرۆزکردن بکڕم، زۆر گران نا. زۆر باش توانیم، چونکە شڤایتسەرکاز باوکی کاتۆلیکی بوو و زۆر جار نوکتەی لەسەر دەکرد. بە تەواوی بڕوایان پێ نەکردم، بەڵام لە تیپدا بازرگانی گەڕۆکی جەنگیان لە بەتالیۆندا نییە. بەوە کەمێک لێم خۆش



بوون. لەوانەیە بە خێری بگێڕێ. ئێمە بەندین، بەڵام وەکو ئەسپێی لە فەروو.

**قەشەی لەشکر:**

شیرەکە باشە. ئەوەی پێوەندیی بە چەندێتییەوە هەیە، ئێستا دەبێ شەهییەی سوێدیمان کەمێک سنووردار بکەین. ئێمە دۆڕاوین.

**دایکە ئازا:**

کێ دۆڕاوە؟ سەرکەوتن و نسکۆی سەرزلەکانی سەرەوە و ئەوانەی خوارەوە هەمیشە یەک نایەنەوە، بە هیچ جۆریک نا. تەنانەت هەندێ حاڵەت هەیە، کە نسکۆی ئەوانەی خوارەوە لە ڕاستیدا بۆ ئەوان قازانجە. شەرەف لە دەست چووە، بەڵام هیچی تر. لە بیرمە، جارێکیان لە لیڤلاند فەرماندەی هێز کوتەکێکی وای لەلایەن دوژمنەوە خوارد، کە لە پشێویدا ئەسپێکی باروبنەکەی سوپایان پێ دام، کە حەوت مانگ گالیسکەکەی بۆ ڕاکێشام، هەتا ئێمە سەرکەوتین و پێداچوونەوە کرا. بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، کە سەرکەوتن و دۆڕان گران لەسەر ڕەشەخەڵکی وەکو ئێمە دەکەوێ. باشترین شت بۆ ئێمە ئەوەیە، ئەگەر سیاسەت لە جێی خۆی نەجووڵێ. (بە شڤایتسەرکاز): بخۆ!

**شڤایتسەرکاز:**

تامی لە دەممدا نییە. چاوەش چۆن مووچە بدا؟

**دایکە ئازا:**

لە کاتی هەڵاتندا مووچە نادرێ.

**شڤایتسەرکاز:**

بەڵێ مافی خۆیانە، بە بێ مووچە لە سەریان نییە هەڵبێن. لە سەریان نییە یەک هەنگاو بنێن.

**دایکە ئازا:**

شڤایتسەرکاز، بە ویژدانیت خەریکە دەمترسێنێ. من فێرم کردی سەرڕاست بی، چونکە تۆ ژیر نیت، بەڵام بە ویژدانیت دەبێ سنوورێکی هەبێ. ئێستا من لەگەڵ قەشەی لەشکردا دەچم ئالایەکی کاتۆلیکی و گۆشت دەکڕم. کەس ناتوانێ وەکو ئەو گۆشت هەڵبژێرێ، وەکو خەورۆ، هێندە دڵنیا. لەو بڕوایەدام، پارچە گۆشتی باش بەوە تێبینی دەکا، کە لە خۆوە ئاو بزیەتە دەمی. هەر باشە ڕێگە بە بازرگانییەکەم دەدەن. بازرگانێک پرسیاری ئیمانی لێ ناکرێ، بەڵکو پرسیاری نرخی لێ دەکرێ. پانتۆڵی ئیڤانگێلیش مرۆڤ گەرم دەکاتەوە.

**قەشەی لەشکر:**

وەکو قەشەی سواڵکەر گوتی، کاتێ باس هاتە سەر ئەوەی کە لوتەرییەکان لە شار و دێدا هەموو شتێک سەرنگوون دەکەن: هەموو کاتێک پێویست بە سواڵکەر دەبێ. (دایکە ئازا دەچێتە ناو گالیسکەکەوە). لەبەر سندووقەکە نیگەرانە. هەتا ئێستا تێبینی نەکراوین، وەکو هەموو عایدی گالیسکەکە بین، بەڵام چەندی تر؟

**شڤایتسەرکاز:**

دەتوانم لایبەم.



**قەشەی لەشکر:**

ئەمە هێشتا خەتەرترە. ئەگەر یەکێک بتبینێ! سیخوڕیان هەیە. دوێنێ کاتێ دەستم بە ئاو گەیاند، یەکێک لە سەنگەرەوە لە بەردەممدا قوت بووەوە. زارەترەک بووم و توانیم نزایەک گل بدەمەوە. ئەمە کەشفی دەکردم. لەو بڕوایەدام، حەز دەکەن بۆنی پیسایی بکەن، ئایا کاتۆلیکییە. سیخوڕەکە مەرگ لە چارە نووسراوێکی بچووک بوو پێچەکێک بە سەر چاوێکییەوە بوو.

**دایکە ئازا:**

(بە سەبەتەیەکەوە لە گالیسکەکە دادەبەزێ): ئەی من چیم دۆزییەوە، ئەی بێشەرم؟ (بە هەڵاوە جووتێک پێڵاوی پاژنەبەرزی سوور بەرز دەکاتەوە). پێڵاوە پاژنە بەرزە سوورەکانی یڤێت! خوێنساردانە بۆ خۆی بردووە. لەبەرئەوەی ئێوە قەناعەتتان پێی کرد کە ژنێکی دڵگیرە! (دەیانخاتە سەبەتەکەوە). دەیاندەمەوە. پێڵاو لە یڤێت دەدزێ! یڤێت خۆی بۆ پارە دەکوژێ، ئەمە تێ دەگەم. بەڵام تۆ بە خۆڕایی دەتەوێ. بۆ زەوق. پێم گوتی، دەبێ چاوەڕوان بی هەتا ئاشتی بەرقەرار دەبێ. نەک سەرباز! بە لە خۆباییبوونەوە چاوەڕوانی ئاشتی بە!

**قەشەی لەشکر:**

من بە لە خۆبایی نازانم.

**دایکە ئازا:**

ئەو لە خۆ باییبوونەی هێشتایش زۆرە. ئەگەر وەکو بەردێکی (دالارنە) وابێ، کە دالارنە جگە لە بەرد هیچی تری لێ نییە، بە جۆرێکی کە خەڵکەکە بڵێن: ئەو کەمئەندامە هەر نابینرێ، بۆ من ئازیزترینیانە. هەتا هیچی بە سەر نەیەت. (بە

شڤایتسەرکاز): واز لە سندووقەکە بێنە، با لە شوێنی خۆی بێ. گوێت لێیە. ئاگەداری خوشکەکەت بە، پێویستی پێیەتی. ئێوە من دەکوژن. باشترە ئاگەداری کیسەیەک کێچ بی.
(لەگەڵ قەشەی لەشکردا دەڕوا. کاترین قاپوقاجاخەکە کۆ دەکاتەوە).

**شڤایتسەرکاز:**

زۆری نەماوە مرۆڤ بتوانێ بە کراسی قۆڵ کورتەوە لە بەر هەتاوەکە دانیشێ. (کاترین ئاماژە بۆ درەختێک دەکا). بەڵێ گەڵاکان زەرد بوونە. (کاترین بە ئاماژەی دەست لێی دەپرسێ، ئایا دەیەوێ هیچ بخواتەوە). هیچ ناخۆمەوە. من بیر دەکەمەوە. (پشوو). دەڵێ کە ناخەوێ، وا بزانم وا باشترە کە سندووقەکە لابەم، حەشارگەیەکم دۆزیوەتەوە. پەرداخێکی پڕم بۆ بێنە. (کاترین دەچێتە پشتی گالیسکەکەوە). دەیخەمە کونی مشکەکوێرەکەوە لە گوێ ڕووبارەکە، هەتا دەیهێنمەوە. لەوانەیە ئەمشەو دەمەو بەیان بیهێنمەوە و بیبەمەوە بۆ بەتالیۆن. دەبێ لە ماوەی سێ ڕۆژدا توانیبێتیان چەند هەڵبێن؟ چاوەش چاوی دەچێتە پشتە سەری. پێم دەڵێ شڤایتسەرکاز، تۆ خۆش تووشی موفاجەئەت کردم. من ئەمانەتی قاسەکەت دەدەمێ و تۆ دەیهێنیتەوە.
(کاتێ کاترین بە پەرداخێکی پڕەوە لە پشتی گالیسکەکەوە دەگەڕێتەوە، لە بەردەم دوو پیاودا ڕادەوەستێ. یەکێکیان چاوەشە، دووەمیان شەپقەکەی لە بەردەمدا بادەدا. تێپێچێک بە سەر چاوێکییەوەیە).



**تێپێچدار:**

سڵاوی خواتان لێ بێ، کچی ئازیز یەکێکی سەربازگەی تیپی دووی فینلەندیت بینیوە؟
(کاترین، زۆر پەشۆکاوە، ڕادەکا، دەچێتە پێشەوە، برەندییەکە دەڕژێ. هەردووکیان سەیری یەک دەکەن و پاشەکشە دەکەن، دوای ئەوەی شڤایتسەرکاز دەبینن دانیشتووە.)

**شڤایتسەرکاز:**

(لە بیرکردنەوەی ڕادەچڵەکێ): نیوەیت ڕشت. ئەم گەوجێتییە چییە دەیکەی؟ چاوت داوە بە شتێکدا؟ لێت تێ ناگەم. منیش دەبێ بڕۆم، وا بڕیارم دا. ئەمە باشترین شتە. (هەڵدەستێ. کاترین هەموو هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی لە مەترسییەکەی ئاگەدار بکاتەوە. ئەو تەنیا ڕەتی دەکاتەوە). دەمەوێ بزانم مەبەستت چییە؟ بە دڵنیاییەوە مەبەستت باشە، گیانداری بەستەزمان، ناتوانی گوزارشت بکەی. چش کە تۆ برەندییەکەت ڕشت، چەندان پەرداخی تر دەخۆمەوە، یەکێک کەم یان زۆر تر گرینگ نییە. (لە گالیسکەکەوە سندووقەکە دەردەکا و دەیخاتە ژێر چاکەتەکەیەوە). هەر ئێستا دەگەڕێمەوە. بەڵام ئێستا ڕێم لێ مەگرە، ئەگینا لێت زویر دەبم. بێگومان مەبەستت باشە. ئەگەر بتتوانیبا قسە بکەی.
(لەبەرئەوەی کاترین دەیەوێ شڤایتسەرکاز بگرێ، شڤایتسەرکاز ماچی کاترین دەکا و خۆی لێ ڕادەپسکێنێ. دەڕوا. کاترین نائومێدە، بەملا و بەولادا ڕادەکا و، دەنگی نزم نزم دەردەکا. قەشەی لەشکر و دایکە ئازا دەگەڕێنەوە. کاترین شاڵاو بۆ دایکی دەبا).

**دایکە ئازا:**

چیتــە، چی؟ تۆ زۆر پەشــۆکـاوی. کـەس هیـچی لـێ کـردووی؟ شـاڤـایتـسـەرکـاز لە کـوێیـە؟ کـاترین، کاترین، بە ڕێکوپێکی بیگێـڕەرەوە. دایکت لێت تێ دەگـا. چی، ئەو زۆڵە قـاسـەکـەی لەگەڵ خۆی بردووە؟ چاوی دەردەهێنم، ئەو بەدنیازە. پەلە مەکە و چەنە مـەدە، دەسـتت لابە، حـەز ناکـەم وەکـو سـەگ بقروسکێیتەوە، قەشەی لەشکر چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەو بێزی دێتەوە. یەکچاوێک لێرە بوو؟

**قەشەی لەشکر:**

یەکچاوەکە، ئەوە سیخوڕە. شڤایتسەرکازیان گرت؟ (کاترین سەر ڕادەوەشێنێ، شانی هەڵدەتەکێنێ) بارمان لێژە.

**دایکە ئازا:**

(لە سەبەتەکەوە ئالایەکی کاتۆلیکی دەردەهێنێ، کە قەشەی جەنگ بە ستوونی ئالاکەوە دەیچەسپێنێ): ئالا نوێیەکە هەڵکە!

**قەشەی لەشکر:**

(بەڕقەوە) لێرە هەموو شوێنێک کاتولیکە.

(دەنگ لە پشتەوە دەبیسترێ. هەردوو پیاوەکە شڤایتسەرکاز دەهێنن).

**شڤایتسەرکاز:**

بەرم دە، هیچم لەلا نییە. شانم لە جێ مەبە، من بێ تاوانم.

**فەرماندە:**

ئەمە خەڵکی ئێرەیە. یەکتر دەناسن.



**دایکە ئازا:**

ئێمە؟ لە کوێوە؟

**شڤایتسەرکاز:**

من نایناسم، کێ دەزانێ ئەمە کێیە، من هیچ پێوەندیم لەگەڵیان نییە. من لێرە نانی نیوەڕۆم کڕی، بە دە هێلەر بوو. لەوانەیە ئێوە منتان بینیبێ لێرە دانیشتووم، خواردنەکە سوێریش بوو.

**فەرماندە:**

ئێوە کێن، ها؟

**دایکە ئازا:**

ئێمە خەڵکی ڕێکوپێکین. ئەوە ڕاستە، لێرە خواردنی کڕی. پێی زۆر سوێر بوو.

**فەرماندە:**

دەتانەوێ وا پێشان بدەن کە نایناسن؟

**دایکە ئازا:**

لە کوێوە بیناسم؟ من هەموویان ناناسم. من لە کەس ناپرسم، ناوی چییە و ئایا کافرە یان نا؛ ئەگەر پارە بدا کافر نییە. تۆ کافری؟

**شڤایتسەرکاز:**

بە هیچ جۆرێک.

**قەشەی لەشکر:**

بە ڕێکوپێکی نانی خوارد، دەمی نەکردەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە نانی دەخوارد. ئەو کاتەیش هەر دەبێ دەمی بکاتەوە.

**فەرماندە:**

ئەی تۆ کێی؟

**دایکە ئازا:**

ئەوە شاگرد بارەکەمە. بە دڵنیاییەوە ئێوەیش تینووتانە، پەرداخێک برەندیتان بۆ دەهێنم، بە دڵنیاییەوە ڕاتان کردووە و گەرماتانە.

**فەرماندە:**

لە کاتی ئەرک و فەرماندا برەندی ناخۆینەوە. (بە شڤایتسەرکاز): شتێکت پێ بوو. دەبێ لە گوێ ڕووبارەکە شاردبێتتەوە. کاتێک لێرە ڕۆیشتی چاکەتەکەت فش بووبووەوە.

**دایکە ئازا:**

بە ڕاستی ئەم بوو؟

**شڤایتسەرکاز:**

لەو بڕوایەدام مەبەستتان یەکێکی تر بێ. من یەکێکم بینی بازی دەدا، ئەو چاکەتەکەی فش بووبووەوە. من هەونیم.

**دایکە ئازا:**

منیش لەو بڕوایەدام کە بەد حاڵیبوون لە ئارادایە، ئەمە لەوانەیە ڕوو بدا. من مرۆڤ دەناسم، من دایکە ئازام، ناوی منتان بیستووە، هەموو من دەناسن، پێتان دەڵێم ئەو سەرڕاست دیارە.

**فەرماندە:**

ئێمە بە دوای قاسەی بەتالیۆنی دووی فینلەندیدا دەگەڕێین. ئێمە دەزانین، سەروچاوی ئەو کەسە چۆنە کە قاسەکەی لە لایە. دوو ڕۆژ بە دوایدا گەڕاین. تۆیت.



**شڤایتسەرکاز:**

من نیم.

**فەرماندە:**

ئەگەر نەیدەیتەوە، دەتکوژین، ئەمە دەزانی. لە کوێیە؟

**دایکە ئازا:**

(زۆر بە پەلە): یەکسەر دەیدایەوە، ئەگەر بزانێ دەکوژرێ. یەکسەر دەیگوت، لە لای منە ئەگەر لە لای بووایە، دەیگوت ئەوەتانێ، ئێوە بە هێزترن. هێندە گەمژە نییە، قسە بکە، سەگی گەمژە، جەنابی فەرماندە هەلێکت دەداتێ.

**شڤایتسەرکاز:**

ئەگەر لای من نەبێ.

**فەرماندە:**

کەواتە لەگەڵمان وەرە. پێتی دەردەکەین.

(لەگەڵ خۆیانی دەبەن)

**دایکە ئازا:**

(بە دوایاندا هاوار دەکا): پێتانی دەگوت. هێندە گەمژە نییە. شانی لە جێ نەبەن!

(بە دوایاندا ڕادەکا).

(هەمان ئێوارە. قەشەی لەشکر و کاترینی لاڵ پەرداخ دەشۆن و چەقۆ پاک دەکەنەوە).

**قەشەی لەشکر:**

ئەو حاڵەتانەی کە یەکێک پێوە دەبێ لە مێژووی ئایندا نەناسراو نین. ئازار و ئازارکێشانی مەسیحم بیر دەکەوێتەوە.

گۆرانییەکی کۆن دەربارەی هەیە.
(گۆرانی کاژێرەکان دەڵێ):
لە کاژێری یەکەمی ڕۆژدا
عیسا خاکەڕایی بوو
کاتێ بکوژێک دەرکەوت
پیلاتووسی کافر بوو.
کە بە بێگوناهی زانی
بە بێ هۆکاری مەرگ
لەبەر ئەوە لە خۆیەوە ناردی
بۆ لای هێرۆدێسی پاشا.
لە کاتژمێری سێدا، کوڕی خوا
قەڵەم ئەسکەنەی لێ درابوو
سەری بە تاجێکی دڕکاوی
هەلا هەلا کرابوو!
بە تەوس و گەمە داپۆشراو
هەڵواسرا بوو
خاچەکەیش بۆ مەرگی
دەبوو خۆی هەڵی گرێ.
لە کاتژمێری شەشدا
بە ڕووتوقووتی بە خاچدا هەڵواسرابوو
کە خوێنەکەی پێیدا دەڕژا.
بە شیوەنەوە نزا بکەن.
بینەران تەوسی پێ دەکەن



ئەوانەیشی کە لە لایەوە هەڵواسرابوون
هەتا هەتاو بە سەریاندا هەڵهات
شتەکانیان لێ کێشایەوە.
مەسیح لە سەعاتی نۆیەمدا هاواری کرد
بە جێهێڵراوی سکاڵای کرد
هەر زوو تاڵاو ڕژایە دەمیەوە
تێکەڵ بە سرکە کرابوو.
خۆی دایە دەستی عەقڵی خۆیەوە
زەمین دەلەرزێ
پەردەی پەرستگا دەدڕێ
هەندێ گاشە بەرد لە جێی خۆی دەجووڵێ.
لە کاتی نوێژی ئێوارەدا
جەلاد قاچێکی شکابوو
لەو کاتەدا مەسیح
ڕمێک بە قەبرغەیدا چەقێنرابوو.
خوێن و ئاوی لێوە دەڕژا
کردیان بە گاڵتەجاڕی
ئاوا ڕەفتاریان کرد
لەگەڵ کوڕی مرۆڤدا.

**دایکە ئازا:**

(بە شپرزەییییەوە دێ): لە نێوان ژیان و مەرگدایە. بەڵام فەرماندە دەبێ بیهێڵێ قسەی لەگەڵ بکرێ، تەنیا، ئێمە نابێ وای پیشان بدەین کە شڤایتسەرکازی ئێمەیە، ئەگینا

یارمەتیمان داوە. تەنیا پرسی پارەیە. بەڵام پارە لە کوێ بێنین؟ یڤێت لێرە نەبوو؟ من لە ڕێگە تووشی بووم، سەرهەنگێکی بۆ خۆی پەیدا کردووە، لەوانەیە بازرگانییەکی دیوەرەی بۆ بکرێ.

**قەشەی لەشکر:**

بە ڕاستی دەتانەوێ بیفرۆشن؟

**دایکە ئازا:**

ئەی پارە بۆ فەرماندە لە کوێ بهێنم؟

**قەشەی لەشکر:**

ئەی دەتانەوێ بە چی بژین؟

**دایکە ئازا:**

ئەمە پرسیارەکەیە.

(یڤێت لەگەڵ سەرهەنگێکی زۆر پیردا دێ).

**یڤێت:**

(باوەش بە دایکە ئازادا دەکا) ئازای ئازیز، وا زوو جارێکی تر یەکتر دەبینینەوە! (بە چرپە): بێ مەیل نییە. (بە دەنگی بەرز): ئەمە هاوڕێ باشەکەمە، کە لە بازرگانیدا ڕاوێژم دەکا. بە ڕێککەوت گوێم لێ بوو دەتانەوێ گالیسکەکەتان بفرۆشن. لەبەر بار و وەزع. من ئارەزووم لێیە.

**دایکە ئازا:**

بە ڕەهنی دەدەم، نایفرۆشم، تەنیا وا بە پەلە نا، گالیسکەیەکی وا جارێکی تر لە کاتی جەنگدا وا بە ئاسانی ناکڕێتەوە.

**یڤێت:**

(نائومێد): تەنیا ڕەهن، وام زانی بۆ فرۆشتنە. من نازانم ئایا



ئارەزووم لێیە. (بە سەرهەنگەکە): چی دەڵێی؟

**سەرهەنگ:**

تۆ چۆن بتەوێ، ئازیز.

**دایکە ئازا:**

تەنیا بە ڕەهن دەدرێ.

**یڤێت:**

من وام زانی دەبێ پارەکەتان هەبێ.

**دایکە ئازا:**

(بە زەبر) دەبێ پارەکەم هەبێ، بەڵام پێم خۆشترە پێم داڕزێ لە گەڕان بە دوای داواکارییەکدا، لەوەی یەکسەر بیفرۆشم. بۆچی، ئێمە بەم گالیسکەیە دەژین. یڤێت، ئەمە هەلێکە بۆ تۆ، کێ دەزانێ، کەی هەلێکی تری وات بۆ هەڵدەکەوێ و هاوڕێیەکی خۆشەویست دەبێ، کە ڕاوێژکاریت بکا؟ وا نییە؟

**یڤێت:**

بەڵێ، هاوڕێکەم دەڵێ، دەبێ دەستی خۆم بوەشێنم، بەڵام نازانم، ئەگەر تەنیا ڕەهن بێ... تۆیش مەبەستت ئەوەیە، یەکسەر بیکڕین؟

**سەرهەنگ:**

منیش وا دەڵێم.

**دایکە ئازا:**

دەبێ بە دوای شتێکدا بگەڕێی کە بۆ فرۆشتن بێ، لەوانەیە بیدۆزیتەوە، ئەگەر پەلەت نەبێ، هاوڕێکەشت لەگەڵتدا دەگەڕێ، با بڵێین هەفتەیەک یان دوو هەفتەی تر دەتوانی شتێکی

گونجاو بدۆزیتەوە.

**یڤێت:**

کەواتە دەتوانین بڕۆین و بگەڕێین، من حەزم لە گەڕانە و شتێک هەڵدەبژێرم، حەز دەکەم لەگەڵ تۆدا بگەڕێم، پۆڵدی، ئەمە لەزەتێکی تایبەتە، وا نییە؟ هەتا ئەگەر دوو هەفتەیش بخایەنێ! کەی دەتانەوێ پارەکە بدەنەوە، ئەگەر پارەکە وەرگری؟

**دایکە ئازا:**

دەتوانم لە ماوەی دوو هەفتەدا پارەکە بدەمەوە، لەوانەیە لە ماوەی هەفتەیەکدا.

**یڤێت:**

هێشتا بڕیارم نەداوە، پۆڵدی، ئازیزەکەم، ڕاوێژم بکە. (سەرهەنگەکە دەباتە لاوە). دەزانم، دەبێ بیفرۆشێ، من خەمی ئەوەم نییە، ئالاهەڵگرەکە، قژزەردەکە، تۆ دەیناسی، بە خۆشحاڵییەوە دەیەوێ پارەم بە قەرز بداتێ. بۆم شێت و شەیدا بووە، دەڵێ، کە من دەبینێ یەکێکی بیر دەکەوێتەوە، چی ڕاوێژێکم دەکەی؟

**سەرهەنگ:**

لێی ئاگەدارت دەکەمەوە، مرۆڤێکی باش نییە. بە کارت دەهێنێ. من پێم وتی، شتێکت بۆ دەکڕم، وا نییە، کەروێشکە بچکۆلانەکەم؟

**یڤێت:**

من ناتوانم لە تۆی وەرگرم. بێگومان، ئەگەر بڵێی، لەوانەیە ئالاهەڵگر ئیستغلال بکا... پۆڵدی، من لە تۆی وەردەگرم.



**سەرهەنگ:**

مەبەستم ئەوەیە.

**یڤێت:**

ڕاوێژم دەکەی.

**سەرهەنگ:**

ڕاوێژت دەکەم.

**یڤێت:**

(دەگەڕێتەوە بۆ لای ئازا): هاوڕێکەم ڕاوێژم دەکا. حیسابێکم بۆ بنووسە کە گالیسکەکە هی منە، کە دوو هەفتەکە بە سەر چوون، بە هەموو سەروبەرێکییەوە، هەر ئێستا یەک یەک سەیری دەکەین، دوو سەد گوڵدنەکەت دوایی بۆ دەهێنم. (بە سەرهەنگ): دەبێ پێش من بچیتە مۆڵگەوە، من بە دواتدا دێم، من دەبێ یەک یەک سەیری شتەکان بکەم، بۆ ئەوەی هیچ لە گالیسکەکەم نەبرێ. (ماچی دەکا. ئەو دەڕوا. دەچێتە سەر گالیسکەکە): بەڵام پۆستاڵ کەمە.

**دایکە ئازا:**

یڤێت، ئێستا کاتی ئەوە نییە گالیسکەکەت بپشکنی، ئەگەر هەر هی تۆ بێ. تۆ گفتت دامێ، کە تۆ لەگەڵ فەرماندەدا دەربارەی شڤایتسەرکازی کوڕم قسە دەکەی، نابێ تەنیا دەقەیەک بە فیرۆ بدەین، سەعاتێکی تر دەچێتە بەردەم دادگای لەشکر.

**یڤێت:**

تەنیا دەمەوێ هێشتا کراسە کەتانەکان بژمێرم.

**دایکە ئازا:**

(بە تەنوورەکەی ڕای دەکێشێتە خوارەوە): تۆ کەمتیار، ئەمە ژیان و مانی شڤایتسەرکازە. تەنیا وشەیەکیشت لە دەم نەیەتە دەرەوە، لە کێوە ئەم پێشنیازەت هەیە، وا بکە، بۆ خاتری خوا وەکو خوداوە ئازیزترین کەست بێ، ئەگینا تۆومان دەبڕێتەوە، چونکە ئێمە ڕێمان بۆی خۆش کردووە.

**یڤێت:**

من داوای یەکچاوەکەم بۆ ناو دار و دەوەنەکە کردووە، بە دڵنیاییەوە لەوێیە.

**قەشەی لەشکر:**

مەرج نییە بە جارێ هەموو دوو سەدەکە بێ، هەتا سەد و پەنجا بۆی برۆ، ئەوەندەیش بەسە.

**دایکە ئازا:**

ئەمە پارەی ئێوەیە؟ تکاتان لێ دەکەم، دەست تێوەر مەدەن. شلەی پیازەکەت دەدەینێ. ڕاکە و سەودا و مامەڵە مەکە، ئەمە ژیان و مردنە.

(پاڵ بە یڤێتەوە دەنێ).

**قەشەی لەشکر:**

من نەمویست دەست لە کاروبارت وەردەم، بەڵام ئەی ئێمە بە چی بژین؟ کچێکت بە ملەوەیە کە توانای کارکردنی نییە.

**دایکە ئازا:**

من قاسەی تیپم لە زەیندایە، ئاقڵە. خۆ ڕێ دەدەن مەسرووفەکان بۆ شڤاییتسەرکاز حسێب بکەن.



**یڤێت:**

بەڵام یڤێت دەتوانێ بە باشی ڕای پەڕێنێ؟

**دایکە ئازا:**

ئێ بەرژەوەندیی لەوەدا هەیە، کە دوو سەدەکەی خەرج کەم و گالیسکەکە وەرگرێ. زۆر بۆی تامەزرۆیە، کێ دەزانێ، چەندی تر سەرهەنگ ئامادەیە بۆی. کاترین، تۆ چەقۆکان پاک دەکەیتەوە، بەردەپێ بە کار بێنە. ئەی جەنابتان، وەکو مەسیح لە شاخەڕەزی زەیتووندا وەستاون، پەلە کەن، پەرداخەکان بشۆن، ئێوارە بە لای کەمەوە سەد سوار دێن، ئەمجا جارێکی تر گوێم لێ دەبێ: «من فێری ڕۆیشتن نیم، پێیەکانم، لە کاتی نزادا ڕێ ناکەم.» من لەو بڕوایەدام، شڤایتسەرکازمان دەدەنەوە. سوپاس بۆ خوا کە گەندەڵن. خۆ گورگ نین، بەڵکو مرۆڤن و چاویان لە پارەیە. گەندەڵی لای مرۆڤ وەکو بەزەییە لە لای خوا . گەندەڵی تاقە ئاسۆمانە. هەتا گەندەڵی هەبێ، حوکمی نەرم هەیە، تەنانەت لەوانەیە بێتاوانیش لە دادگا دەرچێ.

**یڤێت:**

(بە هەناسەبڕکێ دێ): تەنیا بە دوو سەد دەیانەوێ بیکەن. دەبێ خێرا بیکەین. زۆری تر لە دەستی ئەواندا نامێنێ. باشترین شت ئەوەیە لەگەڵ یەکچاودا بۆ لای سەرهەنگەکەم بچم. دانی پێدا ناوە، کە قاسەکەی پێ بووە، گرەی گوشاریان خستووەتە پەنجەکەڵەی. کاتێ هەستی کردووە کە بە دوایەوەن، قاسەکەی فرێ داوەتە ڕووبارەوە. قاسەکە فەوتا. ڕا بکەم و پارەکە لای سەرهەنگەکەم بێنم؟

**دایکە ئازا:**

قاسەکە فەوتا؟ ئەی چۆن دەتوانم دوو سەدەکەم دەست بکەوێتەوە؟

**یڤێت:**

ئاوا، لەو بڕوایەدا بوون دەتوانن لە سندووقەکەی دەربێنن؟ خەریک بوو بکەومە داوی فڕوفێڵتەوە. ئومێدت نەبێ. دەبێ پارەکە بدەی، ئەگەر دەتەوێ جارێکی تر شڤایتسەرکاز وەرگریتەوە، یان هەر ئێستا دەبێ دەستبەرداری کارەکە بم، بۆ ئەوەی بتوانی گالیسکەکەت بێڵیتەوە؟

**دایکە ئازا:**

من حسابی ئەمەم نەکردبوو. پێویست ناکا تەنگەتاوم بکەی، تۆ گالیسکەکە وەردەگری، ئەوە بڕاوەتەوە، حەڤدە ساڵ هەمبوو. تەنیا چاوترووکانێک دەبێ بیر بکەمەوە، شتەکە کەمێک پەلەیە، چی بکەم، من ناتوانم دوو سەد بدەم، دەبوو سەودا بکەی. دەبێ شتێکم بە دەستەوە بێ، ئەگینا هەموو کەسێک دەتوانێ بۆ ناو چاڵێکی کەنار جادە پاڵم پێوە بنێ. بڕۆ و بڵێ، من سەد و پەنجا گوڵدن دەدەم، ئەگینا هیچی لێ ناڕوێ، گالیسکەکەیشم لە دەست دەچێ.

**یڤێت:**

نایکەن. یەکچاوەکە پەلەیەتی و لە شپرزەییدا هەر ئاوڕ دەداتەوە. باشتر نییە هەموو دوو سەدەکە بدەم؟

**دایکە ئازا:**

(بە نائومێدییەوە): من ناتوانم بیدەم. سی ساڵ کارم کرد.



کاترین تەمەنی بیست و پێنج ساڵە و هێشتا مێردی نییە. ئەویشم هێشتا هەیە. هەڵم مەدرە، دەزانم چی دەکەم. بڵێ سەد و بیست، یان هیچی لێ ناڕوێ.

**یڤێت:**

خۆتان دەبێ ئەمە بزانن. (خێرا دەڕوا).

(دایکە ئازا نە سەیری قەشەی لەشکر دەکا نە کچەکەی و دادەنیشێ، بۆ ئەوەی لە چەقۆ پاککردنەوەدا یارمەتیی کاترین بدا).

**دایکە ئازا:**

پەرداخەکان مەشکێنە، ئیتر هیی ئێمە نین. سەیری کارەکەت بکە، دەستی خۆت دەبڕی. شڤایتسەرکاز دەگەڕێتەوە، ئەگەر پێویست بکا دوو سەدیش دەدەم. براکەت وەردەگریتەوە. بە هەشتا گوڵدن دەتوانین کۆڵێک بە شمەک پڕ کەین و سەر لە نوێ دەست پێ بکەینەوە. لە هەموو شوێنێک چێشت بە ئاو لێ دەنرێ.

**قەشەی لەشکر:**

دەوترێ، کار نییە خوا چاکی نەکا .

**دایکە ئازا:**

دەبێ بە وشکی لێی بسووی. (بە بێدەنگی چەقۆ پاک دەکەنەوە. کاترین بە هەنسکی گریانەوە دەچێتە پشتی گالیسکەکەوە).

**یڤێت:**

(بە ڕاکردن دێ): نایکەن. ئاگەدارم کردنەوە. یەکچاوەکە یەکسەر ویستی بڕوا، چونکە بۆ ئەو خێری نییە. وتی، هەموو

چاوترووکانێک چاوەڕوانیی ئەوەیەتی کە تەپڵەکان لێ بدرێن، ئەمجا حوکمەکەی دراوە. من پێشنیازی سەد و پەنجام کرد. هەر شانیشی بۆ هەڵنەقورتاند. بە تکا و پاڕانەوە لێرە مایەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ ئێوە قسە بکەم.

**دایکە ئازا:**

پێی بڵێ، دوو سەدەکەی دەدەمێ. ڕاکە. (یڤێت ڕادەکا. بە بێدەنگی دانیشوون. قەشەی لەشکر دەستی لەوە هەڵگرتووە پەرداخەکان بشوا. لە دوورەوە دەنگی تەپڵ دەبیسترێ) وام بۆ دەردەکەوێ کە ماوەیەکی زۆر سەودام کرد.
(قەشەی لەشکر هەڵدەستێتە سەر پێو دەچێتە دواوە. دایکە ئازا هەر دانیشتووە. تاریک دادێ. تەپڵ لێدانەکە نامێنێ. جارێکی تر ڕووناک دەبێتەوە. دایکە ئازا هەر دانیشتووە).

**یڤێت:**

(دەردەکەوێ، ڕەنگ پەڕیو): ئێستا بە سەودا و مامەڵە و هێشتنەوەی گالیسکەکەتەوە تۆ بووی بە هۆ. یازدە گوللەی بەرکەوت و هیچی تر. شایانی ئەوە نین کە من خەمتان بخۆم. بەڵام ئەوەندە تێ گەیشتم کە بڕوا ناکەن قاسەکە لە گوێ ڕووبارەکەیە. گومانی ئەوە دەکەن کە لێرەیە، بە شێوەیەکی گشتی، کە پێوەستێکتان لەگەڵیدا هەبووە. دەیانەوێ بیێنن بۆ ئێرە، ئایا خۆتان کەشف دەکەن، کە بیبینن. ئاگەدارتان دەکەمەوە، کە ئێوە نایناسن، ئەگینا تۆوتان دەبڕێتەوە. بە چڕی بە دوامەوەن، باشترە ئێستا بیڵێم. کاترین دوور بگرم؟ (دایکە ئازا سەر ڕادەوەشێنێ). دەیزانێ؟ لەوانەیە گوێی لە تەپڵ



نەبووبێ یان تێ نەگەیشتبێ.

**دایکە ئازا:**

دەیزانێ، بیێنە.
(یڤێت کاترین دەهێنێ، کاترین دەچێ بۆ لای دایکی و لە تەنیشتییەوە دەوەستێ. دایکە ئازا دەستی دەگرێ. دوو سەربازی پیادە بە دارەمەیتێکەوە دێن، کە لەسەر دارەمەیتەکە و لە ژێر خامێکەوە شتێک ڕاکشاوە. بە تەنیشتییەوە فەرماندە دەڕوا. دارەمەیتەکە دادەنێن).

**فەرماندە:**

ئەمە یەکێکە کە ئێمە ناوەکەی نازانین. بەڵام دەبێ یاداشت بکرێ، کە هەموو شتێک ڕێکوپێکە. لای تۆ نانی خواردووە. سەیری کە، ئایا دەیناسی. (خامەکە لادەدا). دەیناسی؟ (دایکە ئازا سەر ڕادەوەشێنێ). چی، هەرگیز نەتبینیوە، پێشتر لە لای تۆ ژەمێک خواردنی خواردووە؟ (دایکە ئازا سەری ڕادەوەشێنێ). هەڵی گرن، بیخەنە سەر کەلاکی ئاژەڵەکان. کەسی نییە بیناسێتەوە. (هەڵی دەگرن و دەیبەن).

## ٤

(دایکە ئازا گۆرانی ورەبەردانی گەورە دەڵێ).

(لە بەردەم خێوەتگای ئەفسەرەکاندا).

(دایکە ئازا چاوەڕوانە. نووسیار لە خێوەتەکەوە سەیری دەرەوە دەکا).

**نووسیار:**

من دەتناسم. خەزنەدارێکی ئیڤانگێلیت لە لابوو، کە خۆی شاردبووەوە. باشترە سکاڵا نەکەی.

**دایکە ئازا:**

بەڵێ سکاڵا دەکەم. من بێتاوانم، ئەگەر ڕێ بدەم، وا دەردەکەوێ، وەکو من ویژدانم بریندار بێ. هەموو شتێکتان لە گالیسکەکەدا بە شمشێر پارچە پارچە کرد و لە خۆڕا پێنج تالەر جەزاتان لێ داوا کردم.

**نووسیار:**

من بۆ باشی ئامۆژگاریت دەکەم، کەڵبەتان داخەن. ئێمە دێوەرەمان زۆر نییە و ڕێ بە بازرگانیکردنتان دەدەین، بە تایبەتی ئەگەر هەست بە برینداریی ویژدان بکەن و جاروبار جەزایەک بدەن.

**دایکە ئازا:**

من سکاڵا دەکەم.



**نووسیار:**

کەیفی خۆتانە. دە چاوەڕوان بن هەتا جەنابی فەرماندەی گروانی سوارە کاتی دەبێ.

(دەگەڕێتەوە بۆ ناو خێوەتەکە).

**سەربازی لاو:**

(بە سەرکێشییەوە دێ): شەیتان بە لەعنەت بی! سەگە نەفرەتییەکەی فەرماندەی گروانی سوارە لە کوێیە، کە بەخشیشەکەم لێ دەبا و لەگەڵ ئافرەتەکاندا هەڵی دەقوڕێنێ؟ دەبێ مردبێ!

**سەربازی پیر:**

(بە دوایدا ڕادەکا): کەڵبەت داخە. تۆ دەخرێیتە ناو کۆت و پێوندەوە!

**سەربازی لاو:**

دزە. وەرە دەرێ! پارچەپارچەت دەکەم! پاداشتەکەم لێ دەبەی، دوای ئەوەی لە چەمەکە مەلەم کرد، بە تەنیا لە سەرجەمی یەکەیەکی پیادەدا، کە من ناتوانم تەنیا بیرەیەک بکڕم، من لێی خۆش نابم. وەرە دەرێ، با هەلا هەلات کەم!

**سەربازی پیر:**

مەریەم و یووسف، ئەمە ماڵی خۆی وێران دەکا.

**دایکە ئازا:**

بەخشیشیان پێی نەدا؟

**سەربازی لاو:**

بەرم دە، دەتکەمە ژێرەوە، ئەمە پاککردنەوەی حیسابە.

**سەربازی پیر:**

ئەسپەکەی سەرەهەنگی ڕزگار کرد و بەخشیشیان پێی نەدا. هێشتا لاوە و لە مێژەوە نییە لە ناو سوپادایە.

**دایکە ئازا:**

بەری دە، خۆ ئەو سەگ نییە، بە زنجیر ببەسترێتەوە. بەخشیش و داواکردن مەنتیقییە. چی تری تایبەتی هەیە؟

**سەربازی لاو:**

کە لە ژوورەوە خۆی سەرخۆش دەکا! ئێوە تەنیا ترسەنۆکن. من شتێکی تایبەتیم کردووە و دەمەوێ بەخشیشەکەی خۆم وەرگرم.

**دایکە ئازا:**

لاوۆ، ئاوا بە سەرمدا مەنەڕێنن. من خەمی خۆم هەیە، جگە لەوەیش، دەنگتان بپارێزن، لەوانەیە پێویستتان پێی بێ، هەتا فەرماندەی گروانی سوارە دێ، دوای ئەوەی ئەو دەگا ئێوە دەنگتان نووساوە و دەنگتان لێوە دەرناچێ و ناتوانێ بتانخاتە کۆت و پێوەندەوە، هەتا ڕەش هەڵدەگەڕێن، ئەوانەی بەو جۆرە دەنەڕێنن، ناتوانن ماوەیەکی زۆر بنەڕێنن، نیو سەعات و مرۆڤ دەبێ لایەلایەیان بۆ بکا، هێندە شەکەتن.

**سەربازی لاو:**

من شەکەت نیم، خەویشم هەر نایە، من برسیمە. نان لە بەڕوو و دەنکە شادانە دروست دەکەن و هێشتا دەستیشی پێوە دەگرن. ئەو بەخشیشەکەی من بە فیڕۆ دەدا و من برسیمە. دەبێ عەقڵی لە دەست دابێ.



**دایکە ئازا:**

تێ دەگەم، برسیتانە. پار فەرماندەکەتان فەرمانی پێ دان لە شەقامەکەوە بێنە خوارێ و بە ناو کێڵگەکەدا بڕۆن، بۆ ئەوەی گوڵەگەنمەکان بپلیشێننەوە، دەمتوانی بۆ پۆستاڵ دە گوڵدن داوا بکەم، ئەگەر یەکێک بیتوانیبا دە گوڵدن خەرج بکا و من پۆستاڵم هەبووایە. لەو بڕوایەدا بوو ئەمساڵ لەم دەڤەرە نامێنێ، بەڵام هێشتا لێرەیە و برسێتی گەورەیە. تێ دەگەم کە تووڕەن.

**سەربازی لاو:**

تەحەمولی ناکەم، قسە مەکەن، من تەحەمولی نادادپەروەری ناکەم.

**دایکە ئازا:**

حەقتانە، بەڵام چەندی تر؟ چەندی تر تەحەمولی نادادپەروەری ناکەن؟ سەعاتێک یان دووان؟ ببینن، ئێوە ئەمەتان لە خۆتان نەپرسیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە شتی سەرەکییە، بۆچی، لە کۆت و پێوەنددا کلۆڵییە، ئەگەر هەست بکەن، ئێستا لە پڕ تەحەمولی نادادپەروەری ناکەن.

**سەربازی لاو:**

من نازانم بۆ گوێ لە ئێوە دەگرم. شەیتان بە لەعنەت بی! فەرماندەی گروانی سوارە لە کوێیە؟

**دایکە ئازا:**

گوێم لێ دەگرن، لەبەرئەوەی دەزانن، من دەمەوێ چیتان پێ دەڵێم، کە ڕقەکەتان ڕەویوەتەوە، تەنیا تووڕەییەکی کورت بوو،

و پێویستتان بە یەکێکی درێژە، بەڵام لە کوێوەی دەهێنن؟

**سەربازی لاو:**

دەتانەوێ بڵێن، گونجاو نییە داوای بەخشیشەکە دەکەم ؟

**دایکە ئازا:**

بە پێچەوانەوە. من تەنیا دەڵێم، تووڕەیییەکەت زۆر درێژ نییە، بەمە ناتوانی هیچ وە دەست بهێنی، بە داخەوە. ئەگەر تووڕەییییەکی درێژتان هەبووایە، لەوانە بوو هارترتان بکەم. ئەمجا دەمەوێ ئامۆژگاریتان بکەم، سەگەکە هەڵاهەڵا بکەن، بەڵام چی دەبێ ئەگەر ئێوە سەگەکە هەلاهەلا نەکەن، لەبەرئەوەی ئێوە هەست دەکەن چۆن لە ترساندا پەژیوان دەبنەوە. ئەوسا من لێرەم و فەرماندەی گروانی سوارە یەخەی من دەگرێ.

**سەربازی پیر:**

زۆر ڕاست دەکەن، تەنیا شێتگیرییەکی هەیە.

**سەربازی لاو:**

ئاوا، دەمەوێ بیبینم، ئایا هەلاهەلای ناکەم. (شمشێرەکەی ڕادەکێشێ). ئەگەر بێت، هەلاهەلای دەکەم.

**نووسیار:**

(سەیری دەرەوە دەکا): هەر ئێستا فەرمانەدەی سوارە دێ. دانیشن.

(سەربازە لاوەکە دادەنیشێ).

**دایکە ئازا:**

ئەوە خۆ دانیشتووە. ئێوە دەبینن، من چیم گوت. دانیشتوونە.



بەڵێ، ئەوان ئێمە باش دەناسن و، دەزانن دەبێ چۆنی بکەن. دانیشن! ئێمە دادەنیشین. لە دانیشتندا سەرپێچیی نییە. باشترە جارێکی تر قیت نەبنەوە. وەکو پێشتر وەستابوون، باشترە جارێکی تر وا نەوەستن. لە بەرچاوی من پێویست ناکا شەرم بکەن، من باشتر نیم، بە هیچ شێوەیەک. هەموو جەربەزەییەکیان لێ کڕیوینەتەوە، لەبەرچی، ئەگەر من ورتەم لە زار بێتە دەرێ، لەوانەیە زیان بە بازرگانییەکەی خۆم بگەیەنم. من باسی ورەبەردانە گەورەکەت بۆ دەکەم.

(گۆرانی ورەبەردانە گەورەکە دەڵێ):

جارێک لە جاران، لە بەهاری تەمەنی لاویمدا
منیش بیرم کردەوە، کە من شتێکی زۆر تایبەتم.
(نەک وەکو کچی سەپانێک،
بە دیمەنی جوان و بەهرەمەوە
بە جۆش و خرۆشمەوە بۆ بڵندتر!)
داوای شۆربای بێ مووم کرد
قازانجیشیان لە من نەدەکرد.
(هەموو شتێک یان هیچ شتێک، بەڵام بە هیچ جۆرێک
ئەوی تری لەم باشتر نا، هەر کەسەو بەختی خۆی چێ دەکا،
من نایەڵم هیچ کەس ڕێگەم پێشان بدا!)
بەڵام لە سەربانەوە ڕیشۆڵەیەک خوێندی:
ساڵێک چاوەڕوان بە!
تۆ بە مارش دەچیتە ناو کلێساوە
بە هەنگاوی هاوئاهەنگ، لەسەرخۆ یان خێرا

بە دەنگێکی نزم فیتوو لێ دەدا:
ئێستاکە دێ،
ئێستا: هەمووی تەکان دەدا!
مرۆڤ بیر دەکاتەوە: خوا دەئاژوێ–
کەس باسی ناکا!
پێش ئەوەی ساڵ بگوزەرێ
فێر بووم دەرمانەکەم هەڵقوڕێنم.
(دوو منداڵ بە سەرمەوە و لەم نرخی بەرزەی نانداو
ئەو هەموو شتەی داوا دەکرێ!)
جارێکیان کاتێ کارەکەیان لەگەڵ تەواو کردم
خستمیانە سەر قوون و سەر ئەژنۆ.
(مرۆڤ دەبێ لەگەڵ خەڵکدا خۆی بسازێنێ،
دەستێک ئەوی تر دەشوا، ناتوانی بە سەر
دیوار کون بکەی).
لە سەربانەوە ڕیشۆڵەکە
ساڵێکی تر نابا!
ئەو بە مارش دەچێتە ناو کڵێساوە
بە هەنگاوی هاوئاهەنگ، لەسەرخۆ یان خێرا
بە دەنگێکی نزم فیتوو لێ دەدا:
ئێستاکە ئەو دێ،
ئێستا: هەمووی تەکان دەدا!
مرۆڤ بیر دەکاتەوە: خوا دەئاژوێ–



کەس باسی ناکا!
زۆرم بینی پەلاماری ئاسمانیان دەدا
هیچ ئەستێرەیەک بۆیان گەورە و دوور نەبوو.
(بە سەلیقە دەیتوانێ، هەر کاتێک ویست هەبێ،
ڕێگەیەکیش هەر دەبێ، ئێمە وره بەر دەدەین).
بەڵام هەر زوو لە کاتی کەژ بە سەر کەڵەکەکردندا
هەستیان کرد
چەند زەحمەتە مەڵۆیەک هەڵگری.
(مرۆڤ دەبێ بە قەد بەڕەی خۆی پێ درێژ کا!)
لە سەربانەوە ڕیشۆڵەکە
دەخوێنێ: چەند ساڵێکی تر چاوەڕوان بە!
بە مارش دەچنە ناو کڵێساوە
بە هەنگاوی هاوئاهەنگ، لەسەرخۆ یان خێرا
بە دەنگێکی نزم فیتوو دەکێشن:
ئێستاکە ئەو دێ،
ئێستا: هەمووی تەکان دەدا!
مرۆڤ بیر دەکاتەوە: خوا دەئاژوێ–
کەس باسی ناکا!
(دایکە ئازا بە سەربازە لاوەکە):
لەبەر ئەوە من بیر دەکەمەوە، تۆ دەبێ بە شمشێرە ڕووتەکەتەوە لێرە بمێنیتەوە، ئەگەر بە ڕاستی حەز بکەی و ڕقەکەت گەورە بێ، چونکە تۆ هۆیەکی باشت هەیە، دەبێ پێی لێ نێم، بەڵام

ئەگەر ڕقەکەت ڕقێکی کورتە، باشترە هەر ئێستا بڕۆی!

**سەربازی لاو:**

گوو بخۆ! (بە پێ تێک ئالآنەوە دەڕوا، سەربازە پیرەکە بە دوایدا).

**نووسیار:**

(سەری دەهێنێتە دەرێ): فەرماندەی گروانی سوارە هات. ئێستا دەتوانن سکالآ بکەن.

**دایکە ئازا:**

من پەشیمان بوومەوە. سکالآ ناکەم. (دەڕوا).



**٥**

(دوو ساڵ بە سەر چوون، جەنگ هەتا دێ دەڤەری زۆرتر دەگرێتەوە. لە سەفەری بێ وەستاندا گالیسکە بچووکەکەی دایکە ئازا پۆڵۆنیا، مێرن، باڤاریا، ئیتالیا و جارێکی تر باڤاریا تەی دەکا . ١٦٣١ سەرکەوتنی تیلی لای ماگدەبورگ چوار کراسی ئەفسەر لەسەر دایکە ئازا دەکەوێ).

(گالیسکەکەی دایکە ئازا لە گوندێکی بە تۆپ وێرانکراو دەوەستێ).

(لە دووریی دوورەوە مۆسیقای نزمی سەربازی دەبیسترێ. دوو سەرباز لەسەر مێزی مەیخانە، ل لایەن کاترین و دایکە ئازاوە خزمەت دەکرێن. یەکێک لە سەربازەکان پاڵتۆیەکی فەرووی ژنانەی بە شانەوەیە).

**دایکە ئازا:**

چی، ناتوانی پارە بدەی؟ پارە نەدەی، عەرەقت نادەمێ. مارشی سەرکەوتن لێ دەدەن، بەلآم مووچە نادەن.

**سەرباز:**

من عەرەقەکەی خۆم دەوێ. من درەنگ چووم بۆ تالآنکردن. فەرماندەی هێز فێڵی لێ کردین و تەنیا بۆ یەک سەعات ڕێی پێ داین شار تالآن بکەین، وتی کە نامەرد نییە؛ دەبێ شار پارەیەکی پێی دابێ.

**قەشەی لەشکر:**

(پێی بە یەکدا دێ): لە حەوشەکەدا هێشتا خەڵک ماون. خێزانە جووتیارەکە. کەس یارمەتیم دەدا. پێویستم بە کەتانە.

(سەربازی دووەم لەگەڵیدا دەڕوا. کاترین زۆر شپرزە دەبێ و هەوڵ دەدا قەناعەت بە دایکی بکا، بۆ ئەوەی کەتانیان بداتێ).

**دایکە ئازا:**

من کەتانم نییە. بەستەکانم لای بەتالیۆن فرۆشت. من کراسی ئەفسەری بۆ ئەمانە نادڕم.

**قەشەی لەشکر:**

(بۆ پاشەوە هاوار دەکا): دەڵێم پێویستم بە کەتانە.

**دایکە ئازا:**

(ڕێ لە کاترین دەگرێ بچێتە ناو گالیسکەکەوە، بەوەی لەسەر پێپلیکە دادەنیشێ): من هیچ نادەم، پارە نادەن، لەبەرئەوەی هیچیان نییە.

**قەشەی لەشکر:**

(بە سەر سەری ژنێکەوە کە بۆ ئێرەی هەڵگرتووە): بۆ لێرە مانەوە، لە ئاگری خومپارەدا؟

**ژنە جووتیار:**

(بە کزی): کێڵگە.

**دایکە ئازا:**

گوایە ئەو چی بەجێ دەهێڵێ! بەڵام من دەبێ ببمە قۆچی قوربانی. من نایکەم.



**سەربازی یەکەم:**

ئەمانە ئێڤانگێلین. بۆچی دەبێ ئێڤانگێلی بن؟

**دایکە ئازا:**

ئەمانە چش لە ئیمان دەکەن. ئەمانە ماڵ و کێڵگەیان لە دەست داوە.

**سەربازی دووەم:**

ئەمان هەر ئێڤانگێلی نین. خۆیان کاتۆلیکین.

**سەربازی یەکەم:**

لە بۆمبباراندا ناتوانین لە یەکیان جودا بکەینەوە.

**جووتیارێک:**

(کە قەشەی لەشکر دەیهێنێ): دەستم پەرێشانە.

**قەشەی لەشکر:**

کەتانەکە لە کوێیە؟

(هەموو سەیری دایکە ئازا دەکەن، کە لە جێی خۆی ناجووڵێتەوە).

**دایکە ئازا:**

من ناتوانم هیچ بدەم. لەگەڵ ئەو هەموو باج و گومرک و سوود و پارەی بەرتیلەدا! (کاترین بە دەم دەنگی غەرغەرە ئاسا دەرکردنەوە تەختەدارێک هەڵدەگرێ و هەڕەشەی لە دایکی پێ دەکا). شێت بووی؟ تەختەکە دانێ. ئەگینا یەکێکت پیا دەکێشم، ناجسن! من هیچ نادەم، حەز ناکەم، من دەبێ بیر لە خۆم بکەمەوە. (قەشەی لەشکر لە پلەی گالیسکەکە هەڵی دەستێنێ و لەسەر زەوییەکەی دادەنێ؛ ئەمجا کراس

دەردەهێنێ و دەیاندڕێنێ). کراسەکانم! یەکی بە نیو گوڵدنە!
من ماڵم وێران بوو!
(لە خانووەکەوە دەنگی پڕ ئازاری منداڵێک دێ).

**جووتیارەکە:**

هێشتا منداڵەکەی تێدایە!
(کاترین ڕادەکاتە ژوورەوە).

**قەشەی لەشکر:**

(بە ژنەکە): بە پاڵکەوتنەوە بمێنەرەوە! منداڵەکە دەردەهێنرێ.

**دایکە ئازا:**

بیگرن، لەوانەیە ساباتەکە بڕووخێ.

**قەشەی لەشکر:**

جارێکی تر ناچمە ژوورەوە.

**دایکە ئازا:**

(دوودڵە): کەتانە گرانەکانم بە فیڕۆ مەدە!
(سەربازی دووەم دەیگرێ. کاترین کۆرپەیەک لە وێرانەکەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێ).

**دایکە ئازا:**

جارێکی تر بەختەوەرانە منداڵێکی بەرمەمکانەت دۆزییەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆتدا بیگێڕی؟ یەکسەر دەیدەیتەوە بە دایکی، ئەگینا سەریەشەیەکی چەند سەعاتیم بۆ دروست دەبێ، هەتا لە دەستتی دەردەهێنم، گوێت لێ نییە؟ (بە سەربازی دووەم): چاو دامەچەقێنە، باشتر وایە بچیتە پشتەوە بۆ لایان و پێیان بڵێ، با دەست لە مۆسیقالێدان هەڵگرن، لێرەوە دەبینم کە



سەرکەوتوونە. من بە سەرکەوتنتان تەنیا زیانم لێ دەکەوێ.

**قەشەی لەشکر:**

(لە کاتی برین پێچانەوەدا): خوێنەکەی دادەدا. (کاترین کۆرپەکە دەلاوێنێ و بە لاڵەپەتەیی لایەلایەی بۆ دەکا).

**دایکە ئازا:**

لێرە دانیشتووە و لەم هەموو نەگبەتییەدا، بەختەوەرە، ئێستا یەکسەر دەیدەیتەوە، دایکی دێتەوە هۆش خۆی. (سەربازی یەکەم دەبینێ چووەتە لای خواردنەوەکانەوە و دەیەوێ بوتڵێک لەگەڵ خۆی بەرێ). بە لەعنەت بی! حەیوان، دەتەوێ هێشتا سەرکەوتنی تر بە دەست بێنی؟ پارە دەدەی.

**سەربازی یەکەم:**

هیچم نییە.

**دایکە ئازا:**

(پاڵتۆ فەرووەکەی لە شان ڕادەپسکێنێ): دە پاڵتۆکە لێرە بە جێ بهێڵە، خۆ ئەمە هەر دزراوە.

**قەشەی لەشکر:**

یەکێکی تریش لە ژێرییەوەیە.

## ٦

(لە کەناری شاری ئینگۆلشتات لە باڤاریا دایکە ئازا لە ناشتنی تەرمی تیلی لە جەنگدا کوژراوی فەرماندەی هێزی پاشایەتی ئامادەیە. گفتوگۆ دەربارەی پاڵەوانانی جەنگ و درێژیی جەنگ دەکرێ. قەشەی لەشکر گازاندەی ئەوە دەکا کە بەهرەکانی سوودیان لێ وەرنەگیراوە و، کاترینی لاڵ پێڵاوە سوورەکانی دەدرێتێ. ساڵی ١٦٣٢ە).

(لە ناوەوەی خێوەتی دێوەرەییدا).

(لە پشتەوەی مێزێکی مەی خوارنەوە. باران دەبارێ. لە دوورەوە دەنگی تەپڵ و مۆسیقای پرسە دەبیسترێ.
قەشەی لەشکر و نووسیاری بەتالیۆن یاری دامە دەکەن. دایکە ئازا و کچەکەی تاوتوێی شتەکان دەکەن).

**قەشەی لەشکر:**

ئێستا کۆڕی پرسەداران دەجووڵێ.

**دایکە ئازا:**

بە داخەوە بۆ فەرماندەی هێز -بیست و دوو جووت لەو گۆرەوییانە-، کە پێ کرا، دەوترێ کە بەدبەختی بوو. تەم بەسەر چیمەنەکانەوە بووە، خەتای تەم بووە. فەرماندەی هێز هێشتا بانگی بەتالیۆنێکی کردبوو، کە دەبێ ئازایانە بجەنگێن، بە سواری گەڕابووەوە، بەڵام لە تەمدا ئاراستەکەی ون کردبوو، کە





بەرەو پێشەوە بە غاردان ڕۆێشتبوو، لە ناوەڕاستی کوشتارگەدا گوللەیەکی بەرکەوتبوو- تەنیا چوار مۆم بگەڕێرەوە. (لە پشتەوە فیکەیەک لێ دەدەرێ. دەچێ بۆ لای مێزی مەیەکە). شەرمە، کە ئێوە لە ناشتنی تەرمی فەرماندەکەتان خۆتان دەشارنەوە! (مەی تێ دەکا).

**نووسیار:**

نەدەبوو پێش ناشتنەکە پارەیان بدرێتێ. ئێستا خۆیان مەست دەکەن لە جیاتی ئەوەی بچن بۆ ڕێوڕەسمی ناشتن.

**قەشەی لەشکر:**

(بە نووسیار): ئێوە نابێ بچن بۆ ناشتنی؟

**نووسیار:**

من لە بەر باران خۆم دزییەوە.

**دایکە ئازا:**

لای ئێوە شتێکی ترە، لەوانەیە جلە چوون یەکەکانتان بە هۆی بارانەوە بلەوتێ. دەوترێ، بێگومان دەیانویست بۆ ناشتنەکە زەنگ لێ بدەن، بەڵام دوایی دەرکەوت، بە فەرمانی وی کلێساکان بەر تۆپ درابوون، کە فەرماندەی داماو گوێی لە زەنگ نابێ، کاتێ دەیخەنە گۆڕەوە. لە جیاتی ئەوە دەیانەوێ سێ گوللەتۆپ بتەقێنن، بۆ ئەوەی شتەکە هێندە وشک نەبێ- حەڤدە قایش.

(دەنگ لە مەیخانەکەوە): گارسۆن! برەندییەک!

**دایکە ئازا:**

یەکەم جار پارە! نەخێر، بە پۆستاڵە پیسەکانتانەوە نایەنە

خێوەتەکەمەوە! دەتوانن لە دەرەوە بخۆنەوە، بارانە باران نییە کەیفی خۆیەتی. (بە نووسیار): من تەنیا دەهێڵم پلەدارەکان بێنە ژوورەوە. وەکو دەبیستم فەرماندە لەم دواییانەدا گیروگرفتی هەبووە. گوایە لە بەتالیۆنی دوو پشێوی هەبووە، چونکە مووچەی نەداوە، بەڵکو گوتوویەتی، ئەمە جەنگی ئیمانە دەبێ بە خۆڕایی بیکەن.

(مارشی پرسە. هەموو سەیری دواوە دەکەن).

**قەشەی لەشکر:**

ئێستا لە بەردەم تەرمە بەرزەکەدا بە فەرمی ڕێ دەکەن.

**دایکە ئازا:**

من بەزەییم بە فەرماندەیەکی ئاوها یان قەیسەرێکدا دێتەوە، کە لەوانەیە وا بیری کردبێتەوە، شتێکی باش دەکا و، لە ئایندەدا خەڵکی باسی دەکەن و، پەیکەرێکی بۆ دروست دەکەن، بۆ نموونە جیهان داگیر دەکا، ئەمە بۆ فەرماندەیەکی هێز ئامانجێکی گەورەیە، ئەو باشتری نازانێ. بە کورتی، ئەو کۆشش دەکا، بەڵام بە هۆی ڕەشەخەڵکەکەوە شکست دەهێنێ، کە پەرداخێک بیرە یان کەمێک خۆش مەشرەبیی دەوێ، نەک شتێکی بەرز. جوانترین پلان بە هۆی شتی بچووکەوە خەسار کراوە، لەلایەن ئەوانەوە کە دەبوو جێبەجێی بکەن، چونکە قەیسەرەکان خۆیان ناتوانن هیچ بکەن، دەبێ پشت بە هاوکاریی سەرباز و گەل ببەستن، لە هەر شوێنێک بن، قسەکەم ڕاستە؟

**قەشەی لەشکر:**

(پێ دەکەنێ): ئازا، من حەقتان دەدەمێ، تەنیا سەربازەکان



نەبێ، ئەو شتانە دەکەن کە دەتوانن بیکەن. لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەدا بۆ نموونە، کە لە بەر باراندا برەندی دەخۆنەوە، متمانە بە خۆم دەکەم سەد ساڵ، جەنگ دوای شەڕ و دوانیش بە جارێ هەڵگیرسێنم، ئەگەر پێویست بکا و، خۆ من وانەی فەرماندەیی هێزشم نەخوێندووە.

**دایکە ئازا:**

مەبەستت ئەوە نییە کە لەوانەیە جەنگ کۆتاییی بێت؟

**قەشەی لەشکر:**

لەبەرئەوەی فەرماندەی هێز کوژراوە؟ منداڵ مەبە. دەرزەنێک وەکو ئەو دەدۆزرێتەوە، هەمیشە پاڵەوان هەیە.

**دایکە ئازا:**

من تەنیا ئەوەتان بۆ گەمە لێ ناپرسم، بەڵکو بیر دەکەمەوە، ئایا زەخیرەی نوێ بکڕم، ئەو شتانەی ئێستا هەرزان دەست دەکەون، بەڵام ئەگەر جەنگ کۆتاییی بێ، دەبێ ئەوسا فڕێیان دەم.

**قەشەی لەشکر:**

تێ دەگەم، کە ئێوە بە جدیتانە. هەمیشە خەڵک هەن، بەملا و ئەولادا دێن و دەچن و دەڵێن: «ڕۆژێک لە ڕۆژان شەڕ تەواو دەبێ.» من دەڵێم: نەوتراوە کە جەنگ ڕۆژێک لە ڕۆژان تەواو دەبێ. بێگومان لەوانەیە پشوویەکی بچووک بێتە ئاراوە. جەنگ دەبێ نەفەس بدا، بەڵێ، تەنانەت لەوانەیە تووشی گیروگرفتێک بێت. ئەمە مسۆگەر نییە، هیچ شتێکی سەرومڕ لێرە لەسەر زەمیندا نییە. جەنگێکی سەرومڕ، کە مرۆڤ بتوانێ بڵێ: هیچ

کەموکووڕییەکی نییە، ڕەنگبێ هەرگیز نەبێ. لەوانەیە لە پڕ
تووشی نسکۆ بێ، بە شتێکی چاوەڕواننەکراو، هیچ مرۆڤێک
ناتوانێ بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە. لەوانەیە شتێک نەبینێ و
نەگبەتییەکە ئامادەیە. ئەمجا مرۆڤ دەتوانێ جارێکی تر جەنگ
لە قوڕاو دەربهێنێ! بەڵام لە کاتی تەنگەتاویدا پاشاکان و
قەیسەرەکان و پاپا دێن یارمەتی بدەن. بە شێوەیەکی گشتی
پێویست ناکا ترسی لە شتێکی جدی هەبێ و ژیانێکی درێژی
لە بەردەمدایە.

**سەربازێک:**

(لە بەردەم مەیخانەدا گۆرانی دەڵێ):
مەیەک، ساقی، خێرا، ژیر بە!
سوارێک کاتی نییە.
دەبێ بۆ قەیسەرەکەی بجەنگێ.
دەبڵ با بێ مەی، ئەمڕۆ پشووە!

**دایکە ئازا:**

ئەگەر بتوانم متمانەت پێ بکەم...

**قەشەی لەشکر:**

خۆتان بیر بکەنەوە! چی شتێک دەبێ دژی جەنگ بێ؟

**سەرباز:**

(لە پشتەوە گۆرانی دەڵێ):
ژنە سینەت، خێراکە، ژیر بە!
سوار کاتی نییە.
دەبێ بەرەو (مێرن) تێ تەقێنێ.



**نووسیار:**

(لە پڕ): ئەی ئاشتی، چی لێ بە سەردێ؟ من خەڵکی
(بۆهیمیام) و جاروبار دەمەوێ بچمەوە بۆ ماڵەوە.

**قەشەی لەشکر:**

ئاوها، دەتانەوێ؟، بەڵێ، ئاشتی! کونە پەنیر چی بەسەر دێ،
کە پەنیرەکە خورابێ!

**سەربازەکە:**

(لە پشتەوە گۆرانی دەڵێ):
ئاهەنگ بگێڕە، هەڤاڵ، ژیر بە!
سوارچاک کاتی نییە.
دەبێ بێ، هەتا جاڕ بدرێ.
قسەکەت، باوکی ڕوحانی، خێراکە، ژیر بە!
سوراچاک کاتی نییە.
دەبێ بۆ قەیسەر خۆی بە کوشت بدا.

**نووسیار:**

مرۆڤ بە بەردەوامی ناتوانێ بە بێ ئاشتی بژی.

**قەشەی لەشکر:**

دەمەوێ بڵێم، ئاشتی لە جەنگیشدا هەیە، جەنگ لایەنی ئاشتیی
تێدایە. جەنگ هەموو پێداویستییەکان دابین دەکا، پێداویستییە
ئاشتییەکانیش، مشووری ئەمە خوراوە، ئەگینا لەوانەیە نەتوانێ
خۆی ڕاگرێ. لە جەنگیشدا دەتوانی وەکو لە قووڵترین ئاشتیدا
پیسایی بکەی، لە نێوان شەڕێک و شەڕێکی تردا بیرەیەک هەیە،
تەنانەت لە کاتی بەرەو پێشچووندا دەتوانی سەرخەوێک

بشکێنی، بە سەر ئانیشکەوە، ئەمە هەمیشە شیاوە، لە سەنگەری ئەمبەر و ئەوبەری جادەدا. لە کاتی هێرشدا ناتوانی یاریی کارت بکەی، لە کاتی دروێنەکردندا لە قوولترین ئاشتیشدا ناتوانی ئەمە بکەی، بەڵام پاش سەرکەوتن ئەگەری ئەوە هەیە. لەوانەیە لاقێکت بەر گولله کەوتبێ، لە سەرەتاوە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەی، وەکو شتێک ڕووی دابێ، بەڵام ئەمجا هێور دەبیتەوە یان شەرابت دەدەنێ و لە دواییدا هەڵبەز و دابەز دەکەی و جەنگیش وەزعی لە پێشوو خراپتر نییە. ئەی چی ڕێت لێ دەگرێ، لە گەرمەی کوشتاردا نەوە بخەیتەوە، لە پشتی کادانێکدا یان لە شوێنێکی تر، هەمیشە ناتوانرێ ڕێت لێ بگیرێ، ئەمجا جەنگ وەچەکانتی هەیە و دەتوانێ بەوانەوە بەردەوام بێ. نەخێر، جەنگ هەمیشە دەرگەیەک دەدۆزێتەوە، ئەی چۆن. بۆ دەبێ واز بهێنێ؟

(کاترین دەستی لە کارکردن هەڵگرتووە و لە قەشەی لەشکر ڕادەمێنێ).

**دایکە ئازا:**

کەواتە شتەکان دەکڕم. من پشتتان پێ دەبەستم. (کاترین لە پڕ سەبەتەیەکی پڕ لە بوتڵ فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە و ڕادەکاتە دەرەوە). کاترین! (پێ دەکەنێ). خوایە، خۆ چاوەڕوانی ئاشتی دەکا. من گفتم پێی دا، ئەگەر ئاشتی بەرقەرار بێ دەیدەم بە مێرد. (بە دوایدا ڕادەکا).

**نووسیار:**

(بە دەم هەستانەوە): من بردمەوە، چونکە ئێوە قسەتان کرد. ئێوە پارە دەدەن.



**دایکە ئازا:**

(لەگەڵ کاترین دێتە ژوورەوە): ئاقڵ بە، جەنگ کەمێکی تریش دەخایەنێ، ئێمەیش کەمێکی تر پارەمان دەست دەکەوێ، ئەوسا ئاشتی جوانتر دەبێ. تۆ دەچیتە شار، لێرەوە دە دەقیقە نابێ، شتەکان لە شێرە زێڕینەکەدا دەهێنی، گرانبەهاکان، ئەوانی تر دوایتر بە گالیسکەکە دەهێنین، هەموو شتێک بڕاوەتەوە، نووسیاری بەتالیۆن یاوەریت دەکا. هیچت بە سەر نایەت لەبەرئەوەی زۆربەیان لە ناشتنی تەرمی فەرماندەی هێزدان. هیچت بە سەر نایەت. سەلامەت بی، مەیەلە هیچت لێ بەرن، بیر لە جیازیت بکەرەوە!

(کاترین کەتانێک دەخاتە سەر سەری و لەگەڵ نووسیاردا دەڕوا).

**قەشەی لەشکر:**

دەتوانی بیەڵی لەگەڵ نووسیاردا بڕوا؟

**دایکە ئازا:**

ئێ خۆ ئەوەندە جوان نییە، کە بتوانێ ماڵی یەکێک وێران بکا.

**قەشەی لەشکر:**

بەو جۆرەی سەودا و مامەڵە دەکەی و هەمیشە هەڵدەکەی، زۆر جار پێی سەرسام بووم. تێ دەگەم، کە ئازایان ناو ناوی.

**دایکە ئازا:**

خەڵکە هەژارەکان پێویستیان بە ئازایەتییە، لەبەرچی، لەبەرئەوەی ئەگەر وا نەبێ دەفەوتێن. کە بەیانیان بێدار دەبنەوە، لە وەزعی خۆیاندا پێویستیان بە شتێکە. یان کە کێڵگەیەک

دەکێڵن و لە جەنگدا! کە هەر منداڵ دەخەنەوە، ئەوە پیشان دەدا، کە ئازایەتییان تێدایە، چونکە هیچ ئاسۆیەکیان نییە. دەبێ ببنە جەلادی یەکتر و یەکتر قەلەوپاچە کەن، ئەگەر بیانەوێ سەیری ناو چاوی یەکتر بکەن، ئەمە پێویستی بە ئازایەتییە. کە تەحەمولی قەیسەرێک و پاپایەک دەکەن، ئەمە ئازایەتییەکی ناوازە دەسەلمێنێ، چونکە دەبێتە هۆی لە دەستدانی ژیانیان. (دادەنیشێ، پایپێکی بچووک لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەیکێشێ). دەتوانی تۆزێک داری سووتەمەنی ببڕیتەوە.

**قەشەی لەشکر:**

(بە نابەدڵییەوە چاکەتەکەی دادەکەنێ و خۆی ئامادە دەکا بۆ ئەوەی دار ببڕێتەوە): لە ڕاستیدا من باوکی ڕوحیم نەک داربڕ.

**دایکە ئازا:**

بەس من ڕوحم نییە. بەڵام پێویستم بە داری سووتەمەنییە.

**قەشەی لەشکر:**

ئەم پایپە کورتە چییە؟

**دایکە ئازا:**

هەر پایپە.

**قەشەی لەشکر:**

نەخێر، نەک «هەر پایپە»، بەڵکو پایپێکی زۆر دیاریکراوە.

**دایکە ئازا:**

ئاوها؟

**قەشەی جەنگ:**

ئەمە پایپە کورتەکەی ئاشپەزەکەی بەتالیۆنی



ئۆکسنستیەرنەیە.

**دایکە ئازا:**

ئەگەر ئەمە دەزانن، بۆ دووڕووانە پرسیار دەکەن؟

**قەشەی جەنگ:**

لەبەرئەوەی نازانم، ئایا ئاگاتان لەوە هەیە کە ئێستا ئەو پایپە دەکێشن. لەوانە بوو بە ناو شتومەکەکاندا بگەڕێی و پایپێکی کورتت بەر دەست کەوێ و ئێ وە لە نائاگایی ڕووتەوە دەریبهێنن.

**دایکە ئازا:**

ئەی بۆچی دەبێ وا نەبێ؟

**قەشەی لەشکر:**

لەبەرئەوەی وا نییە. ئێوە بە ئاگاییەوە دەیکێشن.

**دایکە ئازا:**

ئەی ئەگەر وایش بکەم؟

**قەشەی جەنگ:**

ئازا، ئاگەدارتان دەکەمەوە. ئەمە ئەرکی منە. ڕەنگ بێ ئێوە ئەو پیاوە بە چاو نەبیننەوە، بەڵام ئەمە جێی داخ نییە، بەڵکو خۆشبەختیتانە. ئەو کاریگەرییەکی جێی باوەڕی لە لا بەجێ نەهێشتووم. بە پێچەوانەوە.

**دایکە ئازا:**

ئاوها؟ مرۆڤێکی باش بوو.

**قەشەی لەشکر:**

ئاوها، بەو دەڵێی مرۆڤی باش؟ من پێی ناڵێم مرۆڤی باش. من

زۆر لەوەوە دوورم خوازیاری شتی خراپ بم بۆی، بەڵام ناتوانم پێی بڵێم باش. زیاتر دۆن خوانێکە، یەکێکی بە سەلیقە. سەیری پایپەکە بکە، ئەگەر بڕوا بە من ناکەی. دەبێ دانی پێدا بنێن، کە پایپەکە زۆر لایەنی ڕەوشتی ئاشکرا دەکا.

**دایکە ئازا:**

من هیچ نابینم. بە کارهێنراوە.

**قەشەی لەشکر:**

تا نیوە گازی لێ گیراوە. مرۆڤێکی بە زەبروزەنگە. ئەمە پایپە کورتەکەی مرۆڤێکی بێ ڕەچاوی بە زەبروزەنگە، بە پایپەکەوە دەیبینن، ئەگەر هێشتا هەموو هێزی حوکمدانتان لە دەست نەدابێ.

**دایکە ئازا:**

کۆتەدارەکەم بۆ نەبڕیتەوە.

**قەشەی لەشکر:**

من پێم وتن، من فێری داربڕینەوە نەبوومە. من ڕوحنەواییم خوێندووە. لێرەدا بەهرە و توانام بۆ کاری جەستە بە هەڵە بە کار دەهێنرێ. ئەو سەلیقانەی خوا پێی بەخشیوم سوودیان لێ وەرناگیرێ. ئەمە گوناهە. ئێوە گوێتان لە خوتبەدانی من نەبووە. من دەتوانم تەنیا بە خوتبە بەتالیۆنێک بخەمە ڕەوشێک، کە هەموو دوژمن وەکو مێگەلێکی بەران سەیر بکا. ژیانیان وەکو گۆرەوییەکی بۆگەنی کۆن بۆ خۆیان دەرکەوێ، کە لە بیرکردنەوەیاندا لە سەرکەوتنی کۆتاییدا فڕێی دەدەن. خوا بەهرەی زمانئاراییی پێ بەخشیوم. خوتبەیەک دەدەم، کە بیستن



و بینینتان لە بیر بچێتەوە.

**دایکە ئازا:**

خۆ من نامەوێ، بیستن و بینینم لە بیر بچێتەوە. من لێرە چی دەکەم؟

**قەشەی لەشکر:**

ئازا، زۆر جار بیرم کردووەتەوە، ئایا ئێوە بە قسە ڕەقەکانتان تەنیا سروشتی دڵە گەرمەکەتان ناشارنەوە. ئێوەیش مرۆڤن و پێویستتان بە گەرمییە.

**دایکە ئازا:**

بە باشترین شێوە دەتوانین ناو خێوەتەکە گەرم بکەین، ئەگەر سووتەمەنیی تەواومان هەبێ.

**قەشەی لەشکر:**

خۆتان لە بابەتەکە لادەدەن. بە جدی، ئازا، من لە خۆم دەپرسم، چی دەبێ ئەگەر ئێمە پێوەندیمان کەمێک تەنگتر بکەینەوە. مەبەستم ئەوەیە، دوای ئەوەی گەردەلوولی کاتی جەنگەکان وا سەیر بەرەو یەکتری ڕامالیوین.

**دایکە ئازا:**

من وا بیر دەکەمەوە پێوەندییەکەمان زۆر تەنگە. من خواردنت بۆ لێ دەنێم و ئێوەیش دەجووڵێن و بۆ نموونە داری سووتەمەنی دەبڕنەوە.

**قەشەی جەنگ:**

(بەرەو لای دەڕوا): خۆ دەزانن مەبەستم لە «تەنگتر» چییە؛ ئەمە پێوەندی خواردن و داربڕین و ئەم پێویستییە نزمانە نییە.

بیهێڵن دڵتان بدوێ، ڕەق مەبن.

**دایکە ئازا:**

بە تەورەکەتانەوە بەرەو لای من مەیەن. ئەمە بۆ من پێوەندییەکی زۆر تەنگە.

**قەشەی لەشکر:**

مەیخە قاڵبی تەوسەوە. من مرۆڤێکی جدیم و پێشتر بیرم لێ کردووەتەوە چی دەڵێم.

**دایکە ئازا:**

قەشەی لەشکر، مەنتیقی بە. تۆ بۆ من مرۆڤێکی میهرەبانی، پێویست ناکا من سەرکۆنەت بکەم. ئەوەی من دەمەوێ ئەوەیە خۆم و منداڵەکانم بە گالیسکەکەمەوە دەرکەم. من ئەم گالیسکەیە وەکو هیی خۆم سەیر ناکەم و ئێستا بۆ چیرۆکی شەخسی بیرم ساف نییە. ئێستا کە فەرماندە کوژراوە و هەموو باسی ئاشتی دەکەن سەرکێشی بەوەوە دەکەم شت بکڕم. کاتێ من ماڵم ویران بێ ئێوە بۆ کوێ دەچن؟ دەبینن، ئەمە نازانن. داری سووتەنیمان بۆ ببڕنەوە، ئەوسا ئێوارە گەرممان دەبێتەوە، ئەمە لەم کاتانەدا زۆر زۆرە.. ئەمە چییە؟ (هەڵدەستێ).

(کاترین دێتە ژوورێ، هەناسەسوار، برین بە سەر چاو و تەوێڵییەوەیە. زۆر شتی داوە بە کۆڵیا، کارتۆن، چەرم، تەپڵێک هتد.)

**دایکە ئازا:**

چیتە، بە سەرتیاندا دا؟ لە گەڕانەوەدا؟ لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بە



سەریاندا داوە! ئەگەر ئەمە ئەو سوارە نەبووبێ کە لای من خۆی سەرخۆش کرد! هەرگیز نەدەبوو بیەڵم بڕۆی. شتەکان فڕێ دە! زۆر خراپ نییە، برینەکە تەنیا ڕووشانی گۆشتەکەیە، بۆت دەبەستم و لە ماوەی هەفتەیەکدا چاک دەبێتەوە. لە ئاژەڵ خراپترن.

(برینەکە دەبەستێ).

**قەشەی لەشکر:**

سەرکۆنەی هیچیان ناکەم. لە ماڵەوە کەسیان ئەتک نەکردووە. گوناهبار ئەوانەن کە شەڕ هەڵدەگرسێنن، ئەوانە مرۆڤ لنگەو قووچ دەکەنەوە.

**دایکە ئازا:**

لە گەڕانەوەدا نووسیار یاوەری نەکردی. ئەمە لەوەوە دێ کە تۆ شەخسێکی بە حەیای، ئەمەیان بە لاوە گرینگ نییە. برینەکە قووڵ نییە، هیچ شوێنی دیار نامێنێ. ئاوها، ئێستا بەستراوە. شتێکت دەدەمێ. هێور بەرەوە. بە دزییەوە شتێکم بۆ هەڵگرتووی، دەبینی. (لە کیسەیەک پێڵاوە پاژنە بەرزە سوورەکانی پۆتیر دەردەهێنێ). چی، وا سەیر دەکەی؟ تۆ هەمیشە ئەو پێڵاوانەت دەویست. ئەوەتانێ. خێرا لە پێیان کە، هەتا پەشیمان نەبوومەتەوە، هیچ نامێنێتەوە، ئەگەر یەکسەر نەمەوێ بیکەمەوە. بەختی ئەوانەی کە دەچێتە دڵیانەوە بەدترینە. بە دوای خۆیاندا ڕایان دەکێشن هەتا دادەڕزێن. ئەگەر حەزیان لە یەکێک نەبێ، لە ژیاندا دەیهێڵنەوە. من هیی وام بینیوە، کە بە ڕوخسار جوان بوون و هەر زوو بە جۆرێک

دەردەکەوتن کە گورگیش قێزیان لێ بکاتەوە. ناتوانن لە پشتی درەختی ئەمبەر و ئەوبەری جادەیشەوە ڕێ بکەن، بە بێ ئەوەی ترسیان لە شتێک هەبێ، ژیانێکی سامناکیان هەیە. ئەمە وەکو ئەو درەختانە وان، کە دارە ڕاست و زۆر درێژەکان بۆ کاریتەی بمنیچ دەبڕرێنەوە و درەختە خوارەکان بە ژیان ئاسوودەن. واتە ئەمە جگە لە بەخت هیچی تر نییە. پێلاوەکان هێشتا ڕێکوپێکن، بە چەورکراوی هەڵم گرتن.

(کاترین پێلاوەکان بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە ناو گالیسکەکەوە).

**قەشەی لەشکر:**

هیوادارم نەشێوێنرابێ.

**دایکە ئازا:**

جێ برینێک دەمێنێتەوە. پێویست ناکا ئیتر چاوەڕوانی ئاشتی بێ.

**قەشەی لەشکر:**

نەیهێشتووە شتەکانی لێ بسێنن.

**دایکە ئازا:**

نەدەبوو بیخەمە مێشکییەوە بڕوا. بمزانیبا چی بەسەر دێ! جارێکیان شەوێک نەگەڕایەوە، لەو هەموو ساڵەدا تەنیا یەک جار. لە دوای ئەوەوە وەکو پێشتر دەهات و دەچوو، بەڵام زۆرتر کاری دەکرد. نەمتوانی پێی بدرکێنم چی بینیوە. ماوەیەکی زۆر سەری خۆم پێوە یەشاند. (دەست دەداتە ئەو شتانەی کاترین هێناونی و بە تووڕەیی لە یەکیان جیا دەکاتەوە). ئەمە جەنگە! سەرچاوەی داهاتێکی باشە! (گرمەی تۆپ دەبیسترێ).



**قەشەی لەشکر:**

ئێستا فەرماندە دەنێژن. چرکەساتێکی مێژووییە.

**دایکە ئازا:**

بۆ من ئەوە چرکەساتێکی مێژووییە، کە لە چاوێکی کچەکەمیان داوە. نیوە شکاوە، ئیتر پیاوی دەست ناکەوێ، ئەوەندە حەزی لە منداڵە، لە بەر جەنگیش لاڵە، کاتێ بچووک بوو سەربازێک شتێکی ئاخنییە دەمییەوە. ئیتر شڤایتسەرکاز نابینمەوە، خوا دەزانێ ئایلیف لە کوێیە. جەنگ بە لەعنەت بێ.

## ٧

(دایکە ئازا لە چڵەپۆپەی ڕەوتی بازرگانیدایە).

(جادەیەک)

(قەشەی لەشکر، دایکە ئازا و کاترینی کچی گالیسکەکە ڕادەکێشن، کە شمەکی نوێی پێوە هەڵواسراوە. دایکە ئازا ملوانکەیەکی لە ملدایە لیرەی زیوی پێوەیە).

**دایکە ئازا:**

ڕێ نادەم ئێوە جەنگم لە لا بشکێنن.. دەوترێ کە جەنگ لاوازەکان قڕ دەکا، بەڵام لە ئاشتیشدا قڕیان تێ دەکەوێ. تەنیا، جەنگ باشتر بژێو بە خەڵک دەدا.

(گۆرانی دەڵێ):

گەر لە سەرووی وزەی تۆوە بێ

لە سەرکەوتندا بەشدار نیت.

جەنگ جگە لە بازرگانی هیچی تر نییە

لە جیاتی پەنیر بە قورقۆشمەوە.

ئەی نیشتەجێبوون قازانجی چییە. نیشتەجێکان لە پێشدا لە ناو دەچن.

(گۆرانی دەڵێ):

هەندێک دەیویست هەندێ شتی هەبێ

کە بۆ هەندێکی تر هەر نەبوون:





دەیویست ژیرانە پەناگەیەک بۆ خۆی هەڵکەنێ

کەچی گۆڕێکی زووی بۆ خۆی هەڵکەند.

هەندێکم بینی ڕاوی یەکتر دەکەن

لە پەلەیی گەڕاندا بە دوای گڵکۆیەکدا-

کاتێ تێیدا پاڵ دەکەوێ، لەوانەیە لە خۆی بپرسێ

بۆچی هێندە پەلەی بوو.

(لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبن).

## ٨

(لە هەمان ساڵدا پاشای سوید گوستاف ئەدۆلف لە شەڕی نزیک لویتسندا دەپێکرێ. ئاشتی هەڕەشەی ئەوە دەکا بازرگانیی دایکە ئازا بشێوێنێ. کوڕە ئازاکەی دایکە ئازا پاڵەوانییەکی زیاد لە پێویست ڕادەپەڕێنێ و ئابڕووبەرانە کۆتاییی دێ).

(ئۆردووگای هێز)

(بەیانییەکی هاوین. پیرێژنێک و کوڕەکەی لە بەردەم گالیسکەکەدا وەستاون. کوڕەکە کیسەیەکی گەورەی پڕ لە نوێن و چەرچەف ڕادەکێشێ).

**دەنگی دایکە ئازا:**

(لە ناو گالیسکەکەوە): دەبێ وا شیرەی شەبەق بێ؟

**کوڕە لاوەکە:**

ئێمە بە درێژاییی شەو بیست میل بە ڕێی ئێرەوە بووین و دەبێ هەر ئەمڕۆ بگەڕێینەوە.

**دەنگی دایکە ئازا:**

چی لە پەڕی نوێن بکەم؟ خەڵکی خانوویان نییە!

**کوڕە لاوەکە:**

باشتر وایە چاوەڕێ بکەی هەتا دەیانبینی.



**پیرێژنەکە:**

لێرەش هیچ. وەرە!

**کوڕە لاوەکە:**

ئەگینا ماڵەکەمان بۆ باج ڕەهن دەکەن. لەوانەیە سێ گوڵدنمان بداتێ، ئەگەر تۆ ڕازی بی. (زەنگەکان دەست بە لێدان دەکەن): دایە گوێ بگرە!

**چەند دەنگێک:**

(لە پشتەوە): ئاشتی! پاشای سوید کوژرا!

**دایکە ئازا:**

(سەری لە گالیسکەکەوە دەردەهێنێتە دەرێ. هێشتا قژی دانەهێناوە): ئەم زەنگلێدانە چییە بەم ناوەڕاستی هەفتەیە؟

**قەشەی لەشکر:**

(لە ژێر گالیسکەکەوە دەردەچێ): بۆ وا هاوار دەکەن؟

**دایکە ئازا:**

پێم مەڵێن کە ئاشتیی هەڵگیرساوە، کە من شمەکی تازەم کڕیوە.

**قەشەی لەشکر:**

(بۆ پشتەوە هاوار دەکا): بە ڕاست، ئاشتی؟

**دەنگ:**

دەوترێ سێ هەفتەیە، بەڵام ئێمە پێمان نەزانیبوو.

**قەشەی جەنگ:**

(بە دایکە ئازا): ئەی ئەگەر وا نەبێ بۆ زەنگەکان لێ دەدەن؟

**دەنگ:**

لە نێو شارەوە خەڵکێکی زۆری (لوتەری) بە گالیسکە هاتوون، هەواڵە نوێیەکەیان هێناوە.

**کوڕە لاوەکە:**

دایکە، ئاشتییە. چیتە؟

(پیرێژنەکە بوراوەتەوە).

**دایکە ئازا:**

(دەگەڕێتەوە بۆ گالیسکەکەی): مریەم و یووسف! کاترین، ئاشتییە! جلە ڕەشەکانت لەبەر کە! دەچین بۆ نوێژی کلێسا. ئەمە قەرزاری شڤایتسەرکازین. ئایا ئەمە ڕاستە؟

**کوڕە لاوەکە:**

خەڵکانی ئێرەیش وا دەڵێن. ئاشتی بەستراوە. دەتوانی هەستی؟ (پیرێژنەکە بە گێژی هەڵدەستێ). ئێستا زینەکە چاک دەکەمەوە. پەیمانت پێ دەدەم. هەموو شتێک چاک دەبێ. باوکم نوێنەکەی وەردەگرێتەوە. دەتوانی ڕێ بکەی؟ (بە قەشەی لەشکر): سەری گێژی خواردووە. ئەمە هەواڵەکەیە. بڕوای نەکرد، کە جارێکی تر ئاشتی بێتە ئاراوە. باوکم هەمیشە دەیوت. هەر ئێستا دەچینەوە بۆ ماڵەوە.

(هەردووکیان دەڕۆن).

**دەنگی دایکە ئازا:**

پەرداخێک مەی بدەنێ!

**قەشەی لەشکر:**

ڕۆیشتن.



**دەنگی دایکە ئازا:**

لە ئۆردووگاکەی ئەوبەرەوە چی هەیە؟

**قەشەی لەشکر:**

بە یەکدا دێن و دەچن. دەچم بۆ ئەوێ. جلوبەرگە ئاینییەکەم لەبەر کەم؟

**دەنگی دایکە ئازا:**

پێشتر زانیاریی باش کۆ بکەرەوە، پێش ئەوەی خۆتان وەکو دژە مەسیح بەیان بکەن. من زۆر خۆشحاڵم بە ئاشتی. ئەگەرچی ماڵیشم وێران بووە. بەلای کەمەوە دوو لە منداڵەکانم بەناو جەنگدا قورتار کرد. ئێستا ئایلیفی کوڕم دەبینمەوە.

**قەشەی لەشکر:**

ئەی ئەوە کێیە بە کۆڵانی مۆڵگەکەدا بەرەو خوار دێ؟ ئەگەر ئەوە ئاشپەزی فەرماندە نەبێ!

**ئاشپەز:**

(کەمێک شل شێواو بە بوخچەیەکەوە): کێ دەبینم؟ قەشەی لەشکر!

**قەشەی لەشکر:**

ئازا، میوان هات!

(دایکە ئازا بە پلەکاندا دێتە دەرێ).

**ئاشپەز:**

خۆ من گفتم دا هەر کاتێک کاتم هەبێ، بۆ دەمەتەقێیەکی بچووک دێم بۆ لاتان. خانمی فیرلینگ، من برەندییەکەتم لە بیر نەچووەتەوە.

**دایکە ئازا:**

ئای خوایە، ئاشپەزەکەی فەرماندە! پاش ئەو هەموو ساڵە! ئایلیف لە کوێیە، کوڕە گەورەکەم!

**ئاشپەز:**

هێشتا نەگەیشتووە؟ پێش من دەرچوو و ئەویش ویستی بێت بۆ لای ئێوە.

**قەشەی لەشکر:**

من جلی ڕوحانی لەبەر دەکەم، چاوەڕوان بن.

(دەچێتە پشتی عەرەبانەکەوە).

**دایکە ئازا:**

لەوانەیە چاوترووکانێکی تر بگات. (بۆ ناو گالیسکەکە بانگ دەکا): کاترین، ئایلیف دێ! کاترین بادەیەک برەندی بۆ ئاشپەز بێنە!. کاترین! (کاترین خۆی پیشان نادا). چەپکێک قژ بدە بە سەریدا و ببڕێتەوە! ئاغای لامب غەریب نییە. (خۆی برەندییەکە دەهێنێ). نایەوێ بێتە دەرێ، حەزی لە ئاشتی نییە. ئاشتی زۆر دوا کەوت. داویانە بە چاوێکیدا. ئێستا بە حاڵ دەبینێ، بەڵام دەڵێ کە خەڵکی لێی دەڕوانن.

**ئاشپەز:**

بەڵێ، ئیتر جەنگە!

(ئەو و دایکە ئازا دادەنیشن).

**دایکە ئازا:**

ئاشپەز، لە بەدبەختیدا دەمبینیتەوە. من ماڵم وێران بووە.



**ئاشپەز:**

چی؟ بەڵام ئەمە نەگبەتییە.

**دایکە ئازا:**

ئاشتی ملم دەشکێنێ. بە ئامۆژگاریی قەشەی لەشکر لەم دواییانەدا زەخیرەم کڕی. ئێستا گومڕاییەک دێتە ئاراوە و من شتەکانم بۆ نافرۆشرێن.

**ئاشپەز:**

ئێوە چۆن بە قسەی قەشەی لەشکر دەکەن؟ ئەگەر ئەوسا کاتم هەبووایە، بەڵام کاتۆلیکەکان زوو هاتن، ئەگینا ئاگادارم دەکردیتەوە. ئەمە مەراییکەرێکە. ئاوها، ئیوە ئێستا گوێ لە قسەی ئەو دەگرن؟

**دایکە ئازا:**

ئەو لە کاتی قاپشتن و ڕاکێشاندا یارمەتی دام.

**ئاشپەز:**

ئەم و ڕاکێشان! بێگومان چەند نوکتەیەکی لەوانەی خۆیشی بۆتان گێڕاوەتەوە، ئەوەندەی من بیناسم، چەپەڵانە سەیری ژنان دەکا. لە خۆڕایی کاریگەریی خۆم لای ئەو بە کار هێنا. جێی متمانە نییە.

**دایکە ئازا:**

ئێوە جێی متمانەن؟

**ئاشپەز:**

ئەگەر من هیچ شتێک نەبم، جێی متمانەم. نۆش!

**دایکە ئازا:**

ئەمە جێی متمانە نییە. من تەنیا یەکێکم هەبوو، سوپاس بۆ خوا کە جێی متمانە بوو. پێویستی نەدەکرد لە هیچ شوێنێک کار بکەم، لە بەهاردا پەتووی (بەتانی) منداڵەکانی فرۆشت، کلارنێتەکەشمی بە حەرام دەزانی. من وای دەبینم، کە ئێوە ستایشی خۆتان ناکەن، ئەگەر دانی پێدا بنێن کە جێی متمانەن.

**ئاشپەز:**

ئێوە هێشتا حەزتان لە سالاری و دەستەڵاتداریی و حەق بە خۆبوون و شەڕەنگێزییە، بەڵام من لەبەر ئەوە قەدرتان دەگرم.

**دایکە ئازا:**

ئێستا مەڵێن، کە خەونتان بە سالاری و دەستەڵاتداری و حەق بە خۆبوون و شەڕەنگێزیی منەوە بینیوە!

**ئاشپەز:**

بەڵێ، ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین، زەنگی ئاشتی و برەندییەکەتان، چۆن تێی دەکەن، ئەمە بە ناوبانگە.

**دایکە ئازا:**

لەم چرکەساتەدا، زەنگی ئاشتیم بە لاوە گرینگ نییە. نازانم چۆن دەیانەوێ مووچەی سەرباز بدەن، کە دواکەوتووە، ئەی دوایی چی لە برەندییە مەشهوورەکەم بکەم؟ مووچەتان وەرگرتووە؟

**ئاشپەز:**

(بە دوودڵییەوە): ئەمەیان هەر نا لەبەر ئەوە خۆمان تواندەوە.



لەم بارەدا بیرم کردەوە، بۆ بمێنمەوە، لەم میانەدا سەردانی هاوڕێیان دەکەم. ئەوا ئێستا بەرامبەرتان دانیشتووم.

**دایکە ئازا:**

واتە هیچتان نییە.

**ئاشپەز:**

دەتوانن بە ڕاستی هێواش هێواش واز لەم زرنگەزرنگە بهێنن. من حەز دەکەم بازرگانی بە شتێکەوە بکەم، ئارەزووم نەماوە ئاشپەزی بۆ ئەوانە بکەم. دەبێ بە ڕیشەی دارودرەخت و چەرمی پێڵاو خورادنێکیان بۆ لێنێم، ئەمجا شلە گەرمەکە بە سەروچاومدا دەکەن. ئەمڕۆ ئاشپەزبوون، ژیانێکی سەگانەیە. باشترە لە جەنگدا سەرباز بی، بەڵام بێگومان ئێستا ئاشتییە. (لەبەرئەوەی قەشەی لەشکر دەردەکەوێ، ئەمجا لە جلوبەرگە کۆنەکەیدا): دوایتر باسی دەکەین.

**قەشەی لەشکر:**

هێشتا جلوبەرگەکە باشە، تەنیا چەند مۆرانەیەکی تێدا بوو.

**ئاشپەز:**

من تەنیا تێ ناگەم، بۆچی ئێوە خۆتان ماندوو دەکەن. جارێکی تر داتان نامەزرێننەوە، دەبێ ئێستا ئێوە دنەی کێ بدەن، کە مووچەی سەربازییەکەی ڕاشکاوانە دەستکەوێ و ژیانی خۆی بۆ یەکێکی تر بخاتە مەترسییەوە؟ دەبێ هێشتا شتێکت لەگەڵ یەکلایی بکەمەوە، چونکە ئێوە ئامۆژگاریی ئەم ژنەتان بۆ کڕینی شتی ناپێویست کردووە بەو خەیاڵەی، جەنگ بۆ هەمیشە درێژە دەکێشێ.

**قەشەی لەشکر:**

(بە تووڕەییەوە): دەمەوێ بزانم ئەمە چ پێوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە؟

**ئاشپەز:**

لەبەرئەوەی شتی وا بێ ویژدانانەیە! چۆن دەتوانی دەست لە کاروباری بازرگانیی خەڵکی ترەوە وەربدەی بە ئامۆژگاریی نەویستراوەوە؟

**قەشەی لەشکر:**

کێ دەست وەردەدا؟ (بە دایکە ئازا): من نەم دەزانی هاوڕێیەکی گیانییبەگیانی ئەو جەنابەن و قەرزاربارن و دەبێ پاساوی بدەن.

**دایکە ئازا:**

هەڵمەچۆ، ئاشپەزەکە تەنیا ڕای شەخسیی خۆی دەڵێ، ناتوانی نکۆڵی لەوە بکەی، کە جەنگەکەتان سەری نەگرت.

**قەشەی لەشکر:**

نابێ خۆتان بە ئاشتی گوناهبار بکەن، ئازا! ئێوە کەمتیاری شەڕگەن.

**دایکە ئازا:**

چیم؟

**ئاشپەز:**

ئەگەر ئێوە سووکایەتی بە ژنە هاوڕێکەم بکەن، سەرو داوتان لەگەڵ مندا دەبێ.



**قەشەی لەشکر:**

لەگەڵ ئێوەدا قسە ناکەم. بۆ من ئێوە مەبەستی ڕوون و ئاشکراتان هەیە. (بە دایکە ئازا): بەڵام کە دەبینم ئێوە ئاشتی وەکو دەستەسرێکی چڵماوی بە پەنجە کەڵە و پەنجەی شایەتمان وەردەگرن، ئەوسا مرۆڤانە هەڵدەچم؛ چونکە ئەمجا دەبینم، ئێوە ئاشتیتان ناوێ، بەڵکو جەنگتان دەوێ، چونکە قازانج دەکەن، بەڵام ئەو پەندە کۆنەیشتان لە بیر نەچێ: «ئەوی بیەوێ لەگەڵ شەیتاندا قاوەڵتی بکا، دەبێ کەوچکێکی درێژی هەبێ!».

**دایکە ئازا:**

من حەزم لە جەنگ نییە، جەنگیش هەر زۆر حەزی لە من نییە. بەڵام ڕێی ئەوەتان پێ نادەم پێم بڵێن کەمتیار، ئێمە مرۆڤی جیاوازین.

**قەشەی لەشکر:**

ئەی بۆ گازاندە لە ئاشتی دەکەن، ئەگەر هەموو خەڵکی هەناسەی خۆشی هەڵمژێ؟ لەبەر چەند شڕەوپڕەیەکی کۆن لە گالیسکەکەتدا؟

**دایکە ئازا:**

شمەکەکانی من شڕەوپڕەی کۆن نین، بەڵکو پێیان دەژیم، هەتا ئێستا ئێوەیش پێی ژیاون.

**قەشەی لەشکر:**

واتە بە جەنگ! ئاوها!

**ئاشپەز:**

(بە قەشەی لەشکر): وەکو مرۆڤێکی گەورە ئێوە دەبوو بە

خۆتان بلێن، کە ئێوە ئامۆژگاریی کەس ناکەن. (بە دایکە ئازا): لەم بارەدا ناتوانن ئێستا لەوە باشتر بکەن کە هەندێ شت خێرا لە کۆڵ بکەنەوە، پێش ئەوەی نرخ بچێتە بێ کۆتاییەوە. خۆتان لەبەرکەن و بە ڕێ کەون، تەنیا خولەکێک بە فیڕۆ مەدەن!

**دایکە ئازا:**

ئەمە ئامۆژگارییەکی زۆر مەنتیقییە. لەو بڕوایەدام وا دەکەم.

**قەشەی لەشکر:**

لەبەرئەوەی ئاشپەز وا دەڵێ!

**دایکە ئازا:**

ئەی بۆ ئێوە نەتانگوت؟ حەقیەتی، باشترە من بچم بۆ بازاڕ. (دەچێتە ناو گالیسکەکەوە).

**ئاشپەز:**

قەشەی لەشکر، خاڵێک بۆ من. ئێوە بیرتان لای خۆتان نییە. دەبوو ئێوە بلێن: بۆچی گوایە من ئامۆژگاریم کردووی؟ من زۆر زۆر باسی سیاسەتم لەگەڵدا کردووی! نابێ شان لە شانم بدەن. شەڕەکەڵەشێرێکی ئاوەها لەگەڵ پۆشاکەکەتاندا ناگونجێ!

**قەشەی لەشکر:**

ئەگەر کەڵبەتان دانەخەن، بگونجێ نەگونجێ دەتانکوژم.

**ئاشپەز:**

(پۆستاڵ و پووزەوانەکانی دادەکەنێ): ئەگەر ئێوە لە جەنگدا ساختەچییەکی خوانەناسی واتان لێ دەرنەچووایە، دەتانتوانی



ئێستا لە ئاشتییدا بە ئاسانی جارێکی تر بچنەوە کلێسەیەک. ئیتر پێویست بە ئاشپەز نابێ، بۆ ئاشپەز هیچ شتێک نییە، بەڵام هێشتا بڕواداری لە ئارادایە، ئەمە هیچ گۆڕانکاریی بە سەردا نەهاتووە.

**قەشەی لەشکر:**

جەنابی لامب، دەبێ تکاتان لێ بکەم، لێرە بۆ وەدەرەنان تەنگەتاوم نەکەن. لەوەتەی بێ دەرەتان کەوتووم مرۆڤێکی باشترم لێ دەرچووە. ناتوانم ئیتر وتارخوێنییان بۆ بکەم.

(یڤێت پۆیتیر دێ، بە پۆشاکی ڕەشەوە، پۆشاکی سەیر و عەنتیکەی لە بەردایە، بە گۆچانەوە. زۆر پیرتر، قەڵەوتر و زۆر سپیاوی کردووە. خزمەتکارێک بە دوایەوەیە).

**یڤێت:**

ئەها، خەڵکەکە! ئێرە لای دایکە ئازایە؟

**قەشەی لەشکر:**

زۆر دروستە. ئەی جەنابتان کێن؟

**یڤێت:**

خەڵکی باش، من خانمی سەرهەنگ شتارهەمبێرگم. ئازا لە کوێیە؟

**قەشەی لەشکر:**

(بۆ ناو گالیسکەکە بانگ دەکا): خانمی سەرهەنگ شتارهەمبێرگ دەیەوێ قسەتان لەگەڵدا بکات!

**دەنگی دایکە ئازا:**

هەر ئێستا دێم!

**یڤێت:**

منم یڤێت!

**دەنگی دایکە ئازا:**

ئەها، یڤێت؟

**یڤێت:**

هەر ویستم بزانم، چۆنن! (لەبەرئەوەی ئاشپەزەکە بە قێزەوە پشتی تێ کردووە): پیتەر!

**ئاشپەز:**

یڤێت!

**یڤێت:**

سەیرە! چۆن هاتووی بۆ ئێرە؟

**ئاشپەز:**

بە گالیسکە.

**قەشەی لەشکر:**

ئەها، ئێوە یەکتر دەناسن؟ لە نزیکەوە؟

**یڤێت:**

دەمەوێ وا بڵێم. (لە ئاشپەزەکە ورد دەبێتەوە): قەڵەو بووی!

**ئاشپەز:**

تۆیش لە هەرە لاوازەکان نەماوی.

**یڤێت:**

بەهەرحاڵ پێم خۆشە، کە دەتبینم، ساختەچی. لێرە دەتوانم پێت بڵێم من چۆن بیر لە تۆ دەکەمەوە.



**قەشەی لەشکر:**

تەنیا بە تەواوی بیڵێ، بەڵام چاوەڕوان بن، هەتا ئازا دێتە دەرێ.

**دایکە ئازا:**

(بە کۆمەڵێ شمەکەوە دێتە دەرێ): یڤێت! (باوەش بە یەکدا دەکەن). بەڵام بۆچی تازیەباری؟

**یڤێت:**

لێم نایە؟ مێردەکەم، سەرهەنگ، پێش چەند ساڵێک مرد.

**دایکە ئازا:**

ئەو پیرەمێردە، کە خەریک بوو گالیسکەکەم لێ بکڕێ؟

**یڤێت:**

برا گەورەکەی.

**دایکە ئازا:**

خراپ لێت نەهاتووە! بە لای کەمەوە یەکێک لە جەنگدا دەستی لە شتێک گیر بووە.

**یڤێت:**

جاروبار و دووبارە خراپ نەبوو.

**دایکە ئازا:**

با باسی خراپیی سەرهەنگەکان نەکەین، وەکو خێزوخۆڵ پارەیان دەست دەکەوێ!

**قەشەی لەشکر:**

(بە ئاشپەزەکە): من بم لە جیاتی ئێوە پێڵاوەکان لە پێ دەکەمەوە. (بە یڤێت): پەیمانتان دا، ئەوە بڵێن، چۆن بیر لەو

جەنابە دەکەنەوە، خانمی سەرهەنگ.

**ئاشپەز:**

یڤێت، لێرە دەمەقاڵێ دروست مەکە.

**دایکە ئازا:**

یڤێت، ئەمە هاوڕێیەکی منە.

**یڤێت:**

ئەمە پیتەری پاپە.

**ئاشپەز:**

واز لە نازناو بێنە! من ناوم (لامب)ە.

**دایکە ئازا:**

(پێ دەکەنێ): پیتەری پایپ! کە ژنانی شەیدا دەکرد! من پایپەکەی ئێوەم هەڵگرتووە.

**قەشەی لەشکر:**

پێیشیت کێشا!

**یڤێت:**

خۆشبەختییە کە دەتوانم ئاگەدارتان بکەمەوە لێی. ئەم پیاوە خراپترین پیاوە، بە سەرجەمی ڕۆخەکانی (فلاندەرن)دا دەهات و دەچوو. بە هەر پەنجەیەکەوە ژنێکی دەگرت و تووشی بەدبەختیی دەکرد.

**ئاشپەز:**

ئەوە لە مێژەوە بوو. ئەوە ڕاست نەماوە.

**یڤێت:**

هەستە سەر پێ کاتێک ژنێک قسەت لەگەڵ دەکات! چەند ئەم



مرۆڤەم خۆش دەویست! لە هەمان کاتدا ژنێکی ڕەشی بچووکی پێ خواری هەبوو، کە ئەویشی تووشی بەدبەختی کرد، بێگومان.

**ئاشپەز:**

بەهەرحاڵ بەوە دەچێ من تۆم پتر تووشی بەختەوەری کردبی.

**یڤێت:**

کەڵبەت داخە، وێرانەی خەمگین! بەڵام خۆتانی لێ بپارێزن، یەکێکی وەکو ئەم لە حاڵەتی نشوستیشدا هەر خەتەر دەمێنێتەوە!

**دایکە ئازا:**

(بە یڤێت) لەگەڵم وەرە، من دەبێ شتەکانم لە کۆڵ کەمەوە، پێش ئەوەی نرخ دابەزێ، لەوانەیە بە پێوەندییەکانت لەلای بەتالیۆن یارمەتیم بدەی. (بانگ بۆ ناوەوەی گالیسکەکە دەکا): کاترین، ناچم بۆ کلێسە، لە جیاتی ئەوە دەچم بۆ بازاڕ. ئەگەر ئایلیف هات شتێکی بۆ خواردنەوە بدەرێ.

(لەگەڵ یڤێتدا دەڕوا).

**یڤێت:**

(لە کاتی ڕۆیشتندا): کە مرۆڤێکی وەکو ئەمە جارێک توانی لە ڕێی ڕاست لام بدا! من تەنیا سوپاسی ئەستێرە باشەکەم دەکەم، کە توانیم سەرەڕای ئەوەیش جارێکی تر هەستمەوە. بەڵام کە ئێستا من دەستم بەستیتەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو دنیا پاداشتم دەدرێتەوە، پیتەری پایپ.

**قەشەی لەشکر:**

من حەز دەکەم ئەم وشەیە بکەمە بنەمای دەمەتەقێکەمان:

ئاسـیـاوەکـانـی خـوا بە کـاوەخـۆ دەهاڕن. ئێـوەیش سکاڵا لە نوکتەکەم دەکەن!

**ئاشپەز:**

من هەر بەختم نییە. من دەیڵێم، بەو جۆرەیە: من ئومێدی خواردنێکی گەرمم هەبوو. من لە برسا دەمرم، ئەوانیش باسی من دەکەن، ئەویش وێنەیەکی زۆر هەڵەی منی لە لا دروست دەبێ. وا بزانم وا باشترە خۆم ون کەم، هەتا ئەو دێتەوە.

**قەشەی لەشکر:**

منیش لەو بڕوایەدام.

**ئاشپەز:**

قەشەی لەشکر، من جارێکی تر کونەلووتم لە ئاشتی پڕ بووە. مرۆڤایەتی دەبێ بە ناو ئاگر و شمشێردا بڕوا، لەبەرئەوەی مرۆڤایەتی هەر لەسەر لانکەوە گوناهبارە. حەزم دەکرد، بمتوانیبا بۆ فەرماندە، کە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ لە کوێیە، جارێکی تر کەڵەشێرێکی چەورم سوور بکردایەتەوە، لە سۆسی خەرتەلدا و لەگەڵ کەمێک گێزەردا.

**قەشەی لەشکر:**

کەلەرمی سوور. لەگەڵ کەڵەشێردا کەلەرمی سوور.

**ئاشپەز:**

ڕاست دەکەی، بەڵام حەزی لە گێزەر بوو.

**قەشەی لەشکر:**

لە هیچ تێ نەدەگەیشت.



**ئاشپەز:**

ئێوە هەمیشە باشتان لەگەڵی دەخوارد.

**قەشەی لەشکر:**

بە نابەدڵییەوە.

**ئاشپەز:**

بەهەرحاڵ دەبێ دانی پێدا بنێی، کە ئەو کاتانە خۆش بوون.

**قەشەی لەشکر:**

لەوانەیە دان بەمەدا بنێم.

**ئاشپەز:**

دوای ئەوەی بەو ژنەتان وت کەمتیار، لێرە کاتتان بە سەر چووە. چاوتان لە چی داپچڕیوە؟

**قەشەی لەشکر:**

ئایلیف!

(سەربازی ڕم بە دەست بە دوایەوە، ئایلیف دێ، دەستەکانی بەستراونەتەوە. وەکو گەچ سپی هەڵگەڕاوە).

**ئایلیف:**

دایکم لە کوێیە؟

چیت بە سەر هاتووە؟

**قەشەی لەشکر:**

چووە بۆ شار.

**ئایلیف:**

بیستم کە لێرەیە. مۆڵەتیان پێ دام کە سەردانی بکەم.

**ئاشپەز:**

(بە سەربازەکان): بۆ کوێی دەبەن؟

**سەربازێک:**

بۆ شوێنێکی باش نا.

**قەشەی لەشکر:**

چیی کردووە؟

**سەربازەکە:**

ماڵی جووتیارێکی بڕیوە. ژنەکە مردووە.

**قەشەی لەشکر:**

چۆن توانیت ئەوە بکەی؟

**ئایلیف:**

من هیچی ترم نەکردووە وەکو لە پێشدا دەمکرد.

**ئاشپەز:**

بەڵام لە ئاشتیدا.

**ئایلیف:**

کەڵبەت داخە. دەتوانم دانیشم هەتا دایکم دەگەڕێتەوە؟

**سەربازەکە:**

کاتمان نییە.

**قەشەی لەشکر:**

لە جەنگدا بۆ ئەمە ڕێزیان لێ دەنا، لە دەستە ڕاستی فەرماندەی هێز دادەنیشت. ئەوە ئازایەتی بوو! ناتوانرێ لەگەڵ کارگێڕی دادگای سەربازیدا قسە بکرێ؟



**سەربازەکە:**

سوودی نییە. ئازایەتی لەچیدایە، ئاژەڵ لە جووتیارێک بسەنی؟

**ئاشپەز:**

ئەوە کاڵفامیی بووە!

**ئایلیف:**

ئەگەر کاڵفام بوومایە لە برساندا دەمردم، هەی گەمژە.

**ئاشپەز:**

لەبەرئەوەی تۆ عاقڵ بووی، ملت دەپەڕێنرێ.

**قەشەی لەشکر:**

بەلای کەمەوە دەبێ کاترین دەربێنین.

**ئایلیف:**

با لە ژوورەوە بێ! باشترە قومێک مەیم بدەنێ.

**سەربازەکە:**

بۆ ئەوە کاتمان نییە، وەرە!

**قەشەی لەشکر:**

ئەی چی بە دایکت ڕابگەیەنین؟

**ئایلیف:**

پێی بڵێ، بە جۆرێکی تر نەبوو، پێی بڵێ، هەمان شت بوو، یان هیچی پێ مەڵێ. (سەربازەکان دەیدەنە پێش خۆیان).

**قەشەی لەشکر:**

لەگەڵتدا بە ڕێگە سەختەکەتدا دەڕۆم.

**ئایلیف:**

من پێویستم بە باوکی ڕوحانی نییە.

**قەشەی لەشکر:**

تۆ جارێ ئەوە نازانی. (بە دوایدا دەڕوا).

**ئاشپەز:**

(لە دواوە بانگیان دەکا): دەبێ پێی بڵێم، کە دەیەوێ هێشتا ببیینێ!

**قەشەی لەشکر:**

باشترە هیچی پێ نەڵێین. ئەگەر پێشی دەڵێین، تەنیا بڵێین، لێرە بوو و جارێکی تر دێتەوە، لەوانەیە سبەی. لەم نێو بەندەدا دەگەڕێمەوە و خۆم پێی دەڵێم.

(بە پەلە دەڕوا).

(ئاشپەزەکە بە سەر ڕاوەشاندن لە پشتەوە سەیریان دەکا، ئەمجا بە نائارامی دێت و دەچێ. لە دواییدا خۆی لە گالیسکەکە نزیک دەکاتەوە).

**ئاشپەز:**

کیژۆڵە! ناتانەوێ بچنە دەرێ؟ خۆ تێ دەگەم، کە لە ئاشتی خۆتان شاردووەتەوە. منیش دەمەوێ خۆم بشارمەوە. من ئاشپەزی فەرماندەم، منتان لە بیر ماوە؟ من لە خۆم دەپرسم، ئایا کەمێک شتت بۆ خواردن هەیە، هەتا دایکت دەگەڕێتەوە. من ئێستا ئیشتیای چەوریی بەراز یان نانیشم هەیە، تەنیا لەبەر وەرزی.

(سەیری ناو گالیسکەکە دەکا). لێفەکەی بە سەر خۆیدا داوە.

(لە پشتەوە گرمەی تۆپ دێ).

**دایکە ئازا:**

(بە ڕاکردن دێ، هەناسەبڕکێیەتی و شمەکەکانی هێشتا پێیە):



ئاشپەز، ئاشتی جارێکی تر تەواو بوو! سێ ڕۆژە دیسان جەنگە. من هێشتا شتەکانم لە کۆڵ نەکردبووەوە، کاتێ هەواڵەکەم بیست. سوپاس بۆ خوا! لە شار لەگەڵ لوتەرییەکاندا تەقە لەیەک دەکەن. دەبێ هەر ئێستا بە گالیسکەکەوە بڕۆین. کاترین، شتەکان کۆ کەرەوە! بۆ وا شەرم دای گرتووی! چی ڕووی داوە؟

**ئاشپەز:**

هیچ.

**دایکە ئازا:**

چۆن، شتێک هەیە. بە سەروچاوتەوە دەیبینم.

**ئاشپەز:**

ڕەنگ بێ لەبەر ئەوە بێ کە دیسان جەنگە. ئێستا لەوانەیە هەتا سبەی ئێوارە بخایەنێ، هەتا شتێکی گەرم دەچێتە گەدەمەوە.

**دایکە ئازا:**

ئاشپەز، ئەمە درۆیە.

**ئاشپەز:**

ئایلیف لێرە بوو. دەبوو یەکسەر بڕوا.

**دایکە ئازا:**

لێرە بوو؟ لە کاتی مارشدا دەیبینین. ئێستا لەگەڵ ئەوانەی خۆماندا دەڕۆم. ڕەنگ و ڕووی چۆنە؟

**ئاشپەز:**

وەکو هەمیشە.

**دایکە ئازا:**

ئەو هەرگیز ناگۆڕێ. جەنگ نەیتوانی ئەوم لێ بسێنێتەوە. ئاقلە. لە شت کۆکردنەوەدا یارمەتیم دەدەن؟ (دەست بە شت کۆکردنەوە دەکا). هیچی گێڕایەوە؟ لەگەڵ سەروانەکەدا پێوەندیی باشە؟ هیچ باسی کارە قارەمانێتییەکانی کرد؟

**ئاشپەز:**

(بە خەمگینییەوە): یەکێکی گێڕایەوە، وەکو بیستم، جارێکی تر گێڕابووییەوە.

**دایکە ئازا:**

دوایی بۆمی بگێڕەوە، دەبێ بڕۆین. (کاترین دەردەکەوێ). کاترین ئاشتی جارێکی تر بەسەرچوو. دەبێ بڕۆین. (بە ئاشپەز): چیتانە؟

**ئاشپەز:**

دەچمە ڕیزەوە.

**دایکە ئازا:**

پێشنیازی ئەوەتان بۆ دەکەم... قەشەی لەشکر لە کوێیە؟

**ئاشپەز:**

لەگەڵ ئایلیفدا چووە بۆ شار.

**دایکە ئازا:**

لامب، ئێ تۆزێک لەگەڵمان وەرە. یەکێکم پێویستە یارمەتیم بدا.

**ئاشپەز:**

حەکایەتەکەی یڤێت....



**دایکە ئازا:**

لە چاوی مندا زیانی پێ نەگەیاندی. بە پێچەوانەوە. وەکو دەوترێ، ئەوەی دووکەڵی لێوە هەستێ ئاگرە. کەواتە لەگەڵمان وەرن؟

**ئاشپەز:**

من ناڵێم نا.

**دایکە ئازا:**

بەتالیۆنی دوازدەم دەرچووە. بڕۆ سەر کاریتەی گالیسکەکە. پارچەیەک نانی لێیە. ئێمە دەبێ لە پشتەوە بڕۆین بۆ لای لوتەرییەکان. لەوانەیە ئەمشە و ئایلیف ببینم. لە هەموویان زیاترم خۆش دەوێ. ئاشتییەکی کورت بوو. دیسان دەستی پێ کردەوە. (گۆرانی دەڵێ، لە کاتێکدا ئاشپەزەکە و کاترین خۆیان بە پێشەوەی گالیسکەکەوە دەبەستن):

لە (ئولم)ەوە بۆ (مێتس)، لە (مێتس)ەوە بۆ (مێرن)!
دایکە ئازا لەگەڵدایە!
جەنگ بژێو بە پیاوەکەی دەدا
ئەو تەنیا پێویستی بە باروت و قورقۆشمە.
تەنیا بە قورقۆشم ناتوانێ بژی
بە باروتیش ناتوانێ بژی، پێویستی بە خەڵکە!
دەبێ بچن بۆ لای بەتالیۆن
ئەگینا هەر وا دەوەستێ! ئاوا هەر ئەمرۆ دێ!

## ٩

(ئێستا شازده ساڵه جەنگی گەورەی ئیمان بەردەوامە. ئەڵمانیا پتر له نیوەی دانیشتووانی له دەست داوە. پەتای سامناک ئەو خەڵکانە دەکوژێ کە له کوشتار رزگاریان بووە. له دەڤەرە تێروتەسەلەکانی پێشووتردا برسێتی له تەشەنەدایە. گورگ بەناو شارە سووتاوەکاندا دەگەڕێن. له پایزی ١٦٣٤دا ئازا له چیاکانی فیختلی ئەڵمانیادا دەبینینەوە، لەوبەرەوەی جادەی لەشکر، کە لەشکری سویدی پێدا دەڕوا. زستان لەم ساڵەدا زوو دێو سەختە. بازرگانی خراپە، بە جۆرێکی تەنیا سواڵکردن دەمێنێتەوە. ئاشپەز نامەیەکی له ئوترێختەوە بۆ دێ و ماڵئاواییی لێ دەکرێ).

(له بەردەم کلیسەیەکی نیوە ڕووخاودا).

(بەیانییەکی تاریک له زستانێکی زوودا. ڕەشەبا. دایکە ئازا و ئاشپەزەکە له فەرووی شڕی مەڕدا لەسەر گالیسکەکەن).

**ئاشپەز:**

هەموو شوێنێک تاریکە، هێشتا کەس بە خەبەر نییە.

**دایکە ئازا:**

بەڵام کڵێسەی گوند. بۆ له زەنگدان دەبێ قەشە له نوێنەکەی هەستێ. ئەمجا شلەیەکی گەرمی هەیە.



**ئاشپەز:**

له کوێوە، ئەگەر هەموو گوندەکە بووبێ بە ڕەژوو وەکو بینیمان.

**دایکە ئازا:**

بەڵام ئاوەدانە، پێشووتر سەگێک وەڕی.

**ئاشپەز:**

بەڵام ئەگەر قەشە هەیبێ، نایدا.

**دایکە ئازا:**

لەوانەیە، ئەگەر ئێمە گۆرانی بڵێین...

**ئاشپەز:**

من بە تەواوی کونەلووتم پڕ بووە.

(له پڕ): له ئوترێختەوە نامەیەکم بۆ هاتووە، کە دایکم بە کولێرا مردووە و کاروانسەراکە هی منە. ئەمە نامەکەیە ئەگەر بڕوا ناکەی. پێتی پێشان دەدەم، ئەگەرچی هیچ پێوەندیی بە تۆوە نییە، پوورم دەربارەی وەرچەرخانی ژیانم چی دەنووسێ.

**دایکە ئازا:**

(نامەکە دەخوێنێتەوە): لامب، منیش لەم کۆچ و کۆچبارییە ماندوو بووم. من خۆم وەکو سەگی قەساب دێتە بەرچاو، گۆشت بۆ کڕیار ڕادەکێشێ و خۆی هیچی بەرناکەوێ. هیچم نەماوە بۆ فرۆشتن، خەڵکیش هیچیان نییە، پارەی ئەو هیچەی پێ بدەن. له ساخسن پیاوێک له جلی شڕ و دڕاودا دەیویست سێ مەتر سێجا پێستم بە دوو هێلکە بداتێ، بۆ کیسەیەک خوێ له (ڤویرتەمبێرگ) هەووجارێکیان دامێ. بۆچی جووت بکەن؟ هیچ شتێک ناڕوێ، تەنیا دەوەنەدڕک نەبێ. گوایە له

پۆمەرن گوندییان منداڵە بچووکەکانی خۆیان خواردووە و ڕاهیبەیان لە کاتی جەردەییدا گرتووە.

**ئاشپەز:**

دنیا دەبڕێتەوە.

**دایکە ئازا:**

هەندێ جار خۆم بە گالیسکە دارینەکەمەوە دەبینم بە ناو دۆزەخدا دەڕۆم و نەگبەتییەی دەفرۆشم یان بە ناو بەهەشتدا، توێشوو بۆ فرۆشتن دەخەمە بەرچاوی ڕوحە گومڕاکان. ئەگەر من لەگەڵ ئەو منداڵانەمدا کە بۆم ماونەتەوە شوێنێک بدۆزینەوە، کە تەقوتۆقی تێدا نەبێ، دەمەوێ هێشتا چەند ساڵێکی هێمن بەسەر بەرم.

**ئاشپەز:**

دەتوانین کاروانسەراکە بکەینەوە. ئانا، بیری لێ بکەرەوە. ئەمشەو من بڕیاری خۆم دا، من لەگەڵ تۆ یان بە بێ تۆ دەگەڕێمەوە بۆ ئوترێخت، هەر ئەمڕۆ.

**دایکە ئازا:**

دەبێ لەگەڵ کاترین قسە بکەم. ئەمە کەمێک خێرا هاتە پێشێ و من حەز ناکەم وا خێرا بێ چەندوچوون لە سەرمادا و بە سکی خاڵی بڕیارەکانم بدەم. کاترین! (کاترین لە گالیسکەکە دادەبەزێ). کاترین، دەبێ شتێکت پێ بڵێم. من و ئاشپەز دەمانەوێ بچین بۆ ئوترێخت. کاروانسەرایەکی لەوێ بە میرات بۆ ماوەتەوە. لەوێ چەقێکی جێگیرت دەبێ و دەتوانی خەڵک بناسی. هەندێ خەڵک قەدری کەسێکی قەیرە و تێگەیشتوو و



هێمن دەگرن، دیمەن هەموو شتێک نییە. منیش لەگەڵ ئەوەدام. من پێوەندیم لەگەڵ ئاشپەزەکە باشە. دەبێ قسەیەک بۆ ئەویش بکەم: مێشکێکی باشی بۆ سەودا هەیە. خواردنی مسۆگەرمان هەیە، ئەمە خۆشە، وا نییە؟ تۆیش جێی نووستنی خۆت دەبێ، ئەمە بۆ تۆ دەگونجێ، وا نییە؟ بۆ هەتا هەتایە ژیان لە جادە ناگوزەرێ. دەتەوێ بتۆپی. خۆ ئەسپێ لێی داوی. دەبێ بڕیاری خۆمان بدەین، بۆچی، دەتوانین لەگەڵ سویدییەکاندا کۆچ بکەین، بەرەو باکوور، دەبێ لەوبەرەوە بن. (ئاماژە بۆ چەپ دەکا): من وا بیر دەکەمەوە کە بڕیار دەدەین، کاترین.

**ئاشپەز:**

ئانا، دەمەوێ بە تەنیا لەگەڵ تۆدا قسەیەک بکەم.

**دایکە ئازا:**

کاترین، بگەڕێرەوە بۆ ناو گالیسکەکە.

(کاترین سەردەکەوێتەوە ناو گالیسکەکە).

**ئاشپەز:**

قسەکەم پێ بڕیت، چونکە دەبینم ئەمە بەدحاڵیبوونە لەلایەنی تۆوە. وام زانی پێویست ناکات بەتایبەتی بیڵێم، چونکە ڕوونە. بەڵام ئەگەر وا نییە دەبێ پێتی بڵێم، ئەمە مەحاڵە کە ئەو لەگەڵ خۆمان ببەین. لەو بڕوایەدام لێم تێ دەگەی.

(کاترین لە پشتیانەوە سەری لە گالیسکەکەوە دەرهێناوە و گوێ دەگرێ).

**دایکە ئازا:**

مەبەستت ئەوەیە من کاترین بە جێ بهێڵم؟

**ئاشپەز:**

ئەی چۆن بیری لێ دەکەیتەوە؟ لە کاروانسەراکە جێی لێ نییە. ئەوێ جێیەک نییە بە سێ مێزی مەی خۆرییەوە. ئەگەر هەردووکمان قۆڵی لێ هەڵماڵین، دەتوانین بژێوی خۆمان پەیدا بکەین، بەڵام نەک سییان، ئەمە مەحاڵە. کاترین دەتوانێ گالیسکەکە بۆ خۆی بەرێ.

**دایکە ئازا:**

وام بیر کردەوە، دەتوانێ لە ئوترێخت پیاوێک بدۆزێتەوە.

**ئاشپەز:**

قسەی هیچ! چۆن دەتوانێ پیاوێک بدۆزێتەوە؟ لاڵ و لە سەرووی ئەوانەیشەوە ئەو جێ برینانە! ئالەم تەمەنەیشدا؟

**دایکە ئازا:**

هێندە بە دەنگی بەرز قسە مەکە!

**ئاشپەز:**

ئەمە وایە، بە دەنگی بەرز یان نزم. ئەمەیش هۆیەکەیە، لەبەرچی من ناتوانم ئەوم لە کاروانسەراکەدا هەبێ. میوانەکان نایانەوێ شتێکی وایان هەمیشە لە بەرچاو بێ. ناتوانی لەبەر ئەمەیان لۆمەیان بکەی.

**دایکە ئازا:**

کەڵبەت داخە، من پێت دەڵێم، نابێ هێندە دەنگت بەرز بکەی.

**ئاشپەز:**

کڵێسای گوند ڕووناکی تێدایە. دەتوانین گۆرانی بڵێین.



**دایکە ئازا:**

ئاشپەز، لە کوێ دەتوانێ بە تەنیا گالیسکەکە ڕابکێشێ؟ لە جەنگ دەترسێ. تەحەمولی هیچ ناکا. دەبێ چۆن خەونگەلێکی هەبێ! گوێم لێیە شەوان هەناسەی سارد هەڵدەکێشێ. بەتایبەتی دوای کوشتار. نازانم لە خەونەکانیدا چی دەبینێ. ئازار بە دەست بەزەییەوە دەکێشێ. ماوەیەک پێش ئێستا جارێکی تر ژیژکێکی شاراوەم لەلای دۆزییەوە، کە ئێمە بە گالیسکەکە بە سەریدا ڕۆیشتین.

**ئاشپەز:**

کاروانسەراکە بچووکە. (بانگ دەکا): جەنابی بەڕێز، پێشخزمەتەکان و ماڵنشینەکان! ئێمە گۆرانی ساڵۆمۆن دەڵێینەوە، یولیوس قەیسەر و عەقڵە گەورەکانی تر، ئەوانەی بە کاریان نەهات. بۆ ئەوەی ببینن، ئێمەیش خەڵکی ڕێکوپێکین و لەبەر ئەوە بۆ ئێمە سەختە ڕزگارمان بێ، بەتایبەتی لە زستاندا.

(گۆرانی دەڵێین):

ئێوە ساڵۆمۆنی ژیرتان بینی
ئێوە دەزانن، ئەو چیی بەسەرهات.
هەموو شتێک وەکو ڕۆژ بۆ ئەو پیاوە ڕوون بوو
ساتی لە دایکبوونی خۆی بە نەفرەت کرد
بینی، هەموو شتێک لە خۆباییە.
ساڵۆمۆن چەندە مەزن و ژیر بوو!
دەبینن، هێشتا شەو نەبوو

دنیا ئەنجامەکانی بینی:
حیکمەت هێندە ئاژووتبووی!
مایەی ئێرەیی پێ بردنە، ئەوی لێی دوورە!

هەموو فەزیلەتەکان لەسەر ڕووی ئەم زەوییە خەتەرناکن، وەکو ئەم گۆرانییە جوانە دەیسەلمێنێ، باشترە مرۆڤ فەزیلەتی نەبێ و ژیانێکی خۆش و بەرچایی هەبێ، با بڵێین شۆربایەکی گەرم. من بۆ نموونە نیمە و دەمەوێ هەمبێ. من سەربازم، بەڵام ئازایەتیم سوودی چێ پێ گەیاندم لەو هەموو کوشتارەدا، هیچ، من برسێتی دەکێشم و باشتر بوو ترسنۆکێک و لە ماڵەوە بمامایەتەوە، لەبەر چی؟

ئەمجا ئێوە قەیسەری ئازاتان بینی
ئێوە دەزانن، ئەو چیی بەسەرهات.
وەکو خوایەک لە میحرابدا دانیشت
وەکو بیستووتانە، کوژرا
لە کاتێکدا، مەزنترین بوو.
چۆن بە دەنگی بەرز هاواری کرد: تۆیش، کوڕەکەم!
چونکە دەبین، هێشتا شەو دانەهاتبوو
دنیا ئەنجامەکانی بینی:
ئازایەتی هێندە ئاژووتبووی!
مایەی ئێرەیی پێ بردنە، ئەوی لێی دوورە!

(بە دەنگی نزم): هەر سەیری دەرەوەیش ناکەن. (بە دەنگی بەرز): جەنابی بەڕێز، پێشخزمەت و ماڵنشینەکان! دەتانەوێ بڵێن، بەڵێ ئازایەتی ئەوە نییە، پیاو بژیەنێ، بە ڕاشکاویی



هەوڵی بۆ بدەن! دەتانەوێ تێر بن یان بە لای کەمەوە بە تەواوەتی بە سکی ناشتا نەمێننەوە. ئەمە چۆنە؟

ئێوە سوکراتی ڕاشکاو دەناسن
کە هەمیشە ڕاستیی دەگوت:
نەیانزانی سوپاسی کەن
بەڵکو ئەوانەی سەرەوە ڕاوەدوویان ناو
ژاراوەکەیان دایە دەست.
کوڕە مەزنەکەی گەل چەند سەرڕاست بوو!
دەبین، هێشتا شەو دانەهاتبوو
دنیا ئەنجامەکانی بینی:
ڕاشکاوی هێندە ئاژووتبووی!
مایەی ئێرەیی پێ بردنە، ئەوی لێی دوورە!

بەڵێ. خۆ نەویستی ئاوهایە و ئەوی مرۆڤ هەیەتی بەشی کا، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هیچی نەبێ؟ چونکە لەوانەیە بۆ خێرەومەندەکانیش ئاسان نەبێ، مرۆڤ لەمە تێ دەگا، تەنیا، خۆ مرۆڤ پێویستی بە شتێکە. بەڵێ، خۆنەویستی فەزیلەتێکی دەگمەنە، لەبەرئەوەی سوودی نییە.

وەکو دەزانن مارتینی پیرۆز
تەحەمولی تەنگەتاویی نامۆی نەدەکرد.
لە بەفردا پیاوێکی هەژاری بینی و
نیوەی پاڵتۆکەی خۆی پێی دا
ئەمجا هەردووکیان ڕەق بوونەوە.
ئەو پیاوە چاوی لە ماڵی دنیا نەبوو!

دەبینن هێشتا شەو دانەهاتبوو
دنیا ئەنجامەکەی بینی:
خۆنەویستی هێندە ئاژووتی!
مایەی ئێرەییە ئەوەی لێی دوورە!
ئێمەیش ئاواین! ئێمە خەڵکی ڕێکوپێکین، پشتی یەکتر دەگرین، دزی ناکەین، کەس ناکوژین، ئاگر نانێینەوە! مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، ئێمە هەتا بێ قووڵتر ڕۆدەچین، گۆرانییەکەیش بە سەر ئێمەدا دەسەپێ و شۆرباکان دانسقەن و ئەگەر ئێمەیش بە جۆرێکی تر باین و دز و بکوژ بووینایە، لەوانەبوو تێر بین! چونکە فەزیلەتەکان بە سوود نین، تەنیا خراپییەکان، دنیا وایە و نەدەبوو وا بێ!
لێرە خەڵکی ڕێکوپێک دەبینن
دە فەریزەتەکە پێڕەو دەکەن.
هەتا ئێستا هیچ سوودی پێ نەگەیاندووین.
ئێوە، ئەی ئەوانەی لە پاڵ ئاگردانی گەرمدا دانیشتوون
یارمەتی دەن تەنگەتاوییە گەورەکانمان کەم بنەوە!
ئای ئێمە چەند سەلار بووین!
دەبینن، هێشتا شەو دانەهاتبوو
دنیا ئەنجامەکەی بینی:
ترسی خوا هێندەی بردین!
مایەی ئێرەییە، ئەوەی لێی دوورە!

**دەنگ:**

(لە سەرەوە): ئەی ئەوانەی لە خوارەوەن! وەرنە سەرەوە!



دەتوانن شۆربایەک بەرن.

**دایکە ئازا:**

لامب، من ناتوانم هیچ قووت بدەم. من ناڵێم ئەوەی تۆ دەیڵێی مەنتیقی نییە، بەڵام ئەوە دوا قسەت بوو؟ ئێمە باش لەیەک تێ گەیشتین.

**ئاشپەز:**

دوا قسەمە. بیری لێ بکەرەوە.

**دایکە ئازا:**

من پێویست ناکا بیر لە هیچ بکەمەوە. لێرە بە جێی ناهێڵم.

**ئاشپەز:**

ئەمە زۆر نامەنتیقییە، بەڵام ناتوانم بیگۆڕم. من بێ بەزەیی نیم، تەنیا، کاروانسەراکە بچووکە. ئێستا دەبێ بچینە سەرەوە، ئەگینا ئێرەیش لە هیچوخۆڕایی لە سەرمادا گۆرانیمان گوت.

**دایکە ئازا:**

من کاترین دەهێنم.

**ئاشپەز:**

باشتر وایە لە سەرەوە شتێکی لەگەڵ خۆت بۆ بێنی. ئەگەر هەرسێکمان بڕۆین زارەترەک دەبن. (هەردووکیان دەڕۆن).

(کاترین لە گالیسکەکەوە دادەبەزێ، بوخچەیەکی بە دەستەوەیە، سەیری دەوروبەری خۆی دەکا، تا بزانێ هەردووکیان ڕۆیشتوون. ئەمجا لەسەر چەرخەی گالیسکەکە پانتۆڵێکی کۆنی ئاشپەزەکە لە تەنیشت تەنوورەیەکی دایکییەوە دادەنێ، بە جۆرێک بە ئاسانی ببینرێ. لەوە بووەتەوە و دەیەوێ

بە بوخچەکەیەوە بڕوا، کاتێ دایکە ئازا لە خانووەکەوە دەگەڕێتەوە).

**دایکە ئازا:**

(بە قاپێک شۆرباوە): کاترین! ڕاوەستێ! کاترین! دەتەوێ بەو بوخچەیەوە بۆ کوێ بچی؟ تۆ شێت بووی؟ (بوخچەکە دەپشکنێ). شتەکانی خۆی پێچاوەتەوە! گوێت گرت؟ پێم وت، ئوترێخت پێک نایەت، کاروانسەرا پیس و پۆخڵەکەی، لەوێ چی بکەین؟ من و تۆ، ئێمە بۆ کاروانسەرا ناگونجێین. هێشتا جەنگ زۆر شتی بۆ ئێمە تێدایە. (پانتۆڵەکە و تەنوورەکە دەبینێ). تۆ گەمژەی. چۆن بیر دەکەیتەوە، ئەگەر من ئەمەم ببینیایە و تۆ ڕۆیشتبوویایەی! (کاترین بە توندی دەگرێ، کە دەیەوێ بڕوا). لەو بڕوایەدا نەبی من لەبەر تۆ ئیزنم دا. لەبەر گالیسکەکە بوو. خۆ من هێشتا لە گالیسکەکە جودا نابمەوە، کە پێی ڕاهاتووم، بە هیچ جۆرێک لەبەر تۆ نییە، لەبەر گالیسکەکەیە. ئێمە بە ئاراستەکەی تردا دەڕۆین و شتەکانی ئاشپەزەکە دادەگرین، کە بیاندۆزێتەوە، ئەو مرۆڤە گەمژەیە.
(سەردەکەوێتە سەرەوە و چەند شتێک فڕێ دەداتە پاڵ پانتۆڵەکە). ئاوها، ئەو لە بازرگانییەکەمان دەرچوو و ئیتر کەسی تر نایەتە ناوەوە. ئێستا هەردووکمان بەردەوام دەبین. زستان بەڕێوەیە، وەکو هەموو ئەوانی تر. خۆت لە گالیسکەکە ببەستە، لەوانەیە بەفر بباریێ.
(هەردووکیان خۆیان لە پێشی گالیسکەکە دەبەستن، وەری دەچەرخێنن و ڕای دەکێشن. کاتێ ئاشپەزەکە دێ، بە پەشۆکانەوە سەیری شتەکانی دەکا).



## ١٠

(بە درێژایی ساڵی ١٦٣٥ دایکە ئازا و کاترینی کچی بە سەر جادەکانی ناوەڕاستی ئەڵمانیادا، بە دوای لەشکرێکی ڕۆژبەڕۆژ شڕبووتردا دەسووڕێنەوە).
(جادەیەک)
(دایکە ئازا و کچەکەی گالیسکە دارینەکە ڕادەکێشن. دەگەنە لای ماڵە جووتیارێک، کە دەنگی گۆرانییەک دەبیسترێ).

**دەنگەکە:**

گوڵە باخێک زۆر شادمانی کردین
لە ناوەڕاستی باخچەدا
زۆر جوان پشکووت
لە نەورۆزدا چاندیان و
لە خۆڕا خۆیان ماندوو نەکرد.
بە خۆشیی ئەوانەی باخچەیەکیان هەیە
هێندە زۆر جوان پشکووت.
ئەگەر بارێزەکان هەڵکەن
بەناو سنەوبەرەکاندا فیشکەیان بێ
زۆر کەم شتمان لێ ڕوودەدا:
سەربانەکەمان چێ کردووە

به پووش و به پەلاش سەرمان گرتووە
به خۆشیی ئەوانەی، ئێستا بنمیچێکیان هەیە
کاتێ ئەو بارێزانە هەڵدەکەن.

(دایکە ئازا و کچەکەی گالیسکەکەیان ڕاگرتووە و بۆ ئەوەی گوێ بگرن و ئەمجا لە ڕاکێشان بەردەوام دەبن).



## ١١

(کانونی دووەمی ١٦٣٦. یەکەکانی سوپای پاشا هەڕەشە لە شاری هالەی ئێڤانگێلی دەکەن. بەرد دێتە قسە. دایکە ئازا کچەکەی ون دەکا و بە تەنیا گالیسکەکە ڕادەکێشێ. جەنگ هێشتا کۆتاییی نەهاتووە).

(گالیسکەکە بەشڕووڕیی لە تەنیشت ماڵە جووتیارێکدا ڕاوستاوە، ماڵەکە بە پووشێکی زۆر داپۆشراوە، کە پشتی بە تاوێرەشاخێکەوە داوە. شەوە. لە پشت دار و دەوەنەکەوە ئالاهەڵگرێک و سێ سەرباز بە چەکی قورسی ئاسنینەوە دەردەچن).

**ئالاهەڵگر:**

نامەوێ گوێم لە هەراوهووریا بێ. هەر کەسێ هاواری کرد، نێزەکەی بە سەردا بدەن.

**سەربازی یەکەم:**

بەڵام ئێمە دەبێ، بە لە دەرگەدان بیهێنینە دەرێ، ئەگەر پێویستمان بە چاوساغێک هەبێ.

**ئالاهەڵگر:**

دەنگی لە دەرگەدان دەنگێکی نائاساییی نییە. لەوانەیە مانگایەک خۆی بە دەرگە پۆلایینەکەدا بسوێ.

(سەربازەکان لە دەرگەی ماڵە جووتیارەکە دەدەن. ژنە

جووتیارێک دەرگە دەکاتەوە. دەمی دەگرن. دوو سەرباز دەچنە ژوورێ).

**دەنگی پیاوێک:**

(لە ژوورەوە): چییە

(سەربازەکان جووتیارێک و کوڕەکەی دەهێننە دەرێ).

**ئالاهەڵگر:**

(ئاماژە بۆ ئەو گالیسکەیە دەکا، کە کاترینی تێدا دەردەکەوێ): ژنێکی تریش لەوێیە. (سەربازێک ڕای دەکێشێتە دەرێ). ئەمە هەموو ئەوانەن کە لێرە دەژین؟

**ژن و پیاوە جووتیارەکە:**

ئەمە کوڕمانە. –ئەمەیش ژنێکی لاڵە .–دایکی لە شارە شت بکڕێ. –بۆ سەودا و مامەڵەی بە شمەکەوە، چونکە زۆر کەس هەڵدێن و شتەکانیان بە هەرزان دەفرۆشن. –فرۆشیاری گەڕۆکن، دێوەرەن.

**ئالاهەڵگر:**

ئاگەدارتان دەکەمەوە، کە هێمنانە ڕەفتار بکەن، ئەگینا، لە کاتی کەمترین دەنگەدەنگدا بە ڕم کوناودەر دەکرێن. پێوستیشم بە یەکێکە ئەو ڕێگەیەم پیشان بدا، کە بەرەو شار دەڕوا. (پەنجە بۆ جووتیارە لاوەکە درێژ دەکا): تۆ، وەرە بۆ ئێرە!

**جووتیارە لاوەکە:**

من هیچ ڕێگەیەک پێ نازانم.

**سەربازی دووەم:**

(بە بزەوە): هیچ ڕێگەیەک پێ نازانێ.



**جووتیارە لاوەکە:**

من خزمەتی کاتۆلیکەکان ناکەم.

**ئالاهەڵگر:**

(بە سەربازی دووەم): ڕمێک بە لاقەبرغەیدا بکە!

**جووتیارە لاوەکە:**

(بە زۆر خراوەتە سەر چۆک و بە ڕمەکە هەڕەشەی لێ دەکرێ): بشمکوژن نایکەم.

**سەربازی یەکەم:**

من دەزانم چۆن ئاقڵ دەبێ. (بەرەو پشتیرەکە دەچێ). دوو مانگا و گایەک. گوێ بگرە: ئەگەر ئاقڵ نەبی، ئاژەڵەکان بەر شمشێر دەدەم.

**جووتیارە لاوەکە:**

ئاژەڵەکان نا!

**ژنە جووتیارەکە:**

(دەگری): جەنابی سەروان، دەست لە ئاژەڵەکانمان هەڵبگرە، ئەگینا لە برسان دەمرین.

**ئالاهەڵگر:**

تۆوتان دەبڕێتەوە، ئەگەر ئەم بە کەللەڕەقی بمێنێتەوە.

**سەربازی یەکەم:**

بە گایەکە دەست پێ دەکەم.

**جووتیارە لاوەکە:**

(بە جووتیارە پیرەکە): دەبێ بیکەم؟ (ژنە جووتیارەکە سەر دەلەقێنێ): دەیکەم.

**ژنە جووتیارەکە:**

زۆر سوپاس، جەنابی سەروان، کە دەستت لە ئێمە نەدا، بۆ هەمیشە، ئامین.

(جووتیارەکە ژنە جووتیارەکە لە سوپاسکردنی زیاتر دەگێڕێتەوە).

**سەربازی یەکەم:**

یەکسەر نەمزانی، کە گایەکەیان بۆیان لە سەرووی هەموو شتێکەیەوەیە!

(بە چاوساغیی جووتیارە لاوەکە، ئالاهەڵگر و سەربازەکان درێژە بە ڕێگە دەدەن).

**جووتیارەکە:**

دەمەوێ بزانم، دەیانەوێ چی بکەن. مەبەستیان باش نییە.

**ژنە جووتیارەکە:**

لەوانەیە تەنیا سووسەکەر بن. چیت دەوێ؟

**جووتیارەکە:**

(پەیژەیەک دەخاتە سەر گوێسەبانەکە و سەردەکەوێ): دەمەوێ ببینم، ئایا بە تەنیان. (لە سەرەوە): لە نێو دارودەوەنەکەدا دەجووڵێتەوە. هەتا کانەبەردەکە شتێک دەبینم. لەوێ لە ڕووتەنیی دارستانەکەدا خەڵکی زرێپۆش دەبینم. تۆپهاوێژێکیش. ئەمە لە بەتالیۆنێک زیاترە. خوا ڕەحم بە شارەکە و ئەوانە بکا کە تێیدان.

**ژنە جووتیارەکە:**

شار ڕووناکی تێدایە؟



**جووتیارەکە:**

هیچ. ئێستا خەوتوونە. (لە پەیژەکە دادەبەزێ). ئەگەر ئەوانە بێنە ژوورەوە، هەمووی بە ڕم دەکوژن.

**ژنە جووتیارەکە:**

پاسەوانەکە لە کاتی خۆیدا دەیانبینێ.

**جووتیارەکە:**

دەبێ پاسەوانی بورجەکەی سەر گردەکەیان لە کۆڵ کردبێتەوە، ئەگینا فووی بە جۆقەکەدا دەکرد.

**ژنە جووتیارەکە:**

ئەگەر ئێمە زۆرتر بووینایە...

**جووتیارەکە:**

تەنیا بەم کەمئەندامەوە لە سەرەوە...

**ژنە جووتیارەکە:**

مەبەستت ئەوەیە ئێمە کە ئێمە ناتوانین هیچ بکەین...

**جووتیارەکە:**

هیچ.

**ژنە جووتیارەکە:**

بە شەو ناتوانین بچینە خوارەوە.

**جووتیارەکە:**

هەموو گردەکە بەرەو خوارەوە پڕە لەوان. ئێمە ناتوانین ئاماژەیەکیش بکەین.

**ژنە جووتیارەکە:**

ئەوان لێرەیش لە سەرەوە دەمانکوژن؟

**جووتیارەکە:**

بەڵی، ئێمە ناتوانین هیچ بکەین.

**ژنە جووتیارەکە:**

(بە کاترین): نزاو دوعا بکە، ئاژەڵی داماو، نزا و دوعا بکە! ئێمە ناتوانین هیچ شتێک دژی ئەم خوێنڕشتنە بکەین. ئەگەر تۆ ناتوانی قسە بکەی، خۆ دەتوانی نزا و دوعا بکەی. ئەو گوێی لێتە، ئەگەر کەس گوێی لێت نەبێ. من یارمەتیت دەدەم. (هەموو خۆیان دەخەنە سەر چۆک، کاترین لە پشتی ژن و پیاوە جووتیارەکەوە). باوکی ئێمە، کە تۆ لە ئاسمانی، گوێت لە نزامان بێ، مەیەڵە شارەکە لەناوچێ بە هەموو ئەوانەوە، کە لە ناویدان و خەو بردوونیەتەوە و ئاگایان لە هیچ نییە. بێداریان بکەرەوە، کە هەڵسن و بەرەو شوورەکان بڕۆن و ببینن، چۆن بە ڕم و تۆپهاوێژ بە شەو بە سەر چیمەنەکاندا، سەربەرەو خوار لە گردەکەوە بۆیان دەچن. (دەگەڕێتەوە بۆ لای کاترین): دایکمان بپارێزە و وا بکە، کە پاسەوانەکە نەخەوێ، بەڵکو بێدار بێتەوە، ئەگینا درەنگە. کۆمەکی شووبراکەمان بکە، لەگەڵ چوار منداڵەکەیدا لە ژوورەوەیە، مەیەڵە بکوژرێن، بێگوناهن و ئاگایان لە هیچ نییە. (بە کاترین، کە دەناڵێنێ): یەکێکیان لە خوار دوو ساڵییەوەیە، گەورەترینیان حەوتە. (کاترین بە شلەژاوییەوە هەڵدەستێ). باوکی ئێمە، گوێت لێمان بێ، چونکە تەنیا تۆ دەتوانی یارمەتیمان بدەی، لەوانەیە لە ناو بچین، لەبەرئەوەی، ئێمە لاوازین و ڕممان نییە و هیچمان نییە و ناتوانین پرکێشیی بکەین و لە دەستی تۆداین بە ئاژەڵ و سەرجەمی ماڵوحاڵمانەوە، شارەکەیش هەروەها، لە دەستی



تۆدایە و دوژمن بە هێزێکی مەزنەوە لەبەر شوورەکانە.

(کاترین بە بێ ئەوەی تێبینی بکرێ بەرەو گالیسکەکە دزەی کردووە، شتێکی دەرهێناوە، خستوویەتییە ژێر بەرکۆشەکەیەوە و بە پەیژەکەدا بۆ سەر پشتیرەکە سەرکەوتووە).

**ژنە جووتیارەکە:**

بیر لە منداڵان بکەرەوە، کە لە مەترسیدان، بەتایبەتی هەرە بچکۆڵەکان، پیرەکان، کە ناتوانن بجووڵێنەوە و هەموو گیانلەبەرێک.

**جووتیارەکە:**

لە گوناهەکانمان خۆش بە، وەکو ئێمەیش لە گوناهکارەکانمان خۆش دەبین. ئامین.

(کاترین لە سەربانەکە دانیشتووە، دەست بە لێدانی لەو تەپلە دەکا کە لە ژێر بەرکۆشەکەیەوە دەری دەهێنێ).

**ژنە جووتیارەکە:**

خوایە، چی دەکا؟

**جووتیارەکە:**

عەقڵی لە دەست داوە.

**ژنە جووتیارەکە:**

بیهێنە خوارێ، خێرا!

(جووتیارەکە بەرەو پەیژەکە ڕادەکا، بەڵام کاترین پەیژەکە هەڵدەکێشێتە سەرەوە).

**ژنە جووتیارەکە:**

تووشی نەگبەتیمان دەکا.

**جووتیارەکە:**

خێرا واز لە تەپڵێدان بهێنە، نوقستان!

**ژنە جووتیارەکە:**

قەیسەرپەرستەکان دەهێنێتە سەرمان.

**جووتیارەکە:**

(لەسەر زەوییەکە بە دوای بەردا دەگەڕێ): بەردت تێ دەگرم!

**ژنە جووتیارەکە:**

بەزەییت نییە؟ هەر دڵت نییە؟ ئەگەر بێنە گیانمان دەفەوتێنن! کوناودەرمان دەکەن.

(کاترین سەیری دوور دەکا، بە سەر شاردا ڕادەمێنێ و لە تەپڵێدان بەردەوام دەبێ).

**ژنە جووتیارەکە:**

(بە پیرەمێردەکە): من یەکسەر پێم وتی، مەیەڵە ئەو هەرچیوپەرچییە بێتە ماڵی ئێمە. چی خەمێتی، ئەگەر دوا ئاژەڵمان ڕاونێن.

**ئالاهەڵگر:**

(لەگەڵ سەربازەکانی و جووتیارە لاوەکەدا بە ڕاکردن دێت): پارچەپارچەتان دەکەم!

**ژنە جووتیارەکە:**

جەنابی ئەفسەر، ئێمە بێ تاوانین، هیچمان نەکردووە. دزەی کردووەتە سەربان. نامۆیە.

**ئالاهەڵگر:**

پەیژەکە لە کوێیە؟



**جووتیارەکە:**

لە سەرەوەیە.

**ئالاهەڵگر:**

(ڕوو دەکاتە سەرەوە): فەرمانت پێ دەدەم، تەپڵەکە فڕێ دە خوارەوە!

(کاترین لە تەپڵێدان بەردەوام دەبێ).

**ئالاهەڵگر:**

هەموو خەریکی پیلانبازین. ئەمەتان لێ بە سەر ناچێ.

**جووتیارەکە:**

لەوبەرەوە لە دارستانەکە سنەوبەریان بڕیوەتەوە. ئەگەر قەدی درەختێک بهێنن و پێی بهێنینە خوارێ...

**سەربازی یەکەم:**

(بە ئالاهەڵگر): تکای مۆڵەت دەکەم پێشنیازێک بکەم. (شتێک بە گوێی ئالاهەڵگردا دەچرپێنێ، ئەویش سەری دەلەقێنێ). گوێت لێیە، ئێمە پێشنیازێک بۆ باشیی دەکەین. وەرە خوارەوە و لەگەڵ ئێمە وەرە بۆ شار، ڕێکوڕاست لە پێشەوە. دایکتمان پێ پێشان بدە ئێمە دەستی لێ دەپارێزین.

(کاترین لە تەپڵێدان بەردەوام دەبێ).

**ئالاهەڵگر:**

(بە ڕەقی پاڵ بە سەربازەکەوە دەنێ): متمانەی پێت نییە، بەم دەم و لچەتەوە سەیر نییە. (بەرەو سەرەوە هاوار دەکا): ئەگەر پەیمانت پێ بدەم؟ من ئەفسەرم و وەعدی شەرەفم هەیە.

(کاترین بەهێزتر تەپڵ لێ دەدا).

**ئالاهەڵگر:**

هیچ شتێک بۆ ئەو پیرۆز نییە.

**جووتیارە لاوەکە:**

جەنابی ئەفسەر، تەنیا لەبەر دایکی نییە!

**سەربازی یەکەم:**

زۆری تر ناخایەنێ. دەبێ لە شار گوێیان لێی بێ.

**ئالاهەڵگر:**

ئێمە دەبێ بە شتێک تەقەتەقێک بکەین، کە لە دەنگی تەپڵەکە بەرزتر بێ. بە چی دەتوانین تەقەتەق بکەین؟

**سەربازی یەکەم:**

بەڵام ئێمە بۆمان نییە هەراوزەنا بکەین.

**ئالاهەڵگر:**

هەراوزەنایەکی بێگوناهانە، گەمژە. نەک هی جەنگ.

**جووتیارەکە:**

دەتوانم بە تەور دار ببڕمەوە.

**ئالاهەڵگر:**

ئا، بیبڕەوە. (جووتیارەکە تەورەکە دێنێ و لە قەدی درەختەکە دەدا). زۆر تر ببڕەوە! زیاتر! تۆ بۆ ژیانت دەبڕیتەوە!

(کاترین گوێی هەڵخستبوو، لەو سەروبەندەدا نزمتر تەپڵی لێ دا. بە نائارامی بە هەموو لایەکدا گوێ هەڵدەخا، ئێستا درێژە بە تەپڵلێدان دەدا).

**ئالاهەڵگر:**

(بە جووتیارەکە): لاوازە. (بە سەربازی یەکەم): تۆیش ببڕەوە.





**جووتیارەکە:**

تەنیا یەک تەورم هەیە.

(دەست لە داربڕین هەڵدەگرێ).

**ئالاهەڵگر:**

دەبێ خانووەکە بسووتێنین. دەبێ قانگی بدەین.

**جووتیارەکە:**

جەنابی سەروان، سوودی نییە. ئەگەر لە شارەوە لێرە ئاگر ببینن، هەموو شتێک دەزانن.

(کاترین لە کاتی تەپڵلێداندا جارێکی تر گوێی هەڵخستبوو. ئێستا پێ دەکەنێ).

**ئالاهەڵگر:**

سەیرکە، پێمان پێ دەکەنێ، تەحەمول ناکەم. ئێستا بە گوللە دەیخەمە خوارەوە ئەگەر هەموو شتێکیش ئاو ببا. تفەنگەکانم بۆ بهێنن!

(دوو سەرباز ڕادەکەن. کاترین هەر تەپڵ لێ دەدا).

**ژنە جووتیارەکە:**

جەنابی سەروان، دۆزیمەوە. گالیسکەکەی لەوێ وەستاوە. ئەگەر ئێمە بیشکێنین، واز دەهێنێ. جگە لە گالیسکەکە هیچی تریان نییە.

**ئالاهەڵگر:**

(بە جووتیارە لاوەکە): بیشکێنە. (ڕووی قسەی دەکاتە سەربان): ئێمە گالیسکەکەت دەشکێنین، ئەگەر لە تەپڵلێدان نەکەوی.

(جووتیارە لاوەکە بە تەختەدارێک چەند جارێک بە هێواشی لە گالیسکەکە دەدا).

**ژنە جووتیارەکە:**

وازبێنە، حەیوان!

(کاترین سەیری گالیسکەکە دەکا و دەنگی کەساسانەی لێوە دێ. بەڵام هەر لە تەپڵلێدان بەردەوام دەبێ).

**ئالاهەڵگر:**

ئەو هیچوپووچانەی چوون تفەنگەکان بێنن چییان لێهات؟

**سەربازی یەکەم:**

بەوە دەچێ هێشتا لە شار گوێیان لە هیچ نەبووبێ، ئەگینا گوێمان لە تۆپەکانیان دەبوو.

**ئالاهەڵگر:**

(بەرەو سەربان): هەر گوێیشیان لێت نییە. ئێستا بە گوللە دەتکوژین. بۆ دواجار: تەپڵەکە فڕێ دە خوارێ!

**جووتیارە لاوەکە:**

(لە پڕ تەختەدارەکە فڕێ دەدا): لە تەپڵلێدان بەردەوام بە! ئەگیان هەموو تۆویان دەبڕێتەوە! لە تەپڵلێدان بەردەوام بە، لە تەپڵلێدان بەردەوام بە...

(سەربازەکە جووتیارە لاوەکە دەخاتە سەر زەوی و بە ڕمەکە لێی دەدا. کاترین دەست بە گریان دەکا، بەڵام لە تەپڵلێدان بەردەوام دەبێ).

**ژنە جووتیارەکە:**

لە پشتی مەدەن! بۆ خاتری خوا، لە پشتی مەدەن، ئێوە بە



لێدان دەیکوژن!

(سەربازەکان بە ڕاکردن بە تفەنگەکانەوە دێن).

**سەربازی دووەم:**

ئالادار، سەرهەنگ کەفی هەڵچڕاندووە. دەماندەنە دادگای جەنگ.

**ئالاهەڵگر:**

دای مەزرێنە! دای مەزرێنە! (بەرەو سەرەوە، لە کاتێکدا تفەنگەکە لە سەر سێپێیەک دادەمەزرێنرێ): بۆ دواجار: واز لە تەپڵلێدان بهێنە!

(کاترین بە دەم گریانەوە هەتا بۆی بکرێ بە دەنگی بەرز تەپڵ لێ دەدا).

تەقە بکەن!

(سەربازەکان تەقە دەکەن. کاترین دەپێکرێ، هێشتا چەند جارێک تەپڵ لێ دەدا ئەمجا بە هێواشی دەکەوێ).

**ئالاهەڵگر:**

ئەو هەراوزەنایە کۆتایی هات!

(بەڵام گرمەی تۆپەکانی شار جێی دەنگی دوا دەنگی تەپڵلێدانەکانی کاترین دەگرنەوە. لە دوورەوە لێدانی زەنگی پەلامار و گرمەی هاوەن دەبیسترێ).

**سەربازی یەکەم:**

کچەکە کاری خۆی کرد.

## ١٢

(دەمەوبەیانە. تەپڵ و شاوری هێزی پیادە دەبیسترێ، کە دوور دەکەونەوە).

(لە بەردەم گالیسکە دارینەکەدا دایکە ئازا لای کچەکەی لەسەر چیچکان دانیشتووە. جووتیارەکان لە تەنیشتییەوە وەستاون).

**جووتیارەکە:**

(نەیارانە): ژنەکە، دەبێ لێرە برۆن. تەنیا بەتالیۆنێک لە دواوەیە. بە تەنیا ناتوانن برۆن.

**دایکە ئازا:**

لەوانەیە خەوتبێ.
(گۆرانی دەڵێ):
لایە، لایە
چی لە پووشدا خشەی دێ؟
منداڵانی دراوسێکان دەگرین
ئەوانەی من ئاسوودەن.
ئەوانەی دراوسێکان بە شڕەوپڕەوە دەڕۆن
تۆ لە ئاورێشمدا دەڕۆی
لە پۆشاکی فریشتەیەکەوە چێ کراوە.
ئەوانەی دراوسێکان پارووییەکیان نییە
تۆیش کێکت دەدرێتێ



ئەگەر بۆت وشکە
تەنیا یەک وشە بڵێ.
لای لایە
چی لە پووشدا خشەی دێ؟
یەکێک لە پۆڵۆنیا کەوتووە
ئەوی تریان کێ دەزانێ لە کوێ.
نەدەبوو باسی منداڵانی شووبرای بۆ بکەی.

**جووتیارەکە:**

ئەگەر ئێوە نەچووبوونایە بۆ شار تا قازانجی زۆر بکەن، لەوانە بوو ئەمە ڕووی نەدایە.

**دایکە ئازا:**

ئێستا نووستووە.

**ژنە جووتیارەکە:**

نەنووستووە، دەبێ تێ بگەن، گیانی لەدەست داوە.

**جووتیارەکە:**

دەبێ خۆیشتان بە ڕێ بکەون. ئەمانە گورگەکانن، ئەوەی بەدترە، تالانکەرەکانی بەتالیۆنن.

**دایکە ئازا:**

بەڵێ.

(دەڕوا و مشەمایەکی گەورە لە گالیسکەکەوە دەهێنێ بۆ ئەوەی مردووەکەی پێ داپۆشێ).

**ژنە جووتیارەکە:**

کەسی ترت نییە؟ کە بتوانی بچی بۆ لای؟

**دایکە ئازا:**

بەڵێ، یەکێک. ئایلیف.

**جووتیارەکە:**

(لە کاتێکدا دایکە ئازا مردووەکە دادەپۆشێ):

دەبێ بیدۆزنەوە، ئێمە مشووری ئەوە دەخۆین کە بە ڕێکوپێکی بنێژرێ. دەتوانی بە تەواوی دڵنیا بی.

**دایکە ئازا:**

ئەوە پارەیە بۆ مەسرووفەکان.

(پارە دەژمێرێ و دەیداتە دەستی جووتیارەکە).

(جووتیارەکە و کوڕەکەی تەوقەی لەگەڵ دەکەن و کاترین هەڵدەگرن).

**ژنە جووتیارەکە:**

(ئەویش بە دەم سەر دانەواندنەوە تەوقەی لەگەڵ دەکا. بە دەم ڕۆیشتنەوە): پەلە کەن!

**دایکە ئازا:**

(خۆی بە پێشەوەی گالیسکەکەوە دەبەستێ):

هیوادارم بە تەنیا گالیسکەکە ڕابکێشم. دەتوانم، شتی زۆر تێدا نییە. دەبێ جارێکی تر بکەومە سەودا و مامەڵە.

(بەتالیۆنێکی تر بە شاور و تەپڵەوە لە پشتەوە بەوێدا تێ دەپەڕێ).

**دایکە ئازا:**

(ڕادەکێشێ):

لەگەڵ خۆتان بمبەن!



(لە پشتەوە دەنگی گۆرانی دەبیسترێ):

بە بەدبەختی و بە مەترسییەوە
جەنگ کەمێک درێژە دەکێشێ.
جەنگ، سەد ساڵ دەخایەنێ
ڕەشەخەڵک قازانجی نییە.
خواردنەکەی پیس و، پۆشاکی شڕەوپڕە!
بەتالیۆن نیوەی مووچەکەی دەدزێ.
بەڵام لەوانەیە هێشتا پەرجوو ڕوو بدا:
پەلامار هێشتا کۆتایی نەهاتووە!
بەهار دێ! تۆ ڕابە! مەسیح!
بەفر دەتوێتەوە! مردووەکان ئارامن!
ئەوەی هێشتا نەمردووە
ئێستا خۆی ئامادە دەکا.